

کارگەی ئەلەمنیۆمی شابان



### راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و مانادانەوە بە فرەحزبی و پێکەوەژیان

# کاتێک بێدەنگی و دان بەخۆداگرتن دەبێتە ئەو زمانەی کۆدی جنێودان و رەفتاری تێکدان و ئاژاوەگێڕی بەتاڵ دەکاتەوە

**بچووک بوونەوەی بازنەی ئەقڵییەتی شەڕانگێزی نەوشیروان مستەفا و عەلی باپیر، بۆ هەردووکیان و بەشێک لە گۆڕان و بەشێک لە کۆمەڵی ئیسلامی، ئەمە مانای ئەوەیە لەناو بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیشدا، جۆرێک لە بۆچوونی جیاواز بەرامبەر بۆچوونەکانی نەوشیروان مستەفا و عەلی باپیر دروست بوون و هەستێک هەیە و پەی بەوە بردووە کە شوێنکەوتنی کوێرانە کارەساتی گەورە بەسەر ئایندەی ئەو دوو حزبەدا دەهێنێت**

**ئەم سیاسەتە تاکتیکییەی عەلی باپیر لەگەڵ ئەوەی بۆ ژینگەی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی کوردستان جۆرێک لە نیگەرانی دروستکردووە، بەڵام ئەگەر خۆی بەلایەکدا ساخ نەکاتەوە، ئەوا سەرەنجام دەبێت وەک بزووتنەوەی گۆڕانەکەی نەوشیروان مستەفا بیر لە خۆهەڵوەشاندنەوە، یان خۆ تێکەڵکردنەوە لەگەڵ حزبێکی دیکە بکات**

ساڵی پار پیلانی نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ هەڵکوتانە سەر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەڤەری سلێمانی و ڕاپەڕین و گەرمیان و هەڵەبجە بۆ ئەو مەبەستە بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك وەك کاردانەوە هەموو بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕان بسووتێنێت، ئەمەش ئەو ئامانجە بوو کەلتوری جنێودان و ئاژاوەگێڕی و بارەگا سووتاندن و یەکتری سڕینەوە و ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکە، جێگەی سیاسەت و پیادەکردنی دیموکراتی و پێکەوەژیان بگرێتەوە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان لەبری ئەم کاردانەوە ناشارستانییە، بێدەنگی و دان بەخۆداگرتنی کردە ئەو زمانەی کە کۆدی پیلانی جنێودان و ئاژاوەگێڕی و هەڵکوتانە سەر بارەگای حزبییەکان بەتاڵ بکاتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی گوشارێکی گەورەی ئەندامان و کادیرانی خۆی لەسەر بوو، کە هەموویان داوای کاردانەوەیان لێدەکرد، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دا کەلتووری جنێودان و ڕەفتاری تێکدەرانە و ئاژاوەگێری و هەڵکوتانە سەر بارەگای حزبەکان کۆتایی پێبهێندرێت و، سیاسەت و فرەحزبی و پێکەوەژیان لەسەر قاعیدەیەکی ئەخلاقیی نوێ بونیادبنرێتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە دان بەخۆداگرتن و بێدەنگی و پاراستنی بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك، هەوڵیدا نەوشیروان مستەفا و گۆڕان بەهۆش خۆیان بێننەوەو بگەڕێنەوە بۆ ناو پرۆسەی سیاسی و چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان بە زمانی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و دروستکردنی سازانی نیشتمانی لەسەر ئەو پرسانەی ڕەهەندی نەتەوەیی و نیشتمانییان هەیە، بەڵام غرووری نەوشیروان مستەفا و هەندێك لە هەڵسووڕاوانی ئەو بزووتنەوەیە، زمانی بێدەنگی و دان بەخۆداگرتنیان وەك تەسلیمبوون و چۆکدادانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر کەلتووری جنێودان و ئاژاوەگێڕی و سووتاندنی بارەگاکان لێکدایەوە، بۆ ئەمەش بەشێکی دیکەی بەرنامەی پیلانە داڕێژراوەکەیان بۆ تێکدانی سەقامگیری و تەناهی کوردستان ئەوە بوو، کە ژینگەی ئاژاوەگێڕی و کەلتووری جنێودان و یەکتری سڕینەوە بگوازنەوە بۆ ناو پەرلەمان، بۆ ئەوەی ژینگەی سەقامگیری و تەناهی هەولێر تێکبچێت و لەناو ئەو ژینگە ئاژاوەگێڕییەدا هێرش بکرێتە سەر کونسوڵخانەی دەوڵەتان و کۆمپانیا بیانییەکان بۆ ئەوەی کوردستان بەجێبهێڵن وپرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان شکست بهێنێت.

لەبەردەم ئەم پیلان و ئاژاوەگێڕییەدا، پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتە بەردەم چەندڕیانیی چەندین بژارە کە هەر باشەکەیان لەناو ئەو بژارانەدا، خراپەکەیان بوو، بۆیە بەناچاری لەنێوان بژارەی (خراپ و خراپتر و خراپترین)دا، بژارە خراپەکەی هەڵبژارد.

پارتی لە ڕۆژانی یەکەمی پیلانە ترسناکەکەی نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان کە ئامانجیان ئەوە بوو کوردستان بسووتێنن، بە زمانی بێدەنگی و دان بەخۆداگرتن هەردوو بژارەی (خراپتر و خراپترینی) تێپەڕاندبوو، بۆیە مابووەوە بڕیار لەسەر بژارە خراپەکە بدات، کە ئەویش دانانی سنورێك بوو بۆ نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان و هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێککەوتنە بوو کە پارتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێی دابوو، ئەمەش بەو مانایەی کاتێك نەوشیروان مستەفا و بەشێکی بزووتنەوەی گۆڕان، بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و حکومەت، بۆ تیکدانی پرۆسەی سیاسی و هەڵوەشانەوەی حکومەت تێگەیشتبن، ئەوا دەبێت ئەو لایەنە لەناو پرۆسە سیاسییەکە بکرێتەدەرەوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی بەشێکی دیکەی پیلانەکەیان هەوڵدان بوو بۆ ئەوەی شکۆی پەرلەمانی کوردستان بشکێندرێت و لە دامەزراوەیەکی شەرعییەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی کوردستان بگۆڕێت بۆ بەشێك لە کێشەکە و گۆڕینی خودی پەرلەمان بە ئامێرێکی سەربازی بۆ تێکدان و سووتاندنی کوردستان، ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوازێکی مەدەنی و سەردەمییانە یوسف محەمەدی هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان و سەرۆکی ئەو کاتی

پەرلەمانی ئاگادار کردەوە، ئەمجارەشیان وەك ١٩ی ئابی ٢٠١٥، پەرلەمان نەکاتەوە بە ئامێرێکی سەربازی بۆ تێکدانی سەقامگیریی کوردستان، بەڵام ئەم هەڵسووڕاوەی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیدەزانی مانای پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان چییە، تەحەددای ئەم ئاگادارکردنەوە مەدەنی وسەردەمییانەیەی پارتی دایەوە و بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ هەولێر و رۆژی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ چۆن رەفتاری کردووەو پاشان تێکشکا، ئەمجارەیان هەمان رەفتار دووبارە بکاتەوەو تۆڵەی شکستەکەی بکاتەوە، هەر بۆیە کاتێك یوسف محەمەد لەسەر راسپاردەی نەوشیروان مستەفا نەیویست رێزی شکۆی پەرلەمانی کوردستان و رێزی خۆی وەك سەرۆکی پەرلەمان بگرێت، پارتی ناچار بوو پێی بڵێ فەرموو بگەڕێوە بۆ گردەکەی زەرگەتەو لەناو مەکۆی سەرەکیی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، پیلانە فاشیلەکەی خۆت و نەوشیروان مستەفای رێکخەرەکەت جێبەجێ بکە.

**● دوای باسکردنی پرسی سەربەخۆیی لەگەڵ کۆشکی سپی پیلانی سووتاندنی کوردستان دەستی پێکرد**

لە مانگی ئایاری ٢٠١٥ و پێش ئەوەی سەرۆك بارزانی بە یاوەری شاندێکی هاوبەشی کوردستانی وەڵامی داواتنامە فەرمییەکەی سەرۆك ئۆباما بداتەوە، لە سلێمانی سەردانی مام جەلالی کرد، ئەوجا سەردانە فەرمییەکەی بۆ واشنتۆن دەست پێکرد. دیارە ئامانجی سەرەکیی بارزانی لەم سەردانەی و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و جۆزیف بایدنی جێگری سەرۆك و وەزارەتی دەرەوەو پێنتاگۆن، بێجگە لە پیشاندانی یەکڕیزیی نێومالّی کوردستان، کۆمەڵێك پرسی هەمەلایەنەی لەخۆی گرتبوو، بەڵام لەسەرووی هەموو ئەو پرسانەوە باسکردنی پرسی سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و کۆشکی سپی ئامانجی سەرەکی سەردانەکەی بارزانی بوو. ئەمەش یەکەمینجار بووە لە مێژووی بزووتنەوەی رزگایخوازیماندا، کە سەرۆکی کوردستان راستەوخۆ و راشکاوانە باسی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ سەرۆك و ئیدارەی کۆشکی سپی بکات و، لەبەرامبەردا سەرۆکی ئەمریکا و کۆشکی سپی دژی ئەو پرۆسەیە نەبن، بەڵکو سەرۆك ئۆباما و کۆشکی سپی پێشنیاریان بۆ شاندی کوردستان ئەوە بووە، پرسی سەربەخۆیی بکەنە پرۆسە و خۆتانی بۆ ئامادەبکەن، ئەمەش بەو مانایەی ئەو دەوڵەتی ئەمری واقیعەی ئێستا لەکوردستان بوونی هەیە، لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی نیشتمانیدا، بەرەو قۆناخەکانی دیکە وەك، یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە بە دیالۆگ لەگەڵ عێراق، رێککەوتن لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی دراوسێ ( تورکیا و ئێران) ئەوجا هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی هەنگاو بنێت.

بارزانی لەمیانەی ئەم سەردانەیدا لەلایەن چەندین ناوەندی فیکر و لێکۆڵینەوە، کۆڕ و کۆبوونەوەی لەگەڵ بیرمەندان و پسپۆڕان و دیپلۆماتکارانەوە بۆ گرێدرا و بەتایبەتی ئەوانەی بایەخ بە پرسی کوردستان و عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدەن، لەمیانەی ئەم کۆڕ و کۆبوونەوەدا پسپۆڕان و دیپلۆماتکاران زۆر مەبەستیان بوو لە زاری بارزانی-یەوە بە وردەکاری پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان ئاشنا بن، بۆیە سەرۆك بارزانی زۆر راشکاوانە پێی راگەیاندن «پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەستی پێکردووە.» دیارە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان ماوەیەکی باشی دەوێت و لەو کاتەشدا سەرۆك بارزانی تەنیا یەك مانگی مابوو پۆستەکەی تەواو بێت، بۆیە ئەو پرسیارەی رووبەڕوو کرایەوە، ئایا سەبارەت بە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چی دەڵێن؟ ئەویش لەوەڵامدا پێی گوتن: «پێش ئەم سەردانە، ئەم پرسە دراوەتە دەست حزبەکانی کوردستان، ئەوان کۆدەبنەوە و لەسەر هەر شێواز و میکانیزمێك رێککەوتن، ئەوا منیش ئەو رێککەوتنە جێبەجێ دەکەم کە حزبەکان بڕیاری لەسەر دەدەن.» ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوەی لای بارزانی گرنگە دەستپێکردنی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستانە وەك (پرۆسە)، نەك پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

ئەگەر سەرنج لە راگەیاندنی (دەستپێکردنی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لە واشنتۆنەوە) بدەین کە سەرۆك بارزانی ئەم پرسەی بە ئامادەبوونی نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی و

**عەلی باپیر و بەشێکی کۆمەڵی ئیسلامی دەزانن، کە هیچ ئایندەیەکی گەش لەناو پرۆسەی سیاسی کوردستاندا چاوەڕێی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا ناکات، تەنیا ئایندەیەک کە چاوەڕێی بکات، ئەوەیە کە گۆڕان لەگەڵ باڵی زۆرینەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی یەکبگرێتەوە و خۆی هەڵوەشێنێتەوە، لەم حاڵەتەشدا کە عەلی باپیر هەمان رێگەچارەی نەوشیروان مستەفای لەبەردەمدا نییە کە پەنای بۆ بەرێت، ئەوا بەشێوەیەکی تاکتیکی خۆی بە نەوشیروانەوە گرێداوە**

**لە ئێستادا تەنیا لایەنێک کە وەک تاکتیک خۆی گرێداوەتەوە بە سیاسەتەکانی نەوشیروان و دەیەوێت ئەوەی بە خۆی ناکرێت لە رێگەی گۆڕان و نەوشیروانەوە ئەنجامی بدات، عەلی باپیر و بەشێک لە کۆمەڵی ئیسلامی-یە، ئامانجی ئەم هاوپەیمانییە تاکتیکییەی عەلی باپیر لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، تەنیا رەهەندێ لەخۆی دەگرێت و ئەویش لە دژایەتی سەربەخۆیی کوردستاندا یەکدەگرنەوە**



**لەو کاتەی لەناو شاری سلێمانی حزبەکان لە کۆبوونەوەدا بوون، بزووتنەوەی گۆڕان کۆمەڵێک هەرزەکار و مێرمنداڵی ناردە سەر ئەو ئۆتێلەی کۆبوونەوەکانی تێدا بەڕێوەچوو، ئەمەش بەو نیازەی لە ژێر هەڕەشەو گوشاری هەڵکوتانە سەر شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان، تا شاندەکە ناچار بێت تەسلیمی ئیرادەی خۆسەپێنی بزووتنەوەی گۆڕان ببێت، بەمەش کۆتایی بە کۆبوونەوەکانی پێنج لایەنە سیاسییەکە هات و نەوشیروان ئەمجارەیان خۆی لەگەڵ ئاژاوەو فیتنە و هەڵکوتانە سەر بارەگاکانی پارتی تاقیکردەوە، بەڵام ئەنجامی ئەمەش بە کردنە دەرەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە پرۆسە سیاسییەکە کۆتایی هات**

بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان باسکردبوو، ئەوا راشکاوانە ئەوە دەخوێننینەوە کە مەبەستی بارزانی ئەوە بووە هەموو لایەنەکانی کوردستان خۆیان بە خاوەنی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بزانن و پرسەکە لەوە بچێتە دەرەوە کە ئەمە پرۆسەی سەرۆك بارزانی، یان پرۆسەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵکو ئەمە پرۆسەیەکی کوردستانییەو دەبێت هەموو لایەنەکان هەر یەك بە قەبارەی خۆی شان بداتەبەری بۆ ئەوەی پرۆسەکە سەرکەوتوو بێت.

شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی، بەو نییەت و ئامانجە گەڕانەوە کوردستان، کە ئاکامی ئەم سەردانە مێژووییە لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان باس بکەن. ئەوە بوو لە رۆژی ١٨ی ئایاری ٢٠١٥ هەموو حزبەکان پێکەوە رێککەوتن کە ژوورێکی عەمەلیات بۆ کارکردن لەسەر پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دروست بکەن، هەروەها چەند سەرچاوەی باوەڕپێکراو بە گوڵان-یان راگەیاندووە کە نییەتی بارزانی دوای سەردانەکە، ئەوە بووە کە بۆ زیاتر پاراستنی یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان، کۆبوونەوەی حزبە سیاسییەکان بۆ دەست بەکاربوون لە ژووری عەمەلیات بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بباتە مەکۆی سەرەکیی بزووتنەوەی گۆڕان و شەخسی نەوشیروان مستەفا رێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان رۆڵێکی کاریگەر لەو ژوورەدا بۆ سەرخستنی پرۆسەی سەربەخۆی کوردستان بگێڕێت، بەڵام بەداخەوە بە پێچەوانەی ئەو نییەتە پاك و نیشتمانییەی سەرۆك بارزانی، نەوشیروان مستەفا پیلانی بۆ پەکخستنی ئەم پرۆسەیە دارشت و کوردستانی گێڕایەوە بۆ ناو گێژاوی ئاژاوە و ململانێی ناتەندروستی حزبایەتی.

## ● لە نێوان ١٨ی ئایار و ٢٣ی حوەزیران و ١٩ی ئابی ٢٠١٥دا وەرچەرخانێکی دراماتیکی ترسناك

لە ١٨ی ئایاری ٢٠١٥، هەموو خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئەوەبوون، ژووری عەمەلیات



بۆ سەرخستنی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان چۆن دەست بەکار دەبێت و حزبەکان چۆن هەموویان پێکەوە بەرنامە بۆ ئەم پرۆسەیە دادەڕێژن، بەڵام مخابن پیلانی نەوشیروان مستەفا ئەوە بوو، چۆن ڕێگری لەوە بکات ئەم ژووری عەمەلیاتە دەست بەکاربێت و پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان شکست پێبهێنێت.

ئەوەی لێرەدا گرنگە بۆ مێژوو بگوترێت، ئەوەیە کە هەتا دوای ڕۆژی ١٨ی ئایاری ٢٠٠٥، هیچ لایەنێکی سیاسی پڕۆژەی نەبووە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، تەنانەت پارتی دیموکراتی کوردستانیش، هەرگیز لەو قەناعەتەدا نەبوو کە لەکاتێکی ئاوا هەستیار و مێژوویدا، لایەنێکی سیاسی پیلانێکی بەوجۆرە بۆ تێکدانی پرۆسەی سەربەخۆیی و سووتاندنی کوردستان دابڕێژێت، بۆیە ئەگەر سەرنج لە ڕۆژەکانی نێوان ١٨ی ئایار و ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ بدەین و بە تۆماری کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانی شاندی پارتی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکاندا بچینەوە، ئەوا نییەتپاکیی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر هەموو لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و بزووتنەوەی گۆڕان بەتایبەتی گەیشتبووە ئەو ئاستەی ڕاشکاوانە جەختیان لەوە دەکردەوە کە دەبێت هەموو لایەک پێکەوە سوود لە ئەزموونی یەکتری وەربگرین و ئەو قۆناخە هەستیارو ناسکە لە مێژووی نەتەوەکەمان بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنین. بۆیە لە دیدی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پرسەکان بەوجۆرە دەخوێندرانەوە، مادام بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی گەلی کوردستان توانی لەبەرامبەر دەوڵەتێکی تیرۆریستی دڕندەی وەك داعش ڕابوەستێت و سەرکەوتنی گەورە تۆمار بکات و سەرنجی هەموو جیهان ڕابکێشێت و ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییەش بۆتە هەوێنی دەستپێکردنی پرۆسەی سەربەخۆیی، ئەوا پرسی تێڕوانینی جیاواز بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، مەسەلەیەکی هێندە گەورە نییە حزبەکان نەتوانن لەسەری

**ساڵێک پێش ئێستا ژینگەی سیاسیی سلێمانی بە ئەقڵییەتی ناوچەگەرایی نەوشیروان مستەفا بەجۆرێک جۆش درابوو، کە هەڵسووڕاوەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بە ئاشکرا دژایەتی سەربەخۆیی کوردستانیان دەکردو زۆر بێباکانە باسی جیاکردنەوەی سلێمانییان لەکوردستان دەکردو بانگەشەیان بۆ دوو ئیدارەیی دەکرد**

**ئامانجی نەوشیروان مستەفا نەک هەر یەکریزیی نێوماڵی کوردستان و نێوان لایەنە سیاسییەکان نییە، بەڵکو ئامانجی ئەوەل و ئەخیری ئەم پیاوە تێکدان و ئاژاوەیە، هەروەک چۆن یەکێتی نیوماڵی یەکێتی نیشتمانی-یشی بە گۆڕینی ناوی کاندیدی پۆستی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تێکدا**

**ئەوەی نەوشیروان پیلانی بۆ دانابوو، ئەوە بوو بزووتنەوەی گۆڕان وەک هێزێکی جەماوەری و یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک هێزێکی خاوەن پێشمەرگە و پارە دەتوانن یەکبگرن و هاوسەنگیی هێز بەرامبەر پارتی بگۆڕن، ئێستا فەرماندەی یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ و وەزارەتی پێشمەرگە هەموویان پێکەوە لەژێر فەرماندەیی گشتی هێزەچەکدارەکانی کوردستان، پرۆسەی سەربەخۆیی بەرەو کەناری ئارام دەبەن**

**لەکاتێکدا نەوشیروان سەرمەستی ئەوە بوو بەشێکی پیلانەکەی بەسەرکەوتوویی جێبەجێکراوە، بەڵام لەوە بێ ئاگا بوو کە بەشی دووەمی پیلانەکەی کە تەواوکردنی کودەتاکەیەتی بەتەواوەتی لای هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکان و بەشێکی حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئاشکرابووە**

ڕێکبکەون، هەروەها لەدیدی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەوجۆرە سەیری ئەم پرسە دەکرا، هەتا ئەگەر تێڕوانینی جیاوازی حزبەکان لەسەر ئەم پرسە لە چوارچێوەی کۆبوونەوەی نێوان حزبەکانیشدا نەگەنە ڕێککەوتن، ئەوا هاوکات پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی بۆ نووسینەوەی دەستووری کوردستان پێکهێناوەو دەکرێت ئەم پرسە لەناو نووسینەوەی پڕۆژەی دەستووری کوردستان چارەسەر بکرێت، پاشانیش گەلی کوردستان کە دەنگ لەسەر پڕۆژەی دەستوورەکە دەدات، ئەوا کێشەکە چارەسەر دەکرێت.

بەڵام دیسان بەداخەوە، شەخسی نەوشیروان مستەفا کە سەرپەرشتی ئەو پیلانە ترسناکەی دەکرد، هەوڵیدا بە ڕێگەی زۆرینەی پەرلەمانی هەموو پرسەکانی کوردستان بهێنێتەوە خاڵی سفر، ئەمانە هەموو لەکاتیکدا بوون کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر ئەو پیلانە ترسناکە خافڵگیربوو، نییەتپاکیی پارتی بەوجۆرە بوو بەرامبەر شەخسی نەوشیروان مستەفا، کە ئەو ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستاندا بگێڕێت، بەڵام لەبەرامبەردا پیلانی رق و کینەی نەوشیروان مستەفا گەیشتبووە ئەوەی کودەتا بەسەر پارتی و کوردستاندا بکات، لەمەش زیاتر شێوازی مامەڵەی نەوشیروان مستەفا بە ئاشکرا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەجۆرێك بوو، بە نهێنیش بۆ دروستکردنی زۆرینەی پەرلەمانی و ئەنجامدانی کودەتاکەی بە جۆرێکی دیکە بوو، بۆیە لەم ژینگە نارۆشنەی نەوشیروان دروستی کردبوو، پارتی لەوە بێ ئاگابوو کە کودەتایەك بەڕێوەیە، بۆیە لە ڕۆژی ٢٣ی حوزەیران نیسابی یاسایی بۆ دانیشتنی پەرلەمان دروست بوو، کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرا، ئیدی دەستەکانی پشتەوەی ئەو کودەتایە ئاشکرابوون، راستە هەندێك ئەندام پەرلەمانتاری لایەنەکانی دیکە ئەوانیش خافڵگیرانە ئامادەی کۆبوونەوەکەی ٢٣ی حوزەیران بوون، بەڵام دواتر بۆ ئەو لایەنانەش روون بووەوە کە پرسەکە بریتیی نییە لە هەمواركردنەوەی یاسایەك، بەڵكو ئەمە کودەتایەکە بۆ لەباربردنی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان و دروستکردنی فیتنەو ئاژاوەیەکی گەورە لە کوردستاندا.

لەدوای ٢٣ی حوزەیران کە لای نەوشیروان مستەفا بەشی یەکەمی پیلانەکەی بەسەرکەوتوویی جێبەجێ کرابوو، غرووربیەکی شێتانەی ئەوتۆ دروست بوو کە بێجگە لە بەتۆمەت بەشینەوە و پەرەپێدانی کەلتووری جنێودان و یەکتری سڕینەوە، گوێی لە هیچ شتێکی دیکە نەدەگرت، بەڵام لەبەرامبەردا لەدوای ئەو بەروارەوە هەتا ١٩ی ئابی ٢٠١٥، لایەنە سیاسییەکان و هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر لەمەترسی ئەم پیلانە تێدەگەیشتن، هەربۆیە لەکاتێکدا نەوشیروان سەرمەستی ئەوە بوو بەشێکی پیلانەکەی بەسەرکەوتوویی جێبەجێکراوە، بەڵام لەوە بێ ئاگا بوو کە بەشی دووەمی پیلانەکەی کە تەواوکردنی کودەتاکەیەتی بەتەواوەتی لای هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکان و بەشێکی حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئاشکرابووە، بۆیە دیسان بەهەمان ریتم و رەفتاری پێش ٢٣ی حوزەیران بە دوو شێوە کاری لەسەر پیلانەکەی دەکرد، لەسەر ئاستی قسەکردن لەگەڵ حزبەکان بەو شیوەیە قسەی دەکرد کە ئەم پرسە بە دیالۆگ چارەسەر دەکرێت، بە نهێنیش کاری بۆ ئەوە دەکرد، چۆن ڕۆژی ٢٣ی حوزەیران بە زۆرینەی پەرلەمان بەشی یەکەمی پیلانەکەی جێبەجێ کرد، لە ١٩ی ئابیش بەشەکەی دیکەی جێبەجێ بکات، بەڵام بە یەك دوو ڕۆژ پێش ١٩ی ئاب، ئەمریکا و بەریتانیاو نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان بەهەموو قورسایی خۆیان هاتنە ناو پرۆسەکەو هەوڵیاندا هاوکاری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی ڕێگە لەوە بگرن فیتنەو ئاژاوە لەکوردستان دروست بێت، بۆ ئەمەش بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و بەریتانیا هەر پێنج لایەنە سیاسییەکە بۆ ماوەی ١٩ کاتژمێر کۆبوونەوەیان کرد بۆ ئەوەی ڕۆژی ١٩ی ئاب پەرلەمان ئەو کۆبوونەوەیە دوابخات، بەڵام نەوشیروان مستەفا غرووریەکەی گەیشتبووە ئەو ئاستەی ئەو فرسەتەی بۆ هاتۆتەپێشەوە لەدەستی نەدات و کودەتاکەی بەسەر پارتیدا تەواو بکات، هەربۆیە کاتێك لە ڕۆژی ١٩ی ئاب یوسف محەمەد کە پێداگیری کرد لەسەر ئەوەی هەر دەبێت پەرلەمان کۆبوونەوەی خۆی

بکات، ئەوە بوو نیسابی یاسایی تەواو نەبوو، بەمەش بەشی دووەمی پیلانەکەی نەوشیروان مستەفا شکستی هێنا و کوردستان پێی نایە قۆناغێکی دیکەوە.

## ● قۆناخی راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و هەوڵەکانی نەوشیروان مستەفا بۆ سووتاندنی کوردستان

دوای ئەوەی لە ١٩ی ئابی ٢٠١٥ یوسف محەمەدی هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر راسپاردەی نەوشیروان مستەفا پرۆسەی رێککەوتنی هەموو لایەنە سیاسییەکانی (بە شاهیدی بەریتانیا و ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان) لە ژێرپێ نا، ئیدی پەرلەمانی کوردستان بووە لاشەیەکی بێگیان، ئەمەش بەو مانایەی چیتر پەرلەمانی کورستان نەیدەتوانی لەسەر هیچ پرسێك کۆبوونەوە بکات، یان بتوانێت هیچ کێشەیەك چارەسەر بکات.

پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ١٩ی ئابی ٢٠١٥ و ئەو شکستە گەورەیەی بەسەر پیلانەکەی نەوشیروان مستەفا هات، وەك لایەنێکی دۆڕاو لە پرۆسە سیاسییەکەدا مامەڵەی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان نەکرد، بەڵکو جارێکی دیکە ئامادەباشی و نییەتپاکیی خۆی پیشاندا بۆ ئەوەی هەر پێنج لایەنە سیاسییەکە لەدەرەوەی پەرلەمان بگەنە سازانی نیشتمانی و پاشان لەسەر بنەمای سازانی نیشتمانی ئەو پەرلەمانەی پیلانەکەی نەوشیروان مستەفا بێگیانی کرد، جارێکی دیکە گیانی بکرێتەوە بەبەردا و پەرلەمان بکرێتە سەکۆی کۆکردنەوەی جیاوازییەکان و یەکریزی و یەکهەڵوێستی نێوماڵی کوردستان، بەڵام ئەمجارەش دیسان بەداخەوە لەبری ئەوەی نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان چاوێك بەخۆیاندا بخشێننەوە و ببنە هاندەر بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی نێوان حزبەکان بەردەوام بێت و پرۆسەی سیاسی بە تەواوەتی لەبار نەبرێت، کەچی لەو کاتەی لەناو شاری سلێمانی حزبەکان لە کۆبوونەوەدا بوون، بزووتنەوەی گۆڕان کۆمەڵێك هەرزەکار و مێرمنداڵی نارده سەر ئەو ئۆتێلەی کۆبوونەوەکانی تێدا بەڕێوەچوو، ئەمەش بەو نیازەی لە ژێر هەڕەشەو گوشاری هەڵکوتانە سەر شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان، تا شاندەکە ناچار بێت تەسلیمی ئیرادەی خۆسەپێنی بزووتنەوەی گۆڕان ببێت، بەمەش کۆتایی بە کۆبوونەوەکانی پێنج لایەنە سیاسییەکە هات و نەوشیروان ئەمجارەیان خۆی لەگەڵ ئاژاوەو فیتنە و هەڵکوتانە سەر بارەگاکانی پارتی تاقیکردەوە، بەڵام ئەنجامی ئەمەش بە کردنە دەرەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە پرۆسە سیاسییەکە کۆتایی هات، لەمەش زیاتر بزووتنەوەی گۆڕان بە تەنیا مایەوە و هیچ حزبێکی سیاسی هەڵوێستی لەگەڵ وەرنەگرت، بەتایبەتیش کە نەوشیروان، عەلی باپیری بە نزیکترین هاوپەیمانی خۆی دەزانی و وای دانابوو ئەگەر هیچ لایەنێك دوای کردنەدەرەوەی گۆڕان لە پرۆسە سیاسییەکە نەکشێتەوە، ئەوا لانیکەم کۆمەڵی ئیسلامی دەکشێتەوە، بەڵام عەلی باپیر و کۆمەڵیش دوای نەوشیروان و گۆڕان نەکەوتن، بۆیە ئەمجارەیان بەتەواوەتی نەوشیروان مستەفا هەستی کرد کە لەناو ئەو گەمە سیاسییە دۆڕاوە، بەڵام ئەمجارەش لەبری ئەوەی بێتە سەر تەلەفزیۆن و دان بە شکستی خۆیدا بنێت، بە ناوی نەخۆشییەوە رووی کردە بەریتانیا و ماوەی زیاتر لە حەوت مانگ لەوێ مایەوە، پاشان لە ٢٨ی نیسانی ٢٠١٦ گەڕایەوە، ئەمجارەیان بەو نیازە گەڕایەوە کە گۆڕانکاری بەسەر هاوکێشەی هێز لە کوردستان بهێنێت و باری خواری خۆی راست بکاتەوە، بەڵام نەك هەر خۆی پێ راست نەکرایەوە، بگرە وەك هەڵسووڕاوەکانی خۆی لە پەیجی تایبەتی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە، دوای ئەوەی ئەم جارەش شکستی هێنا، دەبوو نەوشیروان مستەفا هێندە بوێری تێدا بوایە کە دانی بەشکستی خۆیدا بنایە و کۆتایی بە ژیانی سیاسیی خۆی بهێنایە.

## ● دانانی سنوور بۆ گۆڕان و نەوشیروان مستەفا نەمانی فیتنە و ئاژاوەگێڕی لە کورستاندا

دوو رۆژی دیکە ساڵێکی تەواو بەسەر ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ تێدەپەڕێت، ئەو رۆژەی پارتی دیموکراتی کوردستان ناچار بوو بڕیاربدا، رێککەوتنی خۆی لەگەڵ گۆڕان هەڵبوەشێنێتەوە و وەزیرەکانی بنرێتەوە بۆ ماڵەوە، ئەم بڕیارە کە پارتی بە بڕیارێکی خراپ و ناچاری دەزانێت،

**پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ١٩ی ئابی ٢٠١٥ و ئەو شکستە گەورەیەی بەسەر پیلانەکەی نەوشیروان مستەفا هات، وەک لایەنێکی دۆڕاو لە پرۆسە سیاسییەکەدا مامەڵەی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان نەکرد، بەڵکو جارێکی دیکە ئامادەباشی و نییەتپاکیی خۆی پیشاندا بۆ ئەوەی هەر پێنج لایەنە سیاسییەکە لەدەرەوەی پەرلەمان بگەنە سازانی نیشتمانی و پاشان لەسەر بنەمای سازانی نیشتمانی ئەو پەرلەمانەی پیلانەکەی نەوشیروان مستەفا بێگیانی کرد، جارێکی دیکە گیانی بکرێتەوە بەبەردا و پەرلەمان بکرێتە سەکۆی کۆکردنەوەی جیاوازییەکان و یەکریزی و یەکهەڵوێستی نێوماڵی کوردستان**

**لەماوەی ساڵی رابردوودا کە ئەقڵی شەڕانگێزی نەوشیروان شکستی هێنا و سنوورێک بۆ ئەو ئەقڵییەتە دانراوە، ئەوا وەک لە خۆپیشاندانەکانی ٢٧ی ئەیلوولی ٢٠١٦ بینیمان، تا رادەیەکی زۆر رەفتاری تێکدەرانەو ئاژاوەگێڕانە کەم بۆتەوە، دیارە لە خۆپیشاندانەکانی ئەمساڵیشدا، هەوڵێک هەبوو لە هەمان سەرچاوەی ساڵی پارەوە بۆ ئەوەی ئاراستەی ئاشتیخوازانەی خۆپیشاندەکان بگۆڕن بۆ ئاژاوە و توندوتیژی، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵک ئەو پیلانەی بۆ ئاشکرا ببوو، ئەوا ئەمساڵ رێگەیان نەدا، هەمان ئاژاوەگێڕی و فیتنەی ساڵی پار دووبارە ببێتەوە**



**دوای ئەوەی لە ١٩ی ئابی ٢٠١٥ یوسف محەمەدی هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر راسپاردەی نەوشیروان مستەفا پرۆسەی ڕێککەوتنی هەموو لایەنە سیاسییەکانی (بە شاهیدی بەریتانیا و ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان) لە ژێرپێ نا، ئیدی پەرلەمانی کوردستان بووە لاشەیەکی بێگیان، ئەمەش بەو مانایەی چیتر پەرلەمانی کورستان نەیدەتوانی لەسەر هیچ پرسێک کۆبوونەوە بکات، یان بتوانێت هیچ کێشەیەک چارەسەر بکات**

دروست وەك نەشتەرگەرییەکی قورس وایە کە پێت خۆش نییە نەشتەرگەرییەکە بکەیت، بەڵام ئەگەر ئەو نەشتەرگەرییە نەکرێت، ژیانی کەسەکە دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە ئەگەر پارتیش ئەو بڕیارەی نەدابایە، ئەوا سەقامگیریی کوردستان دەکەوتە مەترسییەوە تا ئەو ئاستەی کە لەوانە بوو کوردستان بوونی نەمێنێت. بەڵام ئەوەی کە ئەزموونی ئەمساڵە بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستانی روون کردەوە، ئەوە بووە کە کاتێك ئەقڵییەتی نەوشیروان مستەفا لەناو پرۆسەی سیاسی بوونی نەبێت، ئەوا رەفتاری ئاژاوەگێڕی و فیتنە و قسەی سووك و جنێودان و ناوچەگەری لەناو پرۆسەی سیاسی کوردستاندا جێگەی نابێتەوە، لەمەش زیاتر ئەو کەلتووری یەکتری سڕینەوە و ناوچەگەرییەشی ئەقڵییەتی نەوشیروان مستەفا لەناو ژینگەی سیاسیی کوردستان دروستی کردووە، ئەوا بەدوورکەوتنەوەی ئەو ئەقڵیەتە وردە وردە کاڵ دەبێتەوەو بەرەو نەمان دەچێت.

هەر بۆ نموونە ساڵێك لەمەوپێش، کۆمەڵێك هەرزەکار و مێرمناڵ کە بە ئەقڵی شەڕانگێزی نەوشیروان مستەفا جۆشدرابوون و فێرکرابوون بەرامبەر بسڕنەوە، وەك لە ڤیدیۆی هەڵکوتانەکانی سەر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەکانی سلێمانی و راپەڕین و گەرمیان و سەیدسادق بە ئاشکرا دەیانبینین، زۆر بێباکانە شانازی بەوە دەکەن کە ئاگر لە بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەدەن و دەیانەوێت کادر و ئەندامانی پارتی لەناوچە و لقەکاندا بسووتێنن، لەمەش سەیرتر کە لەو ڤیدیۆیانەدا بەرچاو دەکەون، بە چەپڵەڕێزان و هوتاف کێشان ئاڵای پارتی و وێنەکانی سەرۆك بارزانی دەستووتێنن، بەڵام لەماوەی ساڵی رابردوودا کە ئەقڵی شەڕانگێزی نەوشیروان شکستی هێنا و سنوورێك بۆ ئەو ئەقڵییەتە دانراوە، ئەوا وەك لە خۆپیشاندانەکانی ٢٧ی ئەیلوولی ٢٠١٦ بینیمان، تا رادەیەکی زۆر رەفتاری تێکدەرانەو ئاژاوەگێڕانە کەم بۆتەوە،



دیاره لە خۆپیشاندانەکانی ئەمساڵیشدا، هەوڵێك هەبوو لە هەمان سەرچاوەی ساڵی پارەوە بۆ ئەوەی ئاراستەی ئاشتیخوازانەی خۆپیشاندانەکان بگۆڕن بۆ ئاژاوە و توندوتیژی، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵك ئەو پیلانەی بۆ ئاشکرا ببوو، ئەوا ئەمساڵ ڕێگەیان نەدا، هەمان ئاژاوەگێڕی و فیتنەی ساڵی پار دووبارە ببێتەوە.

ساڵێك پێش ئێستا ژینگەی سیاسیی سلێمانی بە ئەقڵییەتی ناوچەگەرایی نەوشیروان مستەفا بەجۆرێك جۆش درابوو، کە هەڵسووڕاوەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بە ئاشکرا دژایەتی سەربەخۆیی کوردستانیان دەکردو زۆر بێباکانە باسی جیاکردنەوەی سلێمانییان لەکوردستان دەکردو بانگەشەیان بۆ دوو ئیدارەیی دەکرد، بەڵام ئەمساڵ لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە هەڵسووڕاوانی ئەو بزووتنەوەیە بەهەمان شێوەی ساڵی پار قسە دەکەن، بەڵام خەڵك وەك پار گوێیان لێ ناگرێت و ئەوانیش لەوە تێگەیشتوون کە چیتر دەفیان دەنگی نایەت، بۆیە وردە وردە خەریکە ئەوانیش دەپووکێنەوە. بەڵام هەموو ئەمانە مانای ئەوە نین کە نەوشیروان مستەفا بە خۆیدا دەچێتەوەو هەڵەکانی راست دەکاتەوە؟ هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری مێژووی ٥٠ ساڵی رابردووی ئەم کەسایەتییە بکەین کە چەندین جاری دیکەش لەمیانەی پرۆسەی سیاسیدا تێکشکاوە، بەڵام هیچ جارێك دانی بە هەڵەی خۆیدا نەناوەو هەوڵی نەداوە هەڵەکانی خۆی راست بکاتەوە، بەڵکو هەموو جارێك هەوڵیداوە ئاژاوەیەك دروست بکات بۆ ئەوەی شکستەکەی پێشتری پێ بشارێتەوە.

ساڵی پار نەوشیروان مستەفا زۆر باش دەیزانی لە پرۆسە سیاسییەکە شکستی هێناو کودەتاکەی سەری نەگرت، بەڵام دوای ٧مانگ ڕۆیشتنی بۆ بەریتانیا کە گەڕایەوە سیناریۆیەکی دیکەی ئامادەکردبوو، گوایە ئەمجارە دەتوانێت هاوکێشەی هێز لە کوردستاندا بگۆڕێت و کودەتایەکی دیکە بەسەر پارتیدا بکات، ئەویش لەمیانەی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی

**بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و بەریتانیا هەر پێنج لایەنە سیاسییەکە بۆ ماوەی ١٩ کاتژمێر کۆبوونەوەیان کرد بۆ ئەوەی رۆژی ١٩ی ئاب پەرلەمان ئەو کۆبوونەوەیە دوابخات، بەڵام نەوشیروان مستەفا غرووربیەکەی گەیشتبووە ئەو ئاستەی ئەو فرسەتەی بۆ هاتۆتە پێشەوە لەدەستی نەدات و کودەتاکەی بەسەر پارتیدا تەواو بکات، هەربۆیە کاتێک لە رۆژی ١٩ی ئاب یوسف محەمەد کە پێداگیری کرد لەسەر ئەوەی هەر دەبێت پەرلەمان کۆبوونەوەی خۆی بکات**

**راسته هەندێک پەرلەمانتاری لایەنەکانی دیکە ئەوانیش خافڵگیرانە ئامادەی کۆبوونەوەکەی ٢٣ی حوزەیران بوون، بەڵام دواتر بۆ ئەو لایەنانەش روون بووەوە کە پرسەکە بریتیی نییە لە هەموارکردنەوەی یاسایەک، بەڵکو ئەمە کودەتایەکە بۆ لەباربردنی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان و دروستکردنی فیتنەو ئاژاوەیەکی گەورە لە کوردستاندا**

**نییەتپاکیی پارتی بەوجۆرە بوو بەرامبەر شەخسی نەوشیروان مستەفا، کە ئەو رۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستاندا بگێرێت، بەڵام لەبەرامبەردا پیلانی رق و کینەی نەوشیروان مستەفا گەیشتبووە ئەوەی کودەتا بەسەر پارتی و کوردستاندا بکات**

**بەشێکی دیکەی بەرنامەی پیلانە داڕێژراوەکەیان بۆ تێکدانی سەقامگیری و تەناهی کوردستان ئەوە بوو، کە ژینگەی ئاژاوەگێڕی و کەلتووری جنێودان و یەکتری سڕینەوە بگوازنەوە بۆ ناو پەرلەمان، بۆ ئەوەی ژینگەی سەقامگیری و تەناهی هەولێر تێکبچێت و لەناو ئەو ژینگە ئاژاوەگێڕییەدا هێرش بکرێتە سەر کونسوڵخانەی دەوڵەتان و کۆمپانیاکانی بیانی بۆ ئەوەی کوردستان بەجێبهێڵن وپرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان شکست بهێنێت**

گۆڕان و پێکهێنانی سەرکردایەتی هاوبەش، بەڵام ئەم رێککەوتنە تەنیا یەك دوو مانگی خایاندو لایەنە سیاسییەکان تێگەیشتن، ئەمەش پیلانێکی دیکەیە، بۆیە دوای ئەوەی بە کەباب خواردنێك سیمای پیلانەکەی ئاشکرا کرد، باڵی ناوەندی بڕیار لەناو یەکێتی جیابوونەوەی خۆی راگەیاند، بەمەش دەرکەوت کە ئامانجی نەوشیروان مستەفا نەك هەر یەکریزیی نێومالّی کوردستان و نێوان لایەنە سیاسییەکان نییە، بەڵکو ئامانجی ئەوەڵ و ئەخیری ئەم پیاوە تێکدان و ئاژاوەیە، هەروەك چۆن یەکێتی نیومالّی یەکێتی نیشتمانی-یشی بە گۆڕینی ناوی کاندیدی پۆستی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تێکدا و سەرەنجامیش باڵی ناوەندی بڕیار جیابوونەوەی خۆی راگەیاند، خۆ ئەگەر بەتەنیا سەیری ئەو ناوە بکەین کە باڵی ناوەندی بڕیار بۆ خۆی دەستنیشانی کردووە، ئەمە زۆر ئاشکرا دیارە کە نەوشیروان مستەفا بۆتە هۆکاری ئەوەی ناوەندی بڕیار لەناو یەکێتی بوونی نەبێت و مەبەستی لە رێککەوتنی لەگەڵ یەکێتی ئەوە بووە کە هەموو یەکێتی و گۆڕان بریتی بێت لەیەك کەس و یەك بڕیار، کە ئەویش قسە و بڕیاری خۆی بێت.

ئەم جۆرە ئەقڵییەتە کۆنە کە لەشەستەکانی سەدەی رابردوو لە پرۆسەی سیاسی شکستی هێناوە، چیدیکە لەناو پرۆسەی سیاسی جێگەی نابێتەوە و ناشتوانێت لەگەڵ واقیعێکدا خۆی بگونجێنێت.

**● وەرچەرخانی هێز بۆ بەرژەوەندی سەربەخۆیی و ئایندەی پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا**

ئەوەی ساڵێك پێش ئێستا نەوشیروان مستەفا مەبەستی بوو و بۆی نەهاتەدی، شکست پێهێنانی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بوو. ئەوەی نەوشیروان پیلانی بۆ دانابوو، ئەوە بوو بزووتنەوەی گۆڕان وەك هێزێکی جەماوەری و یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەك هێزێکی خاوەن پێشمەرگە و پارە دەتوانن یەکبگرن و هاوسەنگیی هێز بەرامبەر پارتی بگۆڕن، ئێستا فەرماندەی یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ و وەزارەتی پێشمەرگە هەموویان پێکەوە لەژێر فەرماندەیی گشتی هێزەچەکدارەکانی کوردستان، پرۆسەی سەربەخۆیی بەرەو کەناری ئارام دەبەن.

لە ئێستادا تەنیا لایەنێك کە وەك تاکتیك خۆی گرێداوەتەوە بە سیاسەتەکانی نەوشیروان و دەیەوێت ئەوەی بە خۆی ناکرێت لە رێگەی گۆڕان و نەوشیروانەوە ئەنجامی بدات، عەلی باپیر و بەشێك لە کۆمەڵی ئیسلامی-یە، ئامانجی ئەم هاوپەیمانییە تاکتیکییەی عەلی باپیر لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، تەنیا رەهەندێ لەخۆی دەگرێت و ئەویش لە دژایەتی سەربەخۆیی کوردستاندا یەکدەگرنەوە، ئەم ئامانجەش هیچکام لە عەلی باپیر و نەوشیروان مستەفا نەیانشاردۆتەوە، دیارە لەم قۆناخەدا ئەگەر نەوشیروان مستەفا لەوپەڕی شکستی سیاسیدا نەبوایە، ئەوا رێککەوتنی تاکتیکی ئاشکرای لەگەڵ هیچ لایەکدا نەدەکرد، ئەوجا ئەگەر ئەو لایەنە عەلی باپیر و کۆمەڵی ئیسلامی-یش بێت.

دیارە عەلی باپیر و بەشێکی کۆمەڵی ئیسلامی دەزانن، کە هیچ ئایندەیەکی گەش لەناو پرۆسەی سیاسی کوردستاندا چاوەڕێی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا ناکات، تەنیا ئایندەیەك کە چاوەڕێی بکات، ئەوەیە کە گۆڕان لەگەڵ باڵی زۆرینەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی یەکبگرێتەوە و خۆی هەڵوەشێنێتەوە، لەم حاڵەتەشدا کە عەلی باپیر هەمان رێگەچارەی نەوشیروان مستەفای لەبەردەمدا نییە کە پەنای بۆ بەرێت، ئەوا بەشێوەیەکی تاکتیکی خۆی بە نەوشیروانەوە گرێداوە، بەڵام لەم لاشەوە هەر بەشێوەیەکی تاکتیکی خۆی بە پرۆسەی سیاسیی کوردستانەوە گرێداوە، راشکاوانەتر نە دەتوانێت بڕیار بدات خۆی لەپەرلەمان و حکومەت و پرۆسەی سیاسی بکشێنێتەوە، نە دەشتوانێت وەك لایەنێکی سیاسیی سەربەخۆ بریار بدات خۆی بکاتەوە بە بەشێك لە پرۆسە سیاسییەکە. ئەم سیاسەتە تاکتیکییەی عەلی باپیریش لەگەڵ ئەوەی بۆ ژینگەی یەکریزی و یەکهەڵوێستی کوردستان جۆرێك لە نیگەرانی دروستکردووە، بەڵام ئەگەر خۆی بەلایەکدا ساخ نەکاتەوە، ئەوا سەرەنجام دەبێت وەك بزووتنەوەی گۆڕانەکەی نەوشیروان مستەفا بیر لە خۆهەڵوەشاندنەوە، یان خۆ تێکەڵکردنەوە لەگەڵ حزبێکی دیکە بکات، بەڵام ئەم ئەگەر و رێگەچارەیە ئەگەر بۆ گۆڕان و نەوشیروان



مستەفا ڕێگەچارەیەکی لەبار بێت، لەسەر ئەو بنەمایەی یەکێتی و گۆڕان وەك سەعدی ئەحمەد پیرەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت هەر یەك حزب بوون، ئێستاش دەبنەوە بەیەك حزب، بەڵام بۆ عەلی باپیر و کۆمەڵ نە لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی و نە لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی هەمان بنەما نییە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی بەرنامەیەکی لەو شێوەیە هەبوو کە بزووتنەوە و کۆمەڵ و یەکگرتوو بە یەك لیست وەك لیستی ئیسلامی بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن.

بچووك بوونەوەی بازنەی ئەقڵییەتی شەڕانگێزی نەوشیروان مستەفا و عەلی باپیر، بۆ هەردووکیان و بەشێك لە گۆڕان و بەشێك لە کۆمەڵی ئیسلامی، ئەمە مانای ئەوەیە لەناو بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیشدا، جۆرێك لە بۆچوونی جیاواز بەرامبەر بۆچوونەکانی نەوشیروان مستەفا و عەلی باپیر دروست بوون و هەستێك هەیە و پەی بەوە بردووە کە شوێنکەوتنی کوێرانە کارەساتی گەورە بەسەر ئایندەی ئەو دوو حزبەدا دەهێنێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان، وەك حزبی سەرەکی لە کوردستان و بڕوابوونی بە فرەلایەنی و پێکەوەژیان و کۆبوونەوەی هەموو هێزە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان لەسەر پرۆسەی سەربەخۆیی و هەوڵدان بۆ ئایندەیەکی گەش لە کوردستاندا، هەمووکات ئامادەی ئەوە بووە لەگەڵ هەر لایەنێکی سیاسی لاپەرەی تازە هەڵبداتەوەو ئاژاوەو ناسەقامگیری کۆتایی پێ بهێنێت، بۆیە هەر لەم ڕوانگەیەوە لەگەڵ ئەوەی بەرهەمی سیاسەتە ڕاستەکانی پارتی لەماوەی ساڵی ڕابردوو توانی لەبارودۆخێکی ناسك و هەستیاردا و بە هاوکاری حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکە کۆنتڕۆڵی ئەو بارودۆخە ناهەموارە بکات و سەقامگیری کوردستان بپارێزت، لە ئێستاشدا کە بەرەو گۆڕانکاری گەورە هەنگاو هەڵدەگرین و کوردستان لەدوا قۆناخەکانی سەربەخۆیی نزیك دەبێتەوە، کاتی ئەوەیە هەموو لایەك پەند لە هەڵەکانی ڕابردوو وەربگرن و هەموو لایەك بە گیانی یەکتری قبوڵکردنەوە لاپەڕەیەکی تازە بکەنەوە و بەرەو ئایندەیەکی گەش پێکەوە هەنگاو هەڵبگرن.

**پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی گوشارێکی گەورەی ئەندامان و کادیرانی خۆی لەسەر بوو، کە هەموویان داوای کاردانەوەیان لێدەکرد، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دا کەلتووری جنێودان و ڕەفتاری تێکدەرانە و ئاژاوەگێری و هەڵکوتانە سەر بارەگای حزبەکان کۆتایی پێبهێندرێت و، سیاسەت و فرەحزبی و پێکەوەژیان لەسەر قاعیدەیەکی ئەخلاقیی نوێ بونیادبنرێتەوە**



### مارک کاتز پسپۆڕی کاروباری نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# عێراق تەنیا بە ناو دەوڵەتەو لەواقیعدا بۆ سێ بەش دابەش بووە

**مارك نۆرمان كاتز، پرۆفیسۆره لە سكووڵی سیاسەت و حكومەت و كاروباره نێودەوڵەتییەكان لە زانكۆی جۆرج مەیسۆن، وانەبێژی چەند بوارێكی گرنگە، وەك سیاسەتی ڕووسیا، سیاسەتی دەرەوەو شەڕی تیرۆر. پێشتر توێژەر بووە لە سەنتەری وودرۆ ویڵسۆن، هەروەها شرۆڤەكاری كاروباری سۆڤیەت بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكا. گوڵان لە دیمانەیەكدا چەند پرسیارێكی ئاڕاستەكرد كە پەیوەست بوون بە لێكدانەوەو شرۆڤەكردنی ئەو ئاژاوەو پشێوییەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئارادایە، هەروەها ڕۆڵی ئێران و پرسی شكستی سیستمی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە.**

*** بەپێی لێكدانەوەی چاودێران و شرۆڤەكاران ئێران توانیویەتی سوود لەو بارودۆخە وەربگرێت كە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئارادایە، هەروەها پێیانوایە تەنانەت دوای تێكشكانی داعشیش لەموسڵ و ڕەقە دۆخەكە هەر لە بەرژەوەندیی ئێراندا دەمێنێتەوە، بیروبۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- بەدڵنیاییەوە ئێران لەو ڕووەوە لە پێگەیەكی باش و باڵادەستدایە و ڕۆڵ و كاریگەری هەیە لە سووریادا، ئەوەی پێوەندی بە داعشەوە هەبێت، - ئەوا ئەگەرچی دەبێت هەمووان شەڕی داعش بكەن- بەڵام كاتێك ئەم گروپە لەناو دەچێت، ئەوا ئێران وڵاتێكی نزیكترە. بەڵام لە ئێستادا ڕۆژئاوا پتر تەركیز لەسەر ڕۆڵی ڕووسیا دەكات، ئەگەرچی ئێران ئەو ڕاستییە دەزانێت كە بە چەشنی ئەمەریكا ڕووسیاش مەرج نییە بمێنێتەوە. ئەوانیش توانایەكی زۆر سنورداریان هەیە، هەروەها ئێران زیاتر لە ڕێگەی ڕووسیاوە هێزی لە سووریادا هەیە. لەلایەكی دیكەوە ئەمەریكا شەكەت بووە بەدەست ناوچەكەوە. كەواتە ئەگەر لایەنەكانی دیكە ئەوەندە بەهێز نەبن، ئەوا تەنیا لایەنێك بمێنێتەوە لەم نێوەندەدا ئێرانە. ئەگەرچی ئێرانیش كێشەی خۆی هەیەو كێشەی جددیشن، وەك ئامادەنەبوونی ئێران بۆ باشتركردنی پێوەندیەكانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا. كەواتە دەبێت ئەو پرسیارە بكەین، ئایا دەستكەوتی ئێران لەتێوەگلانی لە سووریادا چییە؟ ئایا دەبێتەهۆی باشتركردنی بژێوی خەڵكی ئێران؟ یان دەبێتەهۆی بەهێزكردنی ڕژێمی ئێرانی؟ ئەوە ڕاستە ئێران تمووحی گەورەی خۆی هەیە، بەڵام پێدەچێت ئێران لە مەودای نزیكدا قازانج بكات، ئەوەی پێوەندی بە دوورمەوداشەوە هەبێت، ئەوا ئەگەر هێزە گەورەكان نەتوانن دۆخی ناوچەكە ئاسایی بكەنەوە، ئەوا ڕوون نییە كە ئێرانیش بتوانێت ڕۆڵێكی گەورەتر لە ئێستا بگێڕێت.

*** واتە ئێران بۆتە هێزێكی ئەوتۆ كە دەبێت حیسابی بۆ بكرێت لە هەر چارەسەرێكدا كە لە سووریا بگیرێتەبەر، یان لە هەر ڕێگاچارەیەكدا كە لە ئایندەدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیادە بكرێت؟**

**ڕووسیا چەندین كێشەی ناوخۆیی هەیەو ئەوەی جێی سەرنجی منیشە ئەوەیە كە ئەو كار و كردەوانەشی لە دەرەوە ئەنجامیان دەدات، ئیدی لە سووریا بێت، یان كاركردن بێت بۆ لاوازكردنی ڕۆژئاوا نابنەهۆی بەهێزكردنی ڕژێمەكەی پۆتین**

**تورکیا شەڕی کورد دەکات لە سووریادا، رووسیا دەستێوەردانی کردووە و ئێران تێوەگلاوە و موعارەزەش لە نێو خۆیاندا دابەش بوون و شەڕ لە دژی یەکتر دەکەن، ئەمەش بەڕاستی ئاژاوەیەکی گەورەیە**

- بە دڵنیاییەوە، لە پێوەندی بە سووریا و هەروەها بە عێراقیشەوە، ئێران بۆتە هێزێك کە دەبێت حیسابی بۆ بکرێت. هەروەها لەبەر ئەوەی زۆر تێوەگلاوە لە سووریاوە، ئەوا بایەخێکی کەمتر بە کێشەی فەلەستین دەدات، ئەوەی پێوەندی بە میسر و دوورترەوە هەبێت، ئەوا پێناچێت کاریگەری و دەستڕۆیشتوویەکی ئەوتۆی هەبێت. کەواتە لە دەوروبەر و نزیکی خۆیدا کاریگەری هەیە، وەك سووریا و لوبنان، بەڵام دڵنیانیم کە چۆن دەتوانێت کارا و کاریگەر بێت بەدەر لەوانە.

*** ئایا دەتوانین هۆکاری کێشە و ئاژاوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرهەڵدانی گروپێکی وەك داعش بۆ شکستی سیستمی دەوڵەت لەم ناوچەیە بگەڕێنینەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە کێشەیەکە کە لە زۆرێك لە ناوچەکانی جیهان بەدی دەکرێت، کە دەبینرێت دەوڵەت بە چەشنی پێشوو کارا نییە.

*** ئایا دەکرێت دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکان بە چارەسەرێکی عەمەلی بۆ کێشەکانی ئەم ناوچەیە لەقەڵەم بدرێت؟**

- دەبێت ئەوە بزانین کە کەسانێکی کەم خوازیاری ڕوودانی ئەم دەرئەنجامەن، بەڵام لەڕاستیدا پێدەچێت ئەمە ڕووبدات، وەك دروستبونی دەوڵەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق، کە کاراکتەرێکی زۆر بەهێزە، و دروستبوونی رۆژئاڤا لە سووریا، کە ئەمەش پەرەسەندنێکی گرنگە. لە ئێستادا عێراق تەنیا بە ناو وڵاتێکی یەکگرتووە و لە واقیعدا بەسەر سێ ناوچەدا دابەش بووەو ئەوەی پێوەندی بە سووریاشەوە هەبێت، ئەوا پێدەچێت ڕووسیا تەنیا بایەخ بە بەشی رۆژئاوای سووریا بدات، واتە ناوچەیەکی عەلەوی لەسەر کەناری دەریای سپی ناوەڕاست، لەگەڵ شارە گەورەکانی وەك دیمەشق و حەلەب، کە دەکرێت بە خۆشحاڵییەوە —بە تایبەتی لە ڕوانگەی ڤلادمیر پوتین- لەگەڵ کوردەکەدا پێکەوە بژین. پێدەچێت بە چەشنی ناوچە سوننییەکانی عێراق، ناوچە سوننەنشینەکانی سووریاش نائارامترین ناوچە بن. ئەوەش ڕاستە کە تورکیا زۆر نارەحەتە بە دروستبوونی رۆژئاڤا، بەڵام پێموایە بەچەشنی ئەوەی مامەڵەیان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق کرد، ئەوا وردە وردە دێنەسەر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ کوردی سووریاشدا بکەن. ڕەنگە ئەمە کاتێکی زۆر بخایەنێت، بەڵام وەك مەسەلە و بابەتێکی عەمەلی پێموایە ڕوودەدات. بەڵام ئەوەی بەلای تورکیاوە گرنگە ئەوەیە ئەگەر حوکمڕانیی کورد لە باکووری عێراق و حوکمڕانیی کورد لە باکووری سووریا قبووڵ بکات، ئەوا نایەوێت کە ئەوان پشتیوانی لە پەکەکە بکەن.

**شەپۆلی کۆچبەران بۆتەهۆی دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەت لە ئەورووپا، ئەویش نەک بە ئاڕاستەیەکی زۆر ئیجابیدا.**

*** ئێوە باسی هەرێمی کوردستانتان کرد، ئایا پێتانوایە ئەگەر ئەم هەرێمە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەوا دەبێتە هاوپەیمانێکی ستراتیژی بۆ رۆژئاوا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە بۆ رۆژئاوا ڕاستە. چونکە ئەگەر ئێمە بمانەوێت هاوپەیمانێکمان هەبێت، ئەوا هەرێمی کورستان کاندیدێك دەبێت لەبەر ئەوەی قەوارەیەکی کاراتری لە حکومەتی عێراقی هەیە. ئەوەی پێوەندی بە ئیسرائیلیشەوە هەبێت، ئەوا زیاتر لە ڕوانگەیەکی پراگماتیکییەوە لێی دەڕواندرێت، چونکە دروستبوونی کوردستانێکی بەهێز بە بەربەستێك لەبەردەم ئێران و داعشدا لێکدەدرێتەوە، هەرچەندە ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوە کە بە دروستبونی دەوڵەتی کوردی ڕاستەوخۆ پەنا ناباتە بەر دانپێدانان بە ئیسرائیلدا.

**ڕووسیا و ئێران باوەڕیان وایە دەیانەوێت براوە بن، ئەویش نەک بە گەیشتن بە جۆرێک لە ڕێککەوتن، بەڵکو لە ڕێی تێکشکاندنی دوژمنەکانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەدەوە**

*** بەڵام پێشبینی ئەوە دەکەن کە ئەگەر ئەم هەرێمە سەربەخۆیی بەدەست هێنا، ئەوا دانپێدانانی نێودەوڵەت و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی تێدا دەکرێت؟**

- لە ئێستادا وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی لەم هەرێمەدا کراوەو کەسانێکی زۆر هەن کە ئامادەن و توانای ئەوەیان هەیە وەبەرهێنانی تێدا بکەن، تەنانەت تورکیاش کارێکی زۆری لەم چەشنە ئەنجام داوە. بەڵام ئایا دانی پێدا دەنرێت، ئەوا زەحمەتە بتوانین ئەمە یەکلابکەینەوە. بەڵام ڕەنگە دۆخی کوردستان هاوشێوەی تایوان بێت- بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەك- کە لە تایواندا جموجوڵ و کارلێکی ئابووری لەگەڵ جیهاندا، بەڵام دانی پێدانەنراوە، من پێموایە ئەم ئەگەرە زیاتر چانسی ئەوەی هەیە لە کوردستاندا بێتەدی. ڕاستە لە ڕووی عەمەلییەوە کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، بەڵام ڕەنگە

دانپێدانانەکە دەستبەجێ دەستەبەر نەبێت.

*** ئێوە باسی خراپتربوونی دۆخی سووریاتان کرد، ئایا لە ئێستادا چۆن هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی ئەو وڵاتە دەکەن؟**

- لە ئێستادا ڕووسیا و ئێران باوەڕیان وایە دەیانەوێت براوە بن، ئەویش نەك بە گەیشتن بە جۆرێك لە ڕێککەوتن، بەڵکو لە ڕێی تێکشکاندنی دوژمنەکانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەدەوە، ڕەنگە بتوانن ئەم کارە بکەن، بەڵام ئەگەر هەر شتێك ڕووبدات و ئەوان نەتوانن و نەیانەوێت درێژە بەم سەرکوتکارییە بدەن، ئەوا دووچاری یاخیبوون دەبنەوە. ئەوەی دیارە ئەوەیە کە دەیانەوێت بەردەوام بن، بەڵام پێدەچێت ڕووبەڕووی کێشەیەکی جددی بووبێتنەوە.

*** ئایا پێتانوایە دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەردەچێت و شەڕێکی دیکەی جیهانی لێ دروست دەبێت، یاخود ئەمە ئەگەرێکی دوورە؟**

- ئەوەی ئاشکرایە کە خەڵکانێکی زۆر لە سووریاوە ئاوارەی ئەردەن و لوبنان و شوێنەکانی دیکە بوون، کە بۆی هەیە ئەمە کێشەی جددی لێبکەوێتەوە. هەروەها بارودۆخی تورکیاش لە ئێستادا لە دۆخێکی دژواردایە، لە هەمان کاتدا شەپۆلی کۆچبەران بۆتەهۆی دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەت لە ئەوروپا، ئەویش نەك بە ئاڕاستەیەکی زۆر ئیجابیدا. کەواتە ئەمە ئەگەرێکە، بەڵام تا ئێستا ڕووینەداوە، هیچ زەمانەتێکیش نییە شەڕی سووریا زیاتر پەلنەکێشێت.

*** چۆن لە ڕۆڵی تورکیا دەڕوانیت لە پێوەندی بە قەیرانی سووریاوە، بەتایبەتی لەم دواییەدا دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی تورکیامان بینی لە دۆخی سووریادا، ئایا ئاکامەکانی ئەو دەستێوەردانە ڕاستەوخۆیەی تورکیا چین؟**

- پێش دەستپێکردنی شەڕی سووریا، ئەردۆغان پێوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ ڕژێمی ئەسەددا، بەڵام دوای هەڵگیرسانی شەڕەکە پشتیوانی لە ڕووخانی ئەسەد کرد، کە ئەمەش ڕووینەدا. ئەوەبوو لە کۆتاییدا دۆخێك دروست بوو کە تورکیا چاوپۆشی لە داعش کرد بۆ بەکارهێانی خاکی وڵاتەکەی بۆ دژایەتی ئەسەد و هەروەها بۆ دژایەتی کوردیش لە سووریا. بەڵام لە ئێستادا تێگەیشتنێك هەیە کە بۆتە هەڕەشە بۆسەر ئەو وڵاتە. بەڵام تورکیا کورد بە هەڕەشەی سەرەکی دەزانێت. لە ئێستادا بەلای ئەردۆغانەوە ئەسەد لە داعش، یان لە بەهێزبوونی پێگەی کورد باشترە. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی لە ئێستادا لە سووریادا دەگوزەرێت، تەنیا شەڕێك نییە، چونکە ئەوەتا تورکیا شەڕی کورد دەکات لە سووریادا، ڕووسیا دەستێوەردانی کردووە و ئێران تێوەگلاوە و موعارەزەش لە نێو خۆیاندا دابەش بوون و شەڕ لە دژی یەکتر دەکەن، ئەمەش بەڕاستی ئاژاوایەکی گەورەیە.

*** بەم دواییە یاسای جاستا لەلایەن کۆنگرێسی ئەمەریکاوە دەرچووە، کە نیگەرانییەکی زۆی لێکەوتەوە، بەڵام ئەوەی باس دەکرێت ئەوەیە کە ئامانج لەم یاسایە سعودیەیە، ئایا ئاکامەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە چین و پێشبینی دەکەن سعودیە چ کاردانەوەیەکی هەبێت؟**

- کێشەکە ئەوەیە ئەگەر ئەمەریکا حاڵەتێك دروست بکات و ڕێز لە سەروەریی دەوڵەتانی دیکە نەگرێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەوڵەتانی دیکەش هەمان هەنگاو لە بەرامبەر ئەمەریکا هەڵدەگرن. لەبەر ئەوە ئومێدی من ئەوەیە کە داوایەکی یاسایی بەرزبکرێتەوەو حوکمی نادەستووریبوون بەسەر ئەم یاسایەدا بدرێت. چونکە ڕاستە لە ئەمەریکا کۆنگرێس یاسا دەردەکات، بەڵام دادگای باڵای ئەمەریکا دەتوانێت حوکمی نادەستووریبوونی ئەو یاسایە دەربکات، بەڵام ئەمەش کاتی دەوێت، چونکە دادگای باڵا خۆی ئەم کارە ناکات، بەڵکو دەبێت بە پێی ڕێکارەکان بێت.

*** ئایا پێتانوایە لە ئێستادا ڕووسیا بۆتە هەڕەشە لەسەر سیستمی نێودەوڵەتی بەتایبەتی دوای ئەوەی هەڵسا بە داگیرکردنی کرێمیا و دوای ئەوەی دەستێوەردان و بۆردومانە ئاسمانییەکانی لە سووریادا چڕکردۆتەوە؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە سەرکردایەتی ڕووسیا سیاسەتێکی زۆر توند دەگرنەبەر، بەڵام ڕووسیا چەندین کێشەی ناوخۆیی هەیەو ئەوەی جێی سەرنجی منیشە ئەوەیە کە ئەو کار و کردەوانەشی لە دەرەوە ئەنجامیان دەدات، ئیدی لە سووریا بێت، یان کارکردن بێت بۆ لاوازکردنی ڕۆژئاوا نابنەهۆی بەهێزکردنی ڕژێمەکەی پۆتین.

**ئەگەر ئێمە بمانەوێت هاوپەیمانێکمان هەبێت، ئەوا هەرێمی کورستان کاندیدێک دەبێت لەبەر ئەوەی قەوارەیەکی کاراتری لە حکومەتی عێراقی هەیە**

**تورکیا زۆر ناڕەحەتە بە دروستبوونی ڕۆژئاڤا، بەڵام پێموایە بەچەشنی ئەوەی مامەڵەیان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق کرد، ئەوا وردە وردە دێنەسەر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ کوردی سووریاشدا بکەن**

**ئەگەر هێزە گەورەکان نەتوانن دۆخی ناوچەکە ئاسایی بکەنەوە، ئەوا ڕوون نییە کە ئێرانیش بتوانێت ڕۆڵێکی گەورەتر لە ئێستای بگێڕێت**

# هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق دوای کۆتاییهێنان بە داعش



**د. عمر ڕەنگێنەیی***

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

دوای شکستە یەك لەدوای یەکەکانی داعش و ئامادەکاری لۆجستیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و پێشمەرگەو سوپای عێراق بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی موسڵ، هەمووان باس لەقۆناغی دوای داعش دەکەن کە قۆناغێکی هەستیارو پڕ لە ململانێ و کێشمەکێشمی سیاسی دەبێت بۆ هەرکام لە نەتەوەو تایفەو ئایینزا عێراقییەکان و هێزە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە بە وڵاتانی دەوروبەری عێراقیشەوە، تەنانەت باس لەسەر لەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی و جوگرافی عێراقیش دەکرێت.

لەئێستاشەوە ئەجیندا و ململانێیەکانی هەردوو وڵاتی تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران دیارو لەبەرچاوە. کەواتە هەمووان بەدوای بەرژەوەندی خۆیانەوەن، کوردیش بەهەمان شێوە کارەکتەرێکی سەرەکی و گرنگە، بەڵام پێویستی بەنوێبوونەوەو پێداچوونەوەو پلانسازی هەیە، بەتایبەتی کە گۆڕانکاریی سەرەکی و ڕیشەیی بەسەر ئەجینداو خواستی جەمسەرەکان روویداوە، هەروەکو چۆن گۆڕانکاری بەسەر کۆدەنگی و قورسایی کوتلە عەرەبییە شیعەو سوننەکاندا هاتووە. بۆ نموونە پێشتر سوننە دژی فیدراڵییەت بوو، کەچی ئێستا لە ناو هێزە عێراقییەکاندا بەڕوونی و ڕاشکاوی داوای فیدراڵیزم و بگرە کۆنفیدراڵیش بۆ ناوچەکانیان دەکەن و بەتەواوەتی بێ ئومێد بوون لە حوکمڕانیی شیعەکان، چونکە ئەوەی بەشێك لە حوکمدارانی شیعە بە سوننەکانیان کرد، رژێمی بەعسیش وای بە شیعەکان نەکردووە، هەربۆیە ئەوان ئێستا بۆیان دەرکەوت کوردستان تاکە ناوچەی ئارامی ئەوانە، هاوکات دەبێت ئێمەی کورد ئەو راستییەش بزانین کە هێزە شیعەکان هەمان هێزی ساڵەکانی ۲۰۰۳ و دواتر نین و گۆڕانکاری بەسەر هاوپەیمانەکانیاندا هاتووە کە ئەو کات کورد بەشێك بوو لەو هاوپەیمانێتییە، ئەمە وێڕای بوونی میلیشیاتی چەکداری و توندڕۆیی تائیفی کە تەنانەت دژی مافە رەواکانی گەلی کوردستانیشن.

لەئاستی دەرەکی و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیشدا پێوەندی سەرکردایەتی کورد بەرەوپێشچوونی فرەی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتی دوای نەبەردییەکانی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش و پێشوازیکردنی لێقەوماوان و سەلماندنی ئەوەی کوردستان تەنیا پێگەیەکە لەم ناوچەیەدا کە هەموو نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان دەتوانن بەئارامی تێیدا بژین. لەهەمان کاتدا بەشێکی زۆری هێزە سەربازییە نێودەوڵەتییەکانی دژی داعش لە سەرخاکی هەرێم و کوردستاندا بەکردەیی بوونیان هەیە، بێگومان رۆڵی کارای هێژا مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەکاری دیپلۆماسی و سیاسی و سەربازی دیارو لەبەرچاوە کە تاچەند سەرکەوتوو بووە لەپتەوکردنی پێوەندییەکانی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی وڵاتانی پێشکەوتوو و ناوەندەکانی بڕیار، لەناوخۆی عێراقیشدا بەهەمان شێوە سەردانە گرنگەکەی ئەم دواییەی جەنابیان و شاندی باڵای بۆ بەغدا جوانترین نموونەیە، گەرچی لەناوخۆی عێراقدا گروپێکی شوڤێنی و بەرتەسك بەبیری تائیفی بوونیان هەیەو رێگرن لەپێکەوەژیانی پڕ لەتەبایی و شەراکەتی راستەقینەو هاوسەنگیی

نێوان پێکهاتەکان، هەربۆیە لەم روانگەیەوە دەبێت لەدوای داعش لەخەمی عێراقێکی نوێدا بین.

کەواتە بڕیاربەدەستانی کوردستان، دەبێت هەر لە ئێستاوە دەستیان کردبێت بە پۆلێنکردن و دیاریکردنی هێزە یارو نەیارەکانی کورد لەنێوخۆی عێراق و دەرەوەی ئەو وڵاتە، بەتایبەتی ئەو هاوپەیمانێتییانەی دژی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان دەوەستن، بەتایبەتیتر ئەو میلیشیایانەی کە ئەجینداو خواستی دەرەکی لەپشتیانەوە بوونی هەیە، ئەم هێزگەلە نادیموکراتانە لەهەمووان مەترسیدارترن دەبن لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی عێراق و ناوچەکە بەگشتی و کوردستانیش بەتایبەتی، هەر بۆیە کارنامەی سەرکردایەتی ڕەسەنی کوردەواری و حکومەتی هەرێمی کوردستان نابێت هەر بەوەوە خۆی ببەستێتەوە کە لەنێوخۆی عێراقدا هەر لەخەمی دابینبوونی مافە نەتەوەیی و سرووشتییەکانی خەڵکی کوردستاندا بێت، بەڵکو دەبێت شێلگیرانە پشتیوانی خۆی بۆ هێزە میانەڕۆ و دیموکراتخوازەکانی عێراق دەربڕێ و کاری جددییان لەگەڵ بکات بۆ دەربازبوونی عێراق لە دۆخی شپرزەیی تایفەگەری و مامەڵەی دیکتاتۆرییانەی بەشێك لە حوکمدارانی عێراق، بۆیە پێویستە هاوپەیمانی نۆییان لەگەڵدا ببەستێت بۆ ئەو مەبەستانە، چونکە ئاسایشی نەتەوەیی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستانییان بەتەواوی بەندە بەوەی جڵەوی دەسەڵات لە عێراق و تەنانەت لە دەوروبەریش، هەردەم لە دەستی هێزە ئاشتیخوازو دیموکرات و مرۆڤدۆستەکاندا بێت، تەنانەت ئەگەر سەربەخۆیی کوردستانیش بێتەدی. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دیسانەوە زۆر گرنگە کە ناوەندی بڕیاری کوردایەتی؛ پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زێدەتر بکات. خاڵێکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە ناوەندی بڕیاربەدەستی کوردی هەردەم لەبیری ئەوەدا بێت کە وڵاتانی دراوسێی هەرێم لەخۆی نزیك بکاتەوەو ئارامیی سنوورەکانیان و بەرژەوەندییە ڕەواو یاساییەکانیان لەبەر چاو بگرێت و بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵیاندا دروست بکات؛ کەواتە ناوەندی بڕیاربەدەستی کوردی دەبێت زۆر بە خێراو بە وردی لەسەر سێ ئاست هەوڵ و تەقەلاکانی خۆی بخاتەگەڕ (یەکەم: لە سەرئاستی ناوخۆی عێراق — دووەم: لە ئاستی نێودەوڵەتی — سێیەم: لە ئاستی ناوخۆی کوردستان). ئەگەر ناوەندی بڕیاربەدەستی خۆماڵی و کوردستانی بتوانێت هێزە سیاسییەکانی کوردستان یەکانگیر بکات لە پێناوی گەیشتن بەئامانجە ڕەواو ستراتیژییەکانی کوردایەتی، ئەوە بێگومان دەرنجامی زۆر باشتری بۆ کوردستان لێدەکەوێتەوە.

هەرچۆنێك بێت زۆر ئەستەمە دوای جەنگی داعش بتوانرێت بەر بە پێکداهەڵپژانی میلیشیای هەردوو لایەنی سوننەو شیعە بگیرێت، ئەوە ئەگەر ئەو ڕەوشە لوولەی چەکەکان ئاراستەی کورد خۆیشی نەکرێت؛ خۆ ئەگری زۆریش هەیە کەواش بکەوێتەوە، چونکە خاوەنی ئەو میلیشیایانە هەرگیز ئەوەیان بەئاسانی پێ قوت ناچێت میلیشیاکانیان لە چەك داماڵدرێن و ئەجینداو بەرژەوەندییەکانیان بکەوێتە ژێر مەترسییەوە، جا ئەو خاوەنانە چ ناوخۆیی بن، یان دەرەکی. واتە ئەو چەکدارانە لە بنەڕەتدا دروستبونیان مەبەستگەلی فرەڕەهەندی لە پشتەوەیەو لەخۆڕا دروست نەبوون، بەڵکو وا دروست بوون، ئەو مەبەست و ئەجیندایانەی خاوەنەکانیان بگەیەننە ئامانج، هەموو سیناریۆکانی ئایندەی میلیشیا چەکدارەکان لەدوای جەنگی دژە داعش جێگەی قبووڵی هەمووان نین، هەربۆیە ئایندەی عێراقی دوای داعش تا ڕاددەیەکی زۆر تەم و مژاوی دێتەبەرچاو، خۆ ئەگەر بێتو پێکداهەڵپژانی چەکداری لە نێوان پێکهاتەکاندا بێتەئاراوە، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پێوەندیدار بەعێراقیش ئەگەر نەیانتوانی کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەن، ناچاردەبن بیر لە لێك جیاکردنەوەی نێوان پێکهاتەکان بکەنەوە، چونکە ئەگەر وانەکەن، بەرژوەندییەکانی خۆیان دەچنە ژێر مەترسییەوەو ئاسایشی نەتەوەییان لاسەنگ دەبێت، ئەو لێك جیاکردنەوەش ئەگەر جیاکردنەوەی یەکجارەکی نەبێت لە نێوان هەرسێ پێکهاتەی شیعەو کورد و سوننەدا؛ بێگومان جیابوونەوەی فیدڕاڵی، یان کۆنفیدڕاڵی لێ دەکەوێتەوە.

هەڵبەتە لەم سەروبەندانەدا کرۆك و ناوەڕۆکی ئەم گوتارە زیاتر بۆ ئەوەیە کە باشووری کوردستان چۆن لەنێو ئەم هەموو ململانێ و گێرمەو کێشمەکێشانەدا دەتوانێت لەو دۆخە دەربازی بێت و هاوکاتیش بگاتە ئامانجە ڕەواکانی خۆی؛ کە لە سەربەخۆییدا خۆی دەبینێتەوە؟ هەرچەندە ناکرێت بگوترێت کە هیچ کەموکورتییەك لە حوکمڕانی هەرێمدا بەدی ناکرێت، بەڵام ئەگەر دۆخی ئابووری هەرێم و ئەو ئاستەنگە یەك لە دوای یەکانەی بۆی دێنەپێشێ، یان لەملاو

**ئەم حکومەتە بەهەموو پێوەرێکی نێودەوڵەتی، هەموو ئامرازەکانی بەدەوڵەت بوون و سەربەخۆبوونی تێدایە، بۆیە دەشێت بڵێین دواهەنگاوی کاربەدەستانی هەرێم و لایەنە ڕەسەنەکانی سەر گۆڕەپانی کوردایەتی دەبێت بۆ سەربەخۆیی یەکجارەکی باشووری کوردستان بێت**

**ئاسایشی نەتەوەیی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستانییان بەتەواوی بەندە بەوەی جڵەوی دەسەڵات لە عێراق و تەنانەت لە دەوروبەریش، هەردەم لە دەستی هێزە ئاشتیخوازو دیموکرات و مرۆڤدۆستەکاندا بێت، تەنانەت ئەگەر سەربەخۆیی کوردستانیش بێتەدی**

**لەناوخۆی عێراقدا گروپێکی شوڤێنی و بەرتەسک بەبیری تائیفی بوونیان هەیەو ڕێگرن لە پێکەوەژیانی پڕ لەتەبایی و شەراکەتی راستەقینەو هاوسەنگیی نێوان پێکهاتەکان، هەربۆیە لەم روانگەیەوە دەبێت لەدوای داعش لەخەمی عێراقێکی نوێدا بین**

**رۆڵی کارای هێژا مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەکاری دیپلۆماسی و سیاسی و سەربازی دیارو لەبەرچاوە کە تاچەند سەرکەوتوو بووە لە پتەوکردنی پێوەندییەکانی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی وڵاتانی پێشکەوتوو و ناوەندەکانی بڕیار**

**لەئاستی دەرەکی و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیشدا پێوەندی سەرکردایەتی کورد بەرەوپێشچوونی فرەی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتی دوای نەبەردییەکانی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی داعش و پێشوازیکردنی لێقەوماوان و سەلماندنی ئەوەی کوردستان تەنیا پێگەیەکە لەم ناوچەیەدا کە هەموو نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان دەتوانن بەئارامی تێیدا بژین**

**پێشتر سوننە دژی فیدراڵییەت بوو، کەچی ئێستا لە ناو هێزە عێراقییەکاندا بەڕوونی و ڕاشکاوی داوای فیدراڵیزم و بگرە کۆنفیدراڵیش بۆ ناوچەکانیان دەکەن و بەتەواوەتی بێ ئومێد بوون لە حوکمڕانیی شیعەکان، چونکە ئەوەی بەشێک لە حوکمدارانی شیعە بە سوننەکانیان کرد، ڕژێمی بەعسیش وای بە شیعەکان نەکردووە**

ئەولاوە بۆی دروست دەکرێت، کەموکورتییەکان لە چاویاندا هێندە گەورە نین کە نەتوانێت چارەسەری بکات، بەتایبەتی لەگەڵ بوونی ئەو هەموو فاکتەرە پۆزەتیڤەی کە پێشتر باسمان کرد کە واقیعێکی وای خوڵقاندووە وەکو دەوڵەتێکی یاسایی شارەزا لە عورفی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی و یاساکانی، مامەڵەی لەگەڵ کێشەوگرفتی وڵاتانی ناوچەکەو جیهان کردووە، لەلایەکی ترەوە ئەم هەرێمە خاوەنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە هێزێکە تا ڕادەیەکی باش ڕێکخراو و تۆکمە و خاوەنی بیروباوەڕی سەربازی خۆیەتی؛ لە هەمان کاتدا هەڵگری هزرێکی نەتەوەیی ناشۆڤێنیی مرۆڤدۆستانەیەو پابەندە بەهەموو پرەنسیپەکانی سەربازی و مرۆڤدۆستی و مافەکانی مرۆڤەوە، بگرە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بواری پاراستنی مافی مرۆڤدا زیاتر لە هێزی سەربازی عێراق و وڵاتانی دەوروبەرمان پابەندی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بووە، بەکورتی و کورمانجی ئەم حکومەتە بەهەموو پێوەرێکی نێودەوڵەتی، هەموو ئامرازەکانی بەدەوڵەت بوون و سەربەخۆبوونی تێدایە، بۆیە دەشێت بڵێین دواهەنگاوی کاربەدەستانی هەرێم و لایەنە ڕەسەنەکانی سەر گۆڕەپانی کوردایەتی دەبێت بۆ سەربەخۆیی یەکجارەکی باشووری کوردستان بێت، لەو ڕووشەوە دوو دەرفەتی دەستووری یاسایی بەدی دەکرێن، یەکێکیان ئەوەیە دەستووری عێراق وا داڕێژراوە کە ئەگەر بێتو حکومەتی ناوەند پابەند نەبێت بەو دەستوورە، ئەوا هەرێمی کوردستان بۆی هەیە پرسی جیابوونەوە بخاتە بەردەم کاربەدەستانی ناوەند، لەهەمان کاتیشدا بۆ چارەسەرکردنی هەندێك گرفتی دی لەنێوان پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا، خۆ ئەگەر ئەوەش نەکرێت زوربەی لایەنە عێراقییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی پێداچوونەوە بە دەستووری عێراقدا بکرێت، ئەو پێداچونەوانەیەش بێگومان بەبێ کورد ناکرێت، بۆیە دەتوانریت لەوێدا ماددەیەك جێی بکرێتەوە، کە هەر پێکهاتەیەك بۆی هەیە جیابوونەوەی خۆی ڕابگەنێت، ئەگەر هاتوو نەیانتوانی پێکەوە هەڵبکەن.

ئەمانەی ئێستاو پێشتریش باسکران و چەندین فاکتەری تریش هەموویان خاڵی ئەرێنی و گرنگ و چارەنوسسازن سەبارەت بە ئایندەی باشووری کوردستان کە دەتوانرێت ببنە فاکتەری هەرە گرنگی وەدەست خستنی تەواوی مافەکانی خەڵکی کوردستان و سەربەخۆیی، واش پێدەچێت کە دوای وەدەرنانی داعش لەخاکی عێراق، ئەوانەی کە پێشبینی دەکرێت ڕووبدەن — ئەگەر بەباشی و بەکارامەیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و گێرەشێوێنانی ناوخۆیی بەفیتی بێگانەی نەیار ئاستەنگ دروست نەکەن - باشترین دەرفەت بۆ کوردستان و خەڵکە ستەمدیدەکەی برەخسێنن تاوەکو بگەنە خەمی لەمێژینەیان، بۆ سەربەخۆیی و ئازادی.

دوای ئەمانە تەنیا یەك شتێ دی کە دەبێت کاری جددی لەسەر بکرێت، گریدانی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی کوردستانە بە بەرژەوەندی و ئەجیندا و ستراتیژ و ئاسایشی نێونەتەوەیی ڕەوا و بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، بەتایبەتی هاوپەیمانی نێونەتەوەیی دژی داعش، واتە کاری کارێکی وابکرێت کە ئەوان و دەرودراوسێش بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەڕووی ستراتیژ و ئاسایشی نەتەوەییەوە؛ لە دروستبونی دەوڵەتێکی کوردستانی سەربەخۆدا ببیننەوە، ئەمانەش خۆ ئەگەر تا ڕادەیەکیش قورس بن، بەڵام ئەستەم نین؛ چونکە تاوەکو ئێستا هەنگاوگەلێکی بەرچاو لەلایەن حکومەتی هەریمەوە بەو ئاراستەیە نراوە؛ زۆربەی هاوپەیمانی نێونەتەوەیی وەکو حکومەتێکی دیفاکتۆی سەربەخۆ، یان نیمچە سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ کوردستانی باشوور دەکەن، هەر ئەوەش وای کردووە کە سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران و وەزیرەکانی کۆماری تورکیا و گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتە بەفەرمی سەردانی هەرێم بکەن و تێیدا بمێننەوە، گەورە بەرپرسانی هەرێمیش پێشوازیی فەرمیی حکومەتانیان لێ بکرێت، لەولاشەوە گەورە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بەهەمان شێوە ئەو سەردانانەیان کردووەو بە شێوازی فەرمی حکوومی پێشوازییان لێکراوە، خۆ ئەمانە ئەگەر دانپێدانانی ڕاشکاوانە نەبن بەسەربەخۆیی کوردستانی باشووردا، بەدڵنیاییەوە جۆرێکە لە دانپێدانانی (ضمني) واتە، ئەم حکومەت زیانی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەی ئەوان نییەو مامەڵەی یاسایی نێونەتەوەیی دروستی لەگەڵیاندا کردووەو بەرژەوەندییەکانی ئەوانی نەخستۆتە ژێر مەترسییەوە، ئەمە بۆ حکومەتی کوردستانیش ئاماژەی زۆر باشی هەیە کە لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت لەمەولا هەنگاوەکان بەباشی و بە ژیرانەتر بنێت، تاوەکو سەربەخۆیی خۆی مسۆگەر بکات.

*مامۆستای زانکۆی سلێمانی

# ئایا دەوڵەت چارەسەرە؟



وداد حەمە غەریب*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

دیارە هەر نەتەوەیەك لەسەرەتادا پێناسەیەكی لۆكاڵی هەڵدەگرێت و خەونەكانیشی بەقەدەر قەبارەی خۆی دەبێت، بەشێوەیەكی گشتی هێندێ جاریش نەتەوەیەك هەڵگری خەونێكی زۆر گەورەتر دەبێت لە قەوارەی خۆی، بەڵام ئەگەر نەتەوەی كورد بە نموونە وەربگرین، دەبینین هەمیشە خەونەكانی بەپێی قۆناغ و قەوارەی خۆی بووە، هێندێ جاریش خەونی بچووكتری لەقەوارەی خۆی هەبووە.

بەدرێژایی مێژوو جگە لە داواكاری و خەون بینین بەشێوەیەكی كرداری لە رێگەی شۆڕشەوە رووبارێك خوێنی لەپێناو داواكارییەكانیدا رشتووە و جیهانیش بەشێوەیەكی بێباكانە قوربانییەكەی لەبەرچاو گرتووە، تەنانەت لەو سەردەمانەشدا كە هەوڵی لەناوچوون و نەمان و پاكتاوكردنی كوردیان داوە.

لێرەدا باسی سەرەكیی ئێمە گێڕانەوەی مێژوو نییە، بەڵكو باسكردن لە ئێستا و داهاتووە، ئێستاش بەپێچەوانەی سەرجەم قۆناغەكانی رابردووەو سەرەڕای گۆڕینی نەخشەی ناوچەكەو ویستی ئەو هێزانەی رەسمی سیاسەتی جیهان دەكەن بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی و ئابووریی ناوچەكە، كورد توانیویەتی خۆی وەكو ژمارەیەكی بایەخدار وێنا بكات و بۆتە جێگەی سەرنجی جیهان، لە رووی ئیداریشەوە بە هەموو كەموكوڕییەكانیەوە توانیویەتی مومارەسەی ئیداری و دەوڵەتداری بكات و تا رادەیەك بۆتە خاوەنی ئەزموون، هەر بۆیە كاتی ئەوە هاتووە كورد كار بۆ بنیادنانی دەوڵەت و سەربەخۆیی كوردستان بكات.

بنیادنانی دەوڵەت خەونی هەمیشەیی كورد بووەو خوێنی زۆری بۆ رشتووەو قوربانیی زۆری لە پێناودا دراوە، ئێستاش دەرفەتێكی باش هاتۆتەپێشەوەو لەلایەن وڵاتانی رۆژهەڵات و رۆژئاواشەوە داكۆكی لەو مافەی كورد دەكرێت. كەواتە زەروورە لە رووی سیاسەتی دەرەكییەوە بەباشی و بەشێوەیەكی تەندروست مامەڵە بكەین، بەڵام بەشێوەیەك لە شێوەكان دەردەكەوێت كە لەناوخۆدا، یا ئەوەتا نەمانزانیوە سیاسەتێكی دروست بكەین، یا بەشێك لە سیاسییەكانمان بەشێوەیەكی بەرنامە بۆدارێژراو لە دژی دەوڵەتی كوردستان كاردەكەن و خەڵكی لێ سارد دەكەنەوە، بێ ئەوەی بیر لەوە بكەنەوە هەمیشە دەرفەت نارەخسێ و ئەم قۆناغەش هەروا بەردەوام نابێت. جا ئەوەی ماوە بیڵێم ئەوەیە كە سیاسییەكانی كورد دەبێت لەئاستی دۆخەكەدا بن و توانای ئەوەیان هەبێت لەگەڵ ئەم رووداوە خێرایانەدا رێبكەن و كەڵك لە لەحزەكانی ئێستا وەربگرن بۆ بنیادنانی ئایندە، ئەگەرنا بەدڵنیاییەوە دەوڵەت دەبێتە خەونێكی زۆر ناشیرین تا رادەی نائومێدی و لەبیركردن.

هیچ پاساوێكی لۆژیكی نییە بۆ رەتكردنەوەی دەوڵەت. هەمیشە گەورەترین پاساوێك بۆ رەتكردنەوەی شتێك بەدیلێكی باشترە، بەڵام ئایا كورد هیچ هەڵبژاردنێكی باشتری هەیە لەسەربەخۆیی زیاتر؟

ئایا رەتكردنەوەی سەربەخۆیی جگە لە بەهەدەردانی خوێنی شەهیدان و لەبەرچاو نەگرتنی ماڵوێرانیی میللەتێك چیتر دەگەیەنێت؟

پێویستە كاری جەوهەری بكرێت سەبارەت بەم پرسیارەو وەڵامێكی لۆژیكی و باوەڕهێنەر بە خەڵك بدرێتەوە، بۆیە لەم سۆنگەیەوە داوا لەسەرجەم لایەنە سیاسییەكانی باشووری كوردستان دەكەم لەم ساتەوەختەدا هەموو ململانێیە سیاسییەكانیان وەلاوە بنێن و لە دەوری یەك دەست لەناو دەست كۆببنەوە بۆ ئەوەی نەخشەڕێگەیەكی جوان و گونجاو دابڕێژن بۆ خۆئامادەكردن بۆ هەموو ئەگەرێك لە كاتی گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گەورەكەی میللەتەكەمان كە ئەویش راگەیاندنی سەربەخۆییە، بێگومان ئەگەر هەر هێزێكی سیاسی پێچەوانەی ئەم هەنگاوانە كاربكات، ئەوا دڵنیاین مێژوو رەحم بە كەس ناكات .

*** ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق**



نۆرما کلێر پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان بۆ گوڵان:

# دەکرێت کوردستان ببێتە هێزێکی ئیجابی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری پرسەکانی ناوچەکە

**نۆرما کلێر مۆروزی، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری زانستی سیاسی لە زانکۆی جۆنزهۆپکینز بەدەست هێناوە، لە ئێستادا پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئیلینۆیس و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتە نێودەوڵەتییەکانە لە هەمان زانکۆ، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند بوارێکی گرنگ دەدات، وەك تیۆری سیاسی و سیاسەتی ناسنامەی کۆمەڵایەتی. بۆ تیشك خستنەسەر ئەو بارودۆخە ناهەموار و کارەساتبارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا تێدەپەڕێت و بۆ تاوتوێکردنی ئەگەرەکانی گەیشتن بە چارەسەرێکی نوێ بۆ کێشە و ئاڵۆزییەکانی ئەم ناوچەیە، هەروەها بۆ باسکردنی رۆڵی هەڵکشاوی ڕووسیا لەم ناوچەیە و پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە، گوڵان دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی خستەڕوو.**

*** ئەگەر بە پرسیارێکی گشتی و گشتگیر دەست پێبکەین، ئایا چۆن لە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت؟**

- بارودۆخێکی پڕ لە کارەسات و تراژیدیایە، خەریکە بڵێم بارودۆخێکە قابیلی وێناکردن نییە، واتە ئەوەی لە ماوەی ١٠ساڵی ڕابردوودا گوزراوە، هەلومەرجێکی پڕ لە مەرگەسات بووە. ڕاستە دۆخی هەر وڵاتێك جیاوازە، بەڵام من لە ژیانی خۆمدا ئەم ژمارە زۆرەی خەڵکم نەبینیوە کە ناچاربن ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە هەل و مەرجەکە خراپتر بووە بۆ خەڵکە ئاساییەکە، هەرچەندە ئەمە مانای ئەوە نیە کە پێشتر لە دۆخێکی باشدا بوون، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت زۆر خراپە و تراژیدیایە.

*** ئایا پێتانوایە دۆخەکە بە ئاستێك خراپ بووە کە چیتر چارەسەرەکانی پێشوو دەرمانی دەردی ئەم ناوچەیە ناکەن و پێویستە بیر لە چارەسەرێکی دیکە بکرێتەوە و دابهێنرێت؟**

- هەرچەندە من پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە دۆخەکە یەکجار خراپە، بەڵام ئەمە دۆخێکە و دەستکردی مرۆڤە و ئەمە کارەساتێکی سروشتی نییە، – ئەگەرچی کارەساتی سروشتیش ڕوویداوە، وەك گۆڕانی ژینگە و ...هتد-، واتە ئەمانە کێشەی سیاسین، لەبەر ئەوە دەبێت چارەسەری سیاسیش هەبن، بەڵام دەبێت ئەم چارەسەرانە دابهێنرێن، واتە ناکرێت لەسەر سیاسەتی کورتبینانەی ڕەتکردنەوە و یەکتر تۆمەتبارکردن بەردەوام بین.

*** ئەگەر لە بارودۆخی سووریا بڕوانین، ئەوا پێدەچێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستەوەستان بێت لە گۆڕینی بارودۆخی ئەو وڵاتە بەرەو باشتر، کە بەم دواییە ئاگربەست و پرۆسەی سڕکردنی کردەوە سەربازییەکان داڕووخا، ئایا پێتوایە جەنگێکی دیکەی جیهانی لە ئاسۆدا دەرکەوتووە؟**

- هیوادارم وا نەبێت، من لە ئەمەریکام و باس لە هەڵوێستی ئەمەریکا دەکەم، کە ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکاش گیرۆدەی ئەو دەردە بووە کە تێیدا تۆ لەبەر ئەوەی کەسێکت ناوێت، ئەوا پشتیوانی کەسێکی دیکە دەکەیت، بە بێ ئەوەی هەوڵ بدەیت هەڵوێستێکی واقیعبینانە بگریتەبەر و بە بێ ئەوەی بزانیت ئایا سیاسەتە گشتییەکە چییە و ئایا سیاسەتە مەحەلییەکە چییە، کەواتە ئەوەی ڕوویدا جێی سەرسوڕمان نییە. بەڵام من ئومێد دەکەم دەرئەنجامی هەڵپەساردنی گفتوگۆکانی نێوان ئەمەریکا و ڕووسیا، دەستپێکردنەوەی گفتوگۆیەکی واقیعبینانەترو گشتگیرتر بێت. چونکە ناکرێت ئەمەریکا هێڵی سوور دابنێت و هەڕەمەکییانە پشتیوانی موعارەزە بکات و ڕایبگەیەنێت ئێمە هیچ پێوەندیمان بە ئەسەدەوە نییە، من لێرەدا بەرگری لە ئەسەد ناکەم، بەڵام گفتوگۆکردن بۆ ئەوەیە پێکەوە دابنیشیت بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو بگەیتە چارەسەرێکی سیاسی و بنیادنەر بۆ کێشەکە. نەك هەر لە سەرەتاوە ڕایبگەیەنیت کە من دەمەوێت لایەنەکەی من لە شەڕەکەدا براوە و سەرکەوتوو بێت، بە بێ ئەوەی بزانیت بڕیار و دەرئەنجامەکە چی دەبێت، کە پێموایە تا ئێستا ئەمە هەڵوێستی ئەمەریکا بووە. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە هەڵپەساردنی گفتوگۆکان کارێکی باش نییە، بەڵام ڕەنگە سەربکێشێت بۆ گفتوگۆگەلێکی دیکەی بنیادنەرتر.

*** هەروەك دەزانن لە ئێستادا سنوور و دامەزراوەکانی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا دادەڕووخێن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سنوورەکان بوونەتە بەربەستی سەرەکی لەبەردەم هەر چارەسەرێکی نوێدا؟**

- مەرج نییە سنوورەکان ئاستەنگی سەرەکی بن، ئەوە ڕاستە کە سنوری زۆرێك لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە سنوورێکی هەڕەمەکین، بەڵام بوونەتە سنوورێکی مێژووییش، لەبەر ئەوە گۆڕینیان بە هیچ شێوەیەك چارەسەر نییە. ڕاستە ئێمە لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا هەڵوەشانەوە و دابەشبوون وڵاتانمان بەدی کردووە، کە هەندێکیان ڕاددەیەکی گەورەی توندوتیژی و کارەساتیان لەخۆگرتووە، وەك لەبەریەك هەوەڵشانەوەی یوگسلافیای پێشوو، لە هەمان کاتدا حاڵەتی دیکە هەبووە کە پرۆسەکە بە بێ کێشە ئەنجام دراوە، وەك دابەشبوونی چیك و سلۆڤاکیا، یاخود با بڵێین یەکگرتنەوە ڕوویداوە، وەك یەکگرتنەوەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و بوونیان بە یەك وڵات، واتە سنوورەکان هەمیشەیی نین. لەبەر ئەوە کێشەیەکی گەورەیە ئەگەر پێتوایە لە نێوەندی ئەم پشێویە گەورەیەدا سنوورەکان بەربەستی سەرەکین.

*** پێتوایە ئێران سوودی لەم بارودۆخەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرگرتووە، بەتایبەتی کە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بە تەواوەتی سەرقاڵن بە کێشە و شەڕە ناوخۆییەکانیانەوە، ئەمەش دەرفەتی بۆ ئێران دروستکردووە کە پەرە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات لەم ناوچەیەدا و لەم ڕووەشەوە سەرکەوتوو بووە؟**

- پێموایە سەرکەوتوو بووە، بەڵام نەك بە دیوە سلبییەکەیدا، لەبەر ئەوەی ئێرانیش بە ڕاددەیەکی گەورە سەرقاڵە بە کێشە ناوخۆییەکانیەوە، ڕاستە هاوشێوەی عێراق و سووریا نییە و دووچاری توندوتیژی و نائارامی نەبۆتەوە، واتە لەو ڕووەوە وڵاتێکی سەقامگیرە. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە تورکیاش هەوڵی داوە پەرە بە دەستڕۆیشتویی خۆی بدات، بە هەمان شێوە سعودیەش هەوڵێکی زۆری خستۆتەگەڕ لەم ڕووەوە. کەواتە ئەمە هەمان کێشەیە کە یەخەی ناوچەکەی گرتووە، کە مەبەستم لە شەڕی بەوەکالەتە، ئەمە لە یەمەندا دەبینین، هەروەها لە سووریاشدا ڕوونە. لەبەر ئەوە بە باوەڕی من ئێران بە شێوەیەکی ستراتیژییانە ڕەفتاری کردووە و وردبووە لە هەنگاوەکانیدا لە میانەی پشتیوانیکردنی کاراکتەرە مەحەلییەکاندا، لەبەر ئەوە باوەڕم وانییە ئێران پشتیوانی پشێوی بکات، بەڵکو بوونی پشێوی بە کێشە دەزانێت بۆ خۆی. هەرچی سعودیەیە، ئەوا ژیرییەکی کەمتر دەنوێنێت لە پیادەکردنی سیاسەتی دەرەوەیدا و پتر لەسەر بنەمای مەزهەبی هەڵسوکەوت دەکات و زیاتر پشتیوانی تایفەگەری دەکات و بە ڕاستی سعودییەکان هەوڵیانداوە کە سوود لە بارودۆخەکە وەربگرن، ئەویش بە ڕاددەیەکی گەورە لە ڕێی پاڵپشتیکردنی توندوتیژی و ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکەوە.

*** ئاشکرایە بەم دواییە تورکیا لە ڕووسیا نزیك بۆوە، هەروەها بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستێوەردانی لە سووریادا کرد، ئاپا پێتوایە هاوپەیمانێتیەکی نوێ لە نێوان ئێران و ڕووسیا و تورکیادا دروست بووە و ئەمەش لەسەر حیسابی ئەمەریکا و هاوپەیمانێتی دژ بە دعش شکاوەتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە لە مانگی ڕابردوودا ئاڵوگۆڕ دروست بووە و گۆڕانکاریش لەسەر ئەرزی واقیع ڕوویداوە، بەڵام نەك بە هۆی ڕیزبەندی نوێ لە نێوان ڕووسیا و ئێران و تورکیادا، چونکە ئەم سێ وڵاتە تێڕوانینی زۆر جیاوازیان هەیە بۆ پێگەی خۆیان لە سووریادا. پێمو وایە ڕووسیا و ئێران هاوپەیمانێکی ستراتیژییان پێکهێناوە لەو ڕووەوە، هەروەها وردترن لە تێگەیشتنیاندا لە ئاست ئەوەی لە سووریادا دەگوزەرێت، بەڵام سیاسەتی تورکیا پێشبینی نەکراو بووەو دەبینین لە ماوەی چەند مانگ و ساڵی ڕابردودا ئەردۆغان کەسێکی پێشبینیێ نەکراو بووە لە هاوپەیمانێتییەکانیدا و پتر بایەخی بە پێگە نیشتمانییەکەی داوە. لە ئێستاشدا تورکیا لە پێوەندییەکی باشدایە لەگەڵ ڕوسیادا، بەڵام مەرج نییە لە پێوەندییەکی باشدا بێت لەگەڵ ئێراندا. هەروەها سیاسەتی دەرەوەی تورکیا سیاسەتی خودی ئەردۆغان بووە، واتە هەڕەمەکی و پێشبینی نەکراو بووە و پتر تەرکیزی لەسەر ئەجێندا سیاسییە ناوخۆییەکان کردۆتەوە، نەك ئەوەی ستراتیژیەتێکی هەبێت لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا. ئەمە لە کاتێکدا ڕووسیا و ئێران ستراتیژیەتێکیان هەیە —ئیدی هەڵە بێت، یان ڕاست-، بەڵام تورکیا ئەم ستراتیژیەتەی نییە. ئەگەر هەشی بێت ئەوا ستراتیژیەتێکی کورتبینانەیە و تەنیا لە دژایەتیکردنی کوردا کورت بۆتەوە، ئەمەش بە تەواوەتی پەیوەست و گرێدراوی سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتەکەیە.

*** ئایا پێتوایە وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر دەرکردنی یاسای دادپەروەری دژ پشتیوانانی تیرۆر، یان ئەوەی بە جاستا ناسراوە، سعودیە پتر لە ڕووسیا نزیك ببێتەوە؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئەم یاسایە سعودیەی نیگەران کردووە، هەروەها زۆر خەڵکی دیکەشی نیگەران

**کوردستان هەرێمێکی کاریگەر بووە بە بەراورد بەوەی لە ناوچەکەدا دەگوزەرێت، سەقامگیری و ئاسایشی بۆ کۆمەڵگەکەی دەستەبەر کردووە و توانیویەتی بەر بە تیرۆریستە توندڕەوەکان بگرێت**

**ئەردۆغان کەسێکی پێشبینیێ نەکراو بووە لە هاوپەیمانێتییەکانیدا و پتر بایەخی بە پێگە نیشتمانییەکەی داوە**

کردووە. چونکە پێدانی دەسەڵات بۆ دادگاییکردنی وڵاتانی دیکە پرسێکی یاسایی وپرسێکی جیهانییە و ئەمەش مایەی کێشەیە. بە تێڕوانینی من هۆکاری دەرکردنی ئەم یاسای پتر بۆ ئیعتیباراتی سیاسەتی ناوخۆیی دەگەڕێتەوە کە بوونەتە هۆی ئەوەی کۆنگرێس هەنگاوێکی لەم چەشنە بنێت، چونکە گومانێکی ڕوو لە زیاد هەیە کە سعودیە ناتوانێت نێومالّی خۆی ڕێکبخاتەوە. واتە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سعودیە ستراتیژیەتێکی هەیە، یاخود تەنیا پیادەی ناسنامەیەکی ئایینی دەکات کە لەلایەن کەسانێکی نێودەوڵەتەوە سەرپەرشتی دەکرێن – کە ڕوون نییە و دیار نییە کێن-. بۆ ماوەیەکی زۆریشە هەندێ لەم پرسانەش لەلایەن شارەزایانی کاروباری ناوچەکەو توێژەرانەوە ورووژێنراون، بەڵام هەمیشە خراونەتەلاوە و وتراوە: نەخێر، سعودیە هاوپەیمانی ئێمەیەو گومانی تێدا نییە. بەڵام لە کۆتاییدا و ئەوەی جێی سەرسوڕمانیش بوو ئەم پرسە هاتەپێشەوە لەبارەی سعودیەوە، کە پەیوەستە بە ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە. لەبەر ئەوە ئەم پرسە گرێدراوی سیاسەتی ناوخۆیی ئەمەریکایە. بەڵام ڕوون نییە کاردانەوەی سعودیە چۆن دەبێت، چونکە لە ژێر گوشارێکی ئابووریی گەورەدایە و گۆڕانکاری لە نێو ئەندامانی خێزانی شاهانەدا کراوە، واتە جموجوڵێکی زۆریان هەیە، بەڵام دیار نییە تا چەند سەرکەوتوون. هەروەها سعودیە سیاسەتێکی توندتری گرتەبەر لە یەمەن و سووریادا، ئەمەش بارگرانییەکی زۆری بۆ دروست کردوون، بەتایبەتی لە دوای دابەزینی نرخی نەوتەوە. ڕاستە لە سعودیەدا باس لە بەتایبەتکردن دەکرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لەو وڵاتەدا نارەزاییەتی سیاسی هەیە، لەبەر ئەوە سعودیە لەبەردەم چەند بژارەیەکی دژواردایە، بەڵام ڕوون نییە ئایا ئیرادە سیاسییان هەیە، یاخود چارەسەرێکی داهێنەرانە دەگرنەبەر بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن.

*** لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی دژ بە داعش، ئەو هێزەی بە شێوەیەکی کاریگەر لەسەر زەوی شەڕدەکات و خۆی بە هاوپەیمانی ڕۆژئاواو ئەمەریکا دەزانێت، هێزی کوردەکانە، بەڵام ئێستا کورد نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە لە ناوچەکە، ئایا ئەگەر کورد لەم بارودۆخەدا ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەم دەوڵەتە نابێتە هاوپەیمانێکی گرنگ بۆ ڕۆژئاوا بەگشتی؟**

- لە ڕاستیدا هەرێمی کوردستان هەرێمێکی کاریگەر بووە بە بەراورد بەوەی لە ناوچەکەدا دەگوزەرێت، سەقامگیری و ئاسایشی بۆ کۆمەڵگەکەی دەستەبەر کردووە و توانیویەتی بەر بە تیرۆریستە توندڕەوەکان بگرێت، بەتایبەتی پەلاماری سەربازی داعش، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی ئەمەریکییەکان – بەتایبەتی- کار لەگەڵ کورددا بکەن.

*** کەواتە پێتوایە هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی سەقامگیری بووەو لە ئایندەشدا هەروا دەمێنێتەوە؟**

- ئەوە ئومێدی منە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەم ساتەوەختەدا ناوچەکە زۆر ناسەقامگیرە، ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانیت پێشبینی بکەیت. ئەوەی پێوەندی بە عێراقیشەوە هەبێت، ئەوا ئایندەی ئەم وڵاتە ڕوون نییە، من خۆم پشتیوانی لەوە دەکەم کە –عێراق- ببێتە وڵاتێکی دیموکراتی و فرەئیتنی و فرە تائیفی، هەرچەندە ئەمەش دەرئەنجامێکی میسالییە، بەڵام من پاڵپشتی لە دابەشبوونی عێراق ناکەم بۆ پێکهاتەی ئیتنی و تایفەگەری، ئەگەرچی ئەمە لە ئێستادا ڕوودەدات. لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە هێزێکی ئیجابی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بنیادنەر و داهێنەرانە بۆ پرسەکانی ناوچەکە.

*** ئایا تا چەند ڕووسیا بۆتە هەڕەشە و مەترسی لەسەر سیستمی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕووسیا بەشێك لە وڵاتی ئۆکرانیای داگیرکرد و کردیە بەشێك لە وڵاتەکەی خۆی، کە ئەویش هەرێمی کریمیا بوو، ئێستاش دەبینین ڕووسیا هێرشە ئاسمانییەکانی لە سووریادا بۆ سەر ناوچەکانی موعارەزە چڕکردۆتەوە؟**

بەڵێ، ئەمە وایە، ڕووسیا سەرقاڵی نمایشکردنی هێزە، بەڵام ئەمەریکاش بۆتە هەڕەشە لەسەر سیستمی نێودەوڵەتی، بە هەمان شێوە داعشیش. لە ڕاستیدا ئەمە پەیوەستە بە پرسیاری یەکەمەوە، لە ئێستادا سیستمی نێودەوڵەتی زۆر ناسەقامگیر و زۆر پێشبینی نەکراوە. با ئێمە لەوە بڕوانین کە لە بەریتانیادا ڕوودەدا –هەرچەندە ئەمە مەسەلەیەکی جیاوازە- بەڵام بینیمان دەیڤید کامیرۆن لەبەر ئیعتیباراتی ناوخۆیی حزبەکەی خۆی پرسی مانەوەی بەریتانیای لە نێو یەکێتی ئەوروپادا بردەپێش. هەروەها دەمەوێت ئەوە بڵێم ئێستا لە هەر کاتێکی دیکەی مێژووی هاوچەرخ پێشبینی نەکراوەترە و ئەگەر بێمەوە سەر پرسیارەکەش ئەوا بەڵێ ئەوەی ڕووسیا ئەنجامی دەدات مایەی نیگەرانییە، بەڵام ئەمە تەنیا ڕووسیا ناگرێتەوە.

**سعودییەکان هەوڵیانداوە کە سوود لە بارودۆخەکە وەربگرن، ئەویش بە ڕاددەیەکی گەورە لە ڕێی پاڵپشتیکردنی توندوتیژی و ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکەوە**

**ڕاستە ئێران هاوشێوەی عێراق و سووریا نییە و دووچاری توندوتیژی و نائارامی نەبۆتەوە، واتە لەو ڕووەوە وڵاتێکی سەقامگیرە، بەڵام بە ڕاددەیەکی گەورە سەرقاڵە بە کێشە ناوخۆییەکانیەوە**

# پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە هەرێمی کوردستان



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەدیهێنانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە کوردستان، یان لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت، پێویستیی بە کارکردنە لەپێناو هێنانەکایەی گفتوگۆیەکی سەرکەوتووی بەرهەمدار، چونکە گفتوگۆ بناغەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەیە، لاهوتی سویسری هانز کونج دەڵێت: ئاشتی لەنێوان ئایینەکان نایەتەدی ئەگەر گفتوگۆی لەگەڵدا نەبێت، ئەم گفتوگۆیە پێویستە زۆر جددی بێت نەك تاکتیکی، گفتوگۆیەك لەپێناو پێکەوەژیانی ئاشتییانەی راستەقینە کە داهاتوویەکی گەش بۆ نەوەکانی داهاتوو دابین بکات، هاوکات ببێتە بناغەیەك بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز دوور لە کەلتووری رق و کینە و سڕینەوەی بەرامبەر کە بەداخەوە لە هەندێ وڵاتدا هەیە.

هیچ ئایینێك چ ئاسمانی بێت، یان ئایینی سەرزەوی بێت، بە هیچ شێوەیەك دوور نابێت لە کۆمەڵە توندڕۆو پەڕگیرێك کە هەوڵ دەدات پڕۆژەی گفتوگۆ لەبین بەرێت، بە بیانووی ئەوەی کە گفتوگۆ پاشگەزبوونەوەیە لە بیروباوەڕە بنەڕەتییەکان، داننان بە بەرامبەر داننان نییە بە ئایینەکەی، پێویستیش بە تەنازول ناکات لە بیرو باوەڕ، ئەو شتە زیاتر بەندە بە دۆزینەوەی زەمینەیەکی لەبار بۆ پێکەوەژیان و رێککەوتن لەسەر بنەما هاوبەشەکان، کە ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئایینی سەقامگیر مسۆگەردەکات، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) واتا خوای گەورە هەموو خەڵکی لە شێوەی جودای رەنگ و زمان و نەتەوەو بیروباوەڕو ئایین دروستکردووە، لە هەمووی گرنگتر گفتوگۆی نێوانیانە، لەگەڵ کاری هاوبەش و کێبڕکێ بۆ کاری باش. کاتێ باس لە گفتوگۆ دەکەین مەبەستمان تەنیا لەنێو ئایینەکان نییە، بەڵکو لەنێوان دوو لا، لە نێوان ئایین و ئاییندا، لە نێوان مەزهەب و مەزهەب، نەتەوەو نەتەوە، لەنێوان وڵات و وڵاتدا، چونکە ئامانجی سەرەکی بەدیهێنانی ژیانێکی سەقامگیرە بۆ هەموو لایەك.

کۆمەڵگەی دووەمی فاتیکان بانگهێشتی گفتوگۆی نێوان ئیسلام و مەسیحی راگەیاند، ئەمەش لەپێناو لەبیرکردنی رابردوو بوو، هەروەها رووکردنە لێکگەیشتنێکی بەرامبەر بە شێوازێکی

دڵسۆزانە، جۆرافسکی روونی کردەوە کە ئەم بانگهێشتە لەنێوان لایەنەکانی کڵێسای کاسۆلیکی سێ جۆرە هەڵوێستی مەیلی لەم گفتوگۆکردنە هێنایە دی، واتا گفتوگۆی ئیسلام و مەسیح، یەکەمیان زۆرینە کە پشتیوانی لەو گفتوگۆیە کرد لە روانگەی بڕیارەکانی کۆمەڵگەی فاتیکان و بەڵگەنامەکان و نامەکانی دواتری پاپا، بەڵام لایەنگرانی مەیلی دووەم، ئەوانە لەرووی پرەنسیپەوە لاریان نییە، بەڵام مەرجەکانیان تەنیا ئەوەی کە دەبێت لە چوارچێوەی ئاییندا بێت، هەڵوێستی سێیەم لە روانگەی نامەی قەشەی لوبنانی،ب. بەسیم بۆ کاردینال بینیدۆلی کە سەرۆکایەتیی لیژنەی تایبەتیی کاروباری ئایینی (غەیرە مەسیحی) کرد لە ساڵی ١٩٧٧، بەڵام مەیلی یەکەم بەسەر مەیلەکانی دیکەدا سەرکەوت ئەویش ئەوەیە کە گفتوگۆ پێویستە، ئەمەش دەرفەتێکی زێرینە بۆ ناساندنی رەوتێکی توندڕەو لە ئایینە جیاجیاکاندا بۆ لەناوبردنی سەرەتای گفتوگۆ و بنەماکانی، لە راستیدا ئەم گفتوگۆیە لە رووی زانستییەوە زەحمەتە، بەڵام لەگەڵ بوون و بڕواپێبوونیدا هەنگاوێکە بەرەو ئاراستەی راستدا، ئەگەر بەراورد بکەین لەنێوان ئەو ساڵانەی پێشتر، دەبینین کە پێشکەوتنێکی بەرچاو لە گفتوگۆو هاوکاری هاتۆتە ئاراوە، نکۆڵی لە هەندێ ئاستەنگ و لەمپەر ناکرێت، بەڵام ئاساییە کە شوێنکەوتووانی دوو ئایین چەند سەدەیەك لە ململانێی سەختدا بووبن.

پێویستە ئاماژە بە هەندێ هەوڵ بکرێت کە لەم ساڵانەی رابردوودا دراون بۆ بەدیهێنانی گفتوگۆی راستەقینە لە نێوان ئایینەکان و بەتایبەتیش لەنێوان ئیسلام و مەسیحیدا، لە ساڵی ١٩٥٥ کاردینالی کەنیسەی کاسۆلیك ف. کینیگ لەبەردەم زانایانی موسڵمان لە زانکۆی ئەزهەر وتاری خوێندەوە، بۆ یەکەم جاریشە لەوەتەی هەزار ساڵە لەم زانکۆیەدا زانایەکی مەسیحی قسەبکات، لەو کاتەوە بەردەوام دیدارو دیبەیت لەنێوان ئیسلام و مەسیحدا ئەنجام دەدرێت، لە ساڵی ١٩٧٤ رازگری ئەمیندارێتی کاروباری ئایینە نامەسیحییەکان کاردینال بینیدۆلی سەردانی سعودیەی کردو چاوی بە شا فەهد کەوت، لەهەمان ساڵیشدا شاندێکی زانایانی ئیسلامی لە سعودیە سەردانی فاتیکانی کرد،

دەتوانین گرنگترین کۆنگرەو دیدارەکان دەربارەی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان بەتایبەتیش لەنێوان ئیسلام و مەسیح بەم شێوەیە بخەینەڕوو:

١) ئیتاڵیا (١٩٧٣ز) و (١٩٨٥ز).
٢) قورتوبە (١٩٧٤ز) و(١٩٧٧ز)، هەروەها لە مەدرید (١٩٧٨ز).
٣) تونس (١٩٧٤ز) و(١٩٧٩ز).
٤) تەرابلوس (١٩٧٦ز).
٥) سویسرا (١٩٧٧ز).
٦) نەمسا (١٩٧٧ز) و(١٩٧٨ز).
٧) پورتوگاڵ (١٩٧٧ز) بەستنی کۆنگرە لەنێوان سێ ئاییندا.
٨)بەیروت (١٩٧٧ز).
٩) فەرەنسا (١٩٧٩ز).
١٠) ئوستراليا (١٩٧٩ز)و (١٩٨٠ز).
١١) مالیزیا (١٩٧٩ز).
١٢) یوگوسلافیا (١٩٨١ز).
١٣) سیریلانکا (١٩٨٢ز).
١٤) قودس(١٩٨٤ز).
١٥) سەردانی پاپا یوحەننا پۆڵسی دووەم بۆ مەغریب بە بانگهێشتی شا حەسەنی دووەم لە ساڵی ١٩٨٥.
١٦) سەردانی پاپا یوحەننا پۆڵسی دووەم بۆ نایروبی و گانا بۆ دیداری نوێنەرانی گرووپە ئیسلامییەکان لە ساڵی ١٩٨٠.
١٧) سەردانی پاپا یوحەننا پۆڵسی دووەم بۆ فلیپین بۆ دیداری کەمینەی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨١.

دێینەوە سەر باسەکەو چەند دێڕێك لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایینەکان لە کوردستان دەخەینەڕوو، هاووڵاتیانی موسڵمان و جوولەکەو کریستیان و ئێزیدی و کاکەیی بە درێژایی سەدەکانی رابردوو بە ئاشتی و سەقامگیری و خۆشەویستی بەیەکەوە ژیاون، هەموویان بەشدارییان لە بنیادنان و دەوڵەمەندکردنی کەلتووری کوردستاندا کردووە، مێژووی کوردستانیش پڕیەتی لە رووداوی قوربانیدانی ئەو هاووڵاتیانە، هەموویان وەك یەك گەل لەسەر یەك نیشتمان ژیاون.

لە راستیدا کوردستان بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی و لەو واقیعە دانابڕێت، بەتایبەتیش کە هەڕەشەی گرووپە تەکفیرییەکان دژی

**مەبەستمان لە گفتوگۆ تەنیا لەنێوان ئایینەکان نییە، بەڵکو لەنێوان دوو لا، لە نێوان ئایین و ئاییندا، نەتەوەو نەتەوە، لەنێوان وڵات و وڵاتدا، چونکە ئامانجی سەرەکی بەدیهێنانی ژیانێکی سەقامگیرە بۆ هەموو لایەنەکان**

**هاووڵاتیانی موسڵمان و جوولەکەو کریستیان و ئێزیدی و کاکەیی بە درێژایی سەدەکانی رابردوو بە ئاشتی و سەقامگیری و خۆشەویستی بەیەکەوە ژیاون، هەموویان بەشدارییان لە بنیادنان و دەوڵەمەندکردنی کەلتووری کوردستاندا کردووە**

**شێخ سەعیدی پیران فەرماندەیەکی سەربازیی هێزەکانی سواری حەمیدیە بوو لە ناوچەی موش، توانی گیانی نزیکەی ١٥٠٠ ئەرمەنیی سقیل لە مردن رزگاربکات**



شوێنکەوتووانی ئایینەکانی دیکە بووە، بەتایبەتیش کریستیانەکان، کە ناچاربوون عێراق جێبێڵن و روو لە کوردستان بکەن و بە ئاسوودەیی بژین. مێژووی کوردستان گەواهیدەرە لەسەر راستیی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایینەکان.

گومانی تێدا نییە کە هەندێ حاڵەتی نەخوازراو لە مێژووی کوردستان روویداوە، تایبەت بە شەڕو دەستدرێژیکردن و ستەم دەرحەق ئایینەکانی دیکە، بەڵام زۆربەیان ماڵباتیی یان کۆمەڵایەتیی و ئابووری بوونە، دواتر بوونەتە ململانێی ئایینی، بەڵام هێڵە گشتییەکە و هۆشیاریی خەڵك دژی ئەم هەوڵە پووچەڵانە بووە، بەتایبەتیش دەبینین رۆڵی شێخ و زانایانی ناوچەکە بەرچاوو دیار بووە لە کوژاندنەوەی ئاگری ئەو فیتنەیە، بەم شێوەیە:

**● هەڵوێستی شێخ عەبدولقادر نەهری لەهەمبەر کریستیانەکان**

لە پاییزی ساڵی ١٩٠٩دا، شێخ عەبدولقادر گەشتێکی بە سەرتاسەری شەمدیناندا کرد، وەك سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت کۆنگرەیەکی کورد – ئەرمەنی سازکرد، وتارێکی خوێندەوەو و دڵسۆزیی خۆی بۆ ئیتحادییەکان پیشان دا، دواتر هاوخەمیی خۆی خستەروو سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەرمەن و گەلی کورد و گوتی: پێویستە لەسەرمان وەك برا لەگەڵ ئەرمەن بژین و ئەو زەوییانەیان بۆ بگێڕینەوە کە داوای دەکەنەوە، کاردەکەین بۆبەهێزکردنی لێکگەیشتن و یەکێتی لەگەڵ برایانی دیکەی عوسمانی. دیارە شێخ عەبدولقادر نەهری سیاسەتی باوکی خۆی بەرامبەر کریستیانەکان پەیڕەوکرد، کاتێ شێخ عوبەیدوڵای نەهری شۆڕشەکەی بەرپاکرد، لایەنگرانی ئەو داوایان لێکرد کریستییانەکانی ورمێ قەتلوعام بکات، بەڵام ئەو گوتی: ئێمەی کورد لەیەك شتدا سوود بە تورك دەگەیەنین، ئەویش ئەوەیە کە ببینە چەك بەدەستیانەوە دژ بە کریستییانەکان، کاتێکیش هیچ کریستیانێك لە گۆڕەپانەکەدا نامێنێت، ئەوان دواتر رووی چەك لە ئێمە دەکەن و هەموومان لەناودەبەن.

**● هەڵوێستی شێخ سەعید نورسی لەهەمبەر کریستییانەکان**

شێخ سەعیدی پیران فەرماندەیەکی سەربازیی هێزەکانی سواری حەمیدیە بوو لە ناوچەی موش،



لەو کاتەدا نوری وەیسی کە جەنەڕاڵێکی تورك بوو فەرمانی پێ دا کە هەموو ئەرمەنەکانی ئەو ناوچانە لە پیاوو ئافرەت و منداڵ کۆبکاتەوەو بیانکوژێت، بەدیعولزەمان نزیکەی ١٥٠٠ کەسی لە ئەرمەنەکان کۆکردەوە و بە دزییەوە بردنییە پێشەوەی بەرەی شەڕ لەگەڵ رووس و فەرمانی پێدان نانیان پێ بدەن، کە عەسر داهات، فەرمانی بە ئەرمەنێك دا بچێتە لای سوپای رووسەوە و ئامۆژگاریشی کرد کە بەردەوام هاواربکات: (ئەرمەن،ئەرمەن) تا نەیکوژن، بۆ ئەوەی بزانێت ئایا ئامادەن رێگا لەبەردەم ئەرمەنەکاندا بکەنەوە، ئەو پیاوە ئەرمەنییە گەیشتە لای سوپای رووس و فەرمانەدەی سوپاکە بەخێرهاتنی کردن بەم رێگەیە بەدیعولزەمان توانی گیانی نزیکەی ١٥٠٠ ئەرمەنیی سڤیل لە مردن رزگاربکات.

## ● هەڵوێستی شێخانی بارزان لەهەمبەر کریستییانەکان

نوێنەری قونسڵی بەریتانیا لە دیاربەکر لە نووسینێکیدا دەڵێت: شێخ عەبدولسەلام بە راستی چاکترین شێخەکانی ناوچەکە بوو، ئەندرانیك کە ئەرمەنی بووە لە ساڵی ١٩٢٠ نامەیەکی ئاراستەی شێخ ئەحمەد بارزانی کردو داوای لێکرد خانەوادەکەی لە هەڕەشەی قەسابخانەی تورك رزگاربکات، ئەویش داخوازییەکەی بەجێ هێنا و کەرتێکی بە سەرۆکایەتیی وەلید بەگ پێکهێنا، مەلا مستەفاش ئەو کاتە لاوێك بوو لەریز ئەو کەرتە چەکدارە، کەرتەکە بەنێو ئەو عەشیرەتانەدا گوزەری کرد کە لایەنگری تورك بوون کە گوایە بە رێگەوەن بۆ قەسابخانەکەی ئەرمەن، بەم فێڵە توانیان خانەوادەی ئەندریك رزگاربکەن، لەم هەڵمەتەدا ١٤ کەس لە شۆڕەسوارانی بارزانییەکان گیانیان لەدەست دا.

دوای ئەوەی کە کوردستان لە رووی ئیدارییەوە سەربەخۆ بوو، گەلی کوردستانیش بووە خاوەن پەرلەمانێکی سەربەخۆو حکومەتێکی سەقامگیر، گرنگیدان بە ئایینەکانی دیکە بووە سیاسەتێکی ستراتیژیی حکومەت و سەرکردایەتیی کورد، دەبینین لە پێکهاتەی ئیداریی گشتی وەزیرو ئەندام پەرلەمان و بەڕێوەبەر و پارێزگار لە هەموو ئایینەکان هەیە، تەنانەت لە وەزارەتی ئەوقافیش بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کریستیان و ئێزیدی و جوولەکە هەیە، کە لایەن هەمووانەوە مایەی دەسخۆشییە، تەنیا لای هەندێ گرووپی توندڕۆ نەبێت، بەڵام ئەوانە گوێیان پێ نادرێت، بۆیە پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە پەرەسەندن و پێشکەوتنی بەردەوامدایە و جێ پەنجەی بەرچاوو کاریگەری لە هەموو ناوچەکانی کوردستانەوە بە ئەرێنییەوە بەرزو دیارە.

---

*** پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**شێخ عەبدولسەلام بەڕاستی چاکترین شێخەکانی ناوچەکە بوو، ئەندرانیک کە ئەرمەنی بووە لە ساڵی ١٩٢٠ داوای لە شێخ ئەحمەد بارزانی کردو خانەوادەکەی لە هەڕەشەی قەسابخانەی تورک رزگاربکات، لەم هەڵمەتەدا ١٤ کەس لە شۆڕەسوارانی بارزانییەکان گیانیان لەدەست دا**

**گرنگیدان بە ئایینەکانی دیکە بووەتە سیاسەتێکی ستراتیژیی حکومەت و سەرکردایەتیی کورد، لە پێکهاتەی ئیداریی گشتی وەزیرو ئەندام پەرلەمان و بەڕێوەبەر و پارێزگار لە هەموو ئایینەکان هەیە**



## ئیلین لەست پسپۆڕی بواری حوکمڕانی بۆ گوڵان:

# بەشێکی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دەوڵەتە لاوازو سنوورە فشەڵەکان دەگەڕێتەوە

**ئیلین لەست بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی سیاسی لە زانکۆی میشیگان بەدەست هێناوەو بەڕێوەبەری دامەزرێنەری پڕۆگرامەکانی حوکمڕانی و پەرەپێدانی مەحەلییە لە هەردوو زانکۆی یال و گۆتەنبێرگ، هەروەها پڕۆفیسۆرە لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی گۆتەنبێرگ، لە هەمان کاتدا توێژەرە لە پرۆژەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە واشنتۆن دی سی، لەتوێژینەوەکانیدا بایەخ بە پەرەپێدانی ئاماژەکانی حوکمڕانیی مەحەلی دەدات، لەگەڵ تاوتوێکردنی ڕۆڵی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە حوکمڕانیی باشدا. بۆ قسەوباسکردن لەبارەی ئەو پشێوی و ئاژاوەیەی لە ئێستادا بەرۆکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووە، هەروەها بۆ تاوتوێکردنی پرسی شکستی سیستمی دەوڵەت لەم ناوچەیەداو ئەگەر هەڵگیرسانی شەڕێکی دیکەی جیهانی، گوڵان لەدیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە شرۆڤەی ئەو پرسانەی کرد.**

*** لەگەڵ ئەوەی ئەمەریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هەموو هەوڵێکی خۆی چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بە تیرۆریستانی داعش بهێنن، بەڵام پێناچێت تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش هێندە ئاسان بێت، واتە هەتا ئەگەر داعشیش لە موسڵ و ڕەقە وەدەرنرێت، ئەوا براوەی سەرەکیی ئێران دەبێت، ئایا دوای داعش تا چەند لە ناوچەکەدا باڵادەست دەبێت و سوود لە پشێوی ناوچەکە وەردەگرێت؟**

- ئێران سوودی لە پشێوی و ئاژاوەی ناوچەکە وەرگرتووە. هەروەها ئێران توانیویەتی هاوپەیمانەکانی بەهێز بکات و پەرە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات، لە کاتێکدا هەندێ لە ڕکابەرە سەرەکییەکانی خۆیان لە دۆخێکدا بینیوەتەوە کە ناچاربوون سەرقاڵ بن بە کێشە ناوخۆییەکانیانەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی وترا، ئەوا کاراکتەری دیکەش هەن کە سوودیان لە پشێوی و ئاژاوەی ناوچەکە وەرگرتووە.

*** هەموو پسپۆڕان و چاودێرانی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دروستبوونی داعش و ئەو ئاژاوە گەورەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ شکستی سیستمی دەوڵەت لە ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی ناوچەکە ببێتە ناوچەی شکستخواردوو، ئایا بەرگری کردن لەم سیستمە شکستخواردووە نابێتەهۆی نەمانی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکەدا؟**

- مەرج نییە ناوزەدکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە «ناوچەی شکستخورادوو» کارێکی یارمەتیدەر بێت. ئەوە ڕاستە کە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرهەڵدانی داعش لە بەشێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ بێتوانایی دەوڵەتەکان لەوەی پەرە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن لەسەرتاسەری خاکی وڵاتەکەیاندا، وەك عێراق و سووریا، هەروەها بۆ سنوورە فشەڵەکان کە بوونەتەهۆی قووڵکردنەوەی ناسەقامگیری و لاوازکردنی دەوڵەت لە وڵاتانی وەك ئەردەن و لوبنان. بە دڵنیاییەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکە لە قەیراندایە و دەوڵەتە لاوازەکان و سنوورە فشەڵەکانیش و بەشێکی هۆکاری ئەم دۆخەن.

*** بارودۆخی سووریا بە جۆرێك تێکچووە کە مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت، شەڕی سێیەمی جیهانی دروست بێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕووسیا زۆر بە توندی ناوچەکانی موعارەزە بۆردومان دەکات و لەسەر زەویش سوپاکەی ئەسەد پێشڕەوی دەکات، ئەمەش وای کردووە کە ئەمەریکا هەموو هاوکارییەك لەگەڵ ڕووسیا ڕابگرێت، ئایا تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە سووریا ببێتە گۆڕەپانی شەڕێکی جیهانی لە نێوان هێزە گەورەکاندا؟**

- شکستی ئاگربەستەکەی سووریا ڕەنگدانەوەی دۆخە جیهانییە لەرزۆکەکەیە. هەروەها بەرجەستەبوونی بارگرژییەکی جیهانی ڕوو لەزیادە، بەڵگەش لەسەر ئەمە بریتییە لە هەڵکشانی ڕاستڕەوەکان، هێزە سیاسییە دژ بە پەنابەران لە ڕۆژئاواو بارگرژی ڕوو لەزیادی نێوان هێزە نێودەوڵەتییەکان. ڕەنگە شکستهێنان کاریگەرییەکی پەراوێزی هەبێت لەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەو لێواری شەڕ ببات، بەڵام ئەمە بەڵگەیە لەسەر دۆخێك کە دووچاری نیگەرانییەکی ڕوو لە زیادمان دەکات.

*** لە ناو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی داعشدا، ئەو هێزەی بە شێوەیەکی کاریگەر لەسەر زەوی شەڕدەکات و خۆی بەهاوپەیمانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا دەزانێت، هێزی کوردە، بەڵام تا ئێستا کورد نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە لە ناوچەکە، ئایا ئەگەر کورد لەم بارودۆخەدا ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەم دەوڵەتە نابێتە هاوپەیمانێکی گرنگ بۆ ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا؟**

- بە تێڕوانینی من، زۆربەی هێزە جیهانییەکان هێزگەلێکی پراگماتین، ئەمەش لە ئاست کوردی عێراقیشدا ڕاست و دروستە. بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕاستە کە ڕەنگە ئێستا ئەوان هاوپەیمانی ڕۆژئاوا بن، بەڵام لەبەرچاوگرتنی ئەگەری هاتنەئارای هەلومەرجی گۆڕاو لە ئایندەدا، ئەوا ڕەنگە ڕۆژئاوا بە باشی بزانێت کە هەڵبستێت بە گۆڕینی هاوپەیمانەکانی.

*** زۆربەی چاودێران دوای ئەوەی ڕووسیا کریمیای داگیرکردو کردیە بەشێك لە وڵاتەکەی و ئێستاش لە سووریا بە جۆرێك ڕەفتار دەکەن، باس لەوە دەکەن کە سیستمی جیهانی کۆتایی هات و دەبێت سیستمێکی دیکەی جیهانی ڕێکبخرێتەوە، ئایا پێتوایە لە ئێستادا ڕووسیا بوویێتە هەڕەشە و مەترسی لەسەر سیستمی نێودەوڵەتی؟**

- بێگومان ڕووسیا دەیەوێت برەو بە هێزی خۆی بدات، بەڵام ئەمەریکا بەتایبەتی دەیەوێت پەڕ و باڵی بکات، دەرئەنجامەکەش بارگرژییەکی ڕوو لە هەڵکشانە.

**شکستی ئاگربەستەکەی سووریا ڕەنگدانەوەی دۆخە جیهانییە لەرزۆکەکەیە. هەروەها بەرجەستەبوونی بارگرژییەکی جیهانی ڕوو لەزیادە**

**ئێران سوودی لە پشێوی و ئاژاوەی ناوچەکە وەرگرتووە. هەروەها ئێران توانیویەتی هاوپەیمانەکانی بەهێز بکات و پەرە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات**



سێس کۆتلار پرۆفیسۆری مێژووە لە زانکۆی ویلامێت، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك مێژووی رادیکاڵیزمی ئەمەریکا، مێژووی کۆنزێرڤاتیزمی ئەمەریکا و شۆڕشی ئەمەریکا. بۆ لێکدانەوەی ئەو فاکتەر و هۆکارانەی بوونەتەهۆی سەرهەڵدانی دیاردەی پۆپۆلیزم لە ئەمەریکا و ئەوروپا، بۆ تاوتوێکردنی ئەوەی تا چەند دیموکراسی کەوتۆتە ژێر کاریگەری و مەترسی پۆپۆلیزمەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.

## سێس کۆتلار پسپۆڕی مێژوو بۆ گوڵان:

# کاتێک پۆپۆلیزم بە ئاڕاستەی وروژاندنی ترس کار دەکات مەترسی لەسەر دیموکراسی دروست دەکات

*** ئەگەر لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکانی رۆژئاوا بڕوانین، ئەو راستییە بەدی دەکەین کە لە ئێستادا دیاردەیەکی بەربڵاو تێیاندا سەریهەڵداوە، کە بریتییە لە هەڵکشانی پۆپۆلیزم، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە بۆچی دەگەڕێتەوە و هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵکشانی چین؟**

- سەرەتا دەبێت باس لەوە بکەین کە لە دیموکراسیدا گریمانەی ئەوە دەکرێت کە دەرفەت و پانتایی بۆ هەمووان دەڕەخسێندرێت و پرۆسەیەکە هەمووان لەخۆ دەگرێت، لەبەر ئەوە کاتێك ئەوە بەدی دەکەین کە لە کۆمەڵگەیەکدا بانگەشەی دیموکراسی بوون دەکات، کەسانێك هەن و بواری ئەوەیان بۆ نەڕەخسێندراوە کە ببنە بەشێك لە پرۆسە سیاسییەکە و کاتێك ژمارەیەکی بەرچاوی کۆمەڵگەکە هەست دەکەن راوبۆچونیان لەبەرچاو ناگیرێت و نیگەرانیەکانیان رەچاو ناکرێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا سەرکردەگەلێکی دیاریکراو سەرهەڵدەدەن کە هەڵدەستن بە گوزراشتکردن لەم نائومێدی و تووڕەییە لە فۆڕمێکی پۆپۆلیستیدا، ئەویش لە بەرگی بەرهەڵستکاریدا بۆ حکومەتەکە.

*** کەواتە ئایا هەمیشە دیموکراسی لەبەردەم ئەگەری ئەوەدایە کە رووبەڕووی پۆپۆلیزم ببێتەوە؟**

- بەڵێ، ئەمە راستە، هەروەك لە کاندیدبوونی دۆناڵد ترەمپ لە ئەمەریکا بەدی دەکەین. هەروەها دەبێت ئەوەشمان لەیاد بێت کە هەمیشە پۆپۆلیزم دیاردەیەکی سلبی نییە، راستە هەندێ جار فۆرمی رەوتێکی دژ بە رۆشنبیری وەردەگرێت، یان رەوتێکی رەگەزپەرستی و تاکڕەوی و زیان بە دیموکراسی دەگەیەنێت، بەڵام هەندێ جار دەبێتە مایەی بەخشینی شەرعییەت بەو گروپانەی کە لە پرۆسە سیاسییەکە پەراوێزو دوورخراونەتەوە، ئەمەش وادەکات کە پۆپۆلیزم فاکتەرێك بێت بۆ هێنانەئارای دیموکراسیەتێکی تەندروست و برەودان بە دیموکراسی. لەبەر ئەوە زەحمەتە بتوانین حوکمێکی گشتگیر بدەین، چونکە ئەمە بەندە بەوەی کەسە پۆپۆلیستەکان کێن و بانگەشەی چی دەکەن.

*** لە بەشێکی وەڵامەکەتاندا ئێوە ئاماژەتان بە مەترسیی پۆپۆلیزم کرد لەسەر دیموکراسی، ئەوەش ئاشکرایە کە پێشتر دیموکراسیەتی رۆژئاوا بە دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی و فرەحزبی دەناسرانەوە و پارتە سیاسییەکانیش بە بناغەی دیموکراسیەتی لیبراڵی هەژمار دەکران، بەڵام لە ئێستادا هەندێ لە پارتە سیاسیەکانی رۆژئاوا، کەسانی پۆپۆلیست کاندید دەکەن بۆ هەڵبژاردنەکان، کە ئێوەش ئاماژەتان بە کەسێکی وەك دۆناڵد ترەمپ کرد، ئایا پێتانوایە دیموکراسی کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی پۆپۆلیزمەوە؟ راوبۆچوونتان لەم بارەیەوە چییە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەو فۆرمە پۆپۆلیستیەی کە کار لەسەر پەراوێزخستن دەکات، هەڵگری مەترسییە بۆ سەر دیموکراسی، هەروەها ئێمە رایەڵێکی پەیوەندی دەبینین لە نێوان کاندیدکردنی دۆناڵد ترەمپ و هەڵکشانی رەوتە راستڕەوەکان لە بەریتانیا و لە فەڕەنسا، وەك سەرهەڵدانی کەسێك وەك جان ماری لۆپین. کەواتە کاتێك پۆپۆلیزم بە ئاڕاستەی وروژاندنی ترسدا کار دەکات، ئەوا دەکرێت مەترسی لەسەر دیموکراسی دروست بکات. هەروەها دەبێت سەرنج لەوە بدەین کە پێکهاتەی دیموگرافی ئەمەریکا، هەروەها ئەورووپاش بە رەوتێکی خێرا دەگۆڕدرێن و دەبنە کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگتر لە رووی ئایین و ئیتنی و.. هتد. راستە بەشی زۆری ئەو کۆمەڵگەیانە پێشوازی لەم گۆڕانکاری و پەرەسەندنانە دەکەن و بە نیشانەی بەرەوپێشچوونی لەقەڵەم دەدەن، بەڵام توێژێکیش هەیە کە بە مەترسی و زیانبەخش لەقەڵەمی دەدات، کە لێرەدایە ئەو پۆپۆلیزمەی کار لەسەر پەراوێزخستن دەکات، کاری خۆی دەکات، چونکە ئەمە دەبێتە زەمینەیەك بۆ ئەو بزاوتە. ئومێدەکەش ئەوەیە کە ئەم رەوتە نەبێتە زۆرینە، تائێستاش نەبۆتە زۆرینە، ئەگەرچی کەمینەیەکی بەهێزە و دەنگ بڵندە، هەروەها هیواداریین ئەو رەوتە پۆپۆلیستیەی کار لەسەر پەراوێزخستن دەکات، وەك کەمینەیەکی بچووك بمێنێتەوە و نەتوانێت کۆنتڕۆڵی دەوڵەت بکات و دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ خزمەتکردن بە ئامانجەکانی خۆی بەکاربهێنێت.

*** زۆرێك لەو کەسانەی چاودێری سەرهەڵدانی دیاردە و رەوتی پۆپۆلیستیان کردووە، هەڵدەستن بە ئەنجامدانی بەراوردکارییەکی مێژوویی لە نێوان ئەم دیاردەیە و رووخانی دیواری بەرلیندا، واتە وەك چۆن پێیانوایە کە رووخانی دیواری بەرلین ئاماژە بوو بە کۆتاییهاتنی کۆمۆنیزم، بە هەمان شێوە سەرهەڵدانی پۆپۆلیزمیش سەرەتای کۆتایی دیموکراسیەتی لیبراڵییە، تێڕوانین و لێکدانەوەی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە راستیدا من بیرم لەمە نەکردۆتەوە و

**ئەو پۆپۆلیستانەی هەڵدەستن بە گوزارشتکردن لە تووڕەیی و رق و قین و بە شەڕانگێز پیشاندانی ئەوانی دیکە کاریگەری سلبییان لەسەر کەلتوری نیشتمانی نەتەوەکە دەبێت**

**باشترین سەرکردەکان ئەوانەن کە هۆشیارن بە خواست و ویستی سەرجەم هاووڵاتییەکانیان و هەوڵ دەدەن بیر لەو چارەسەرانە بکەنەوە کە خزمەت بە تێکڕای هاووڵاتیان دەگەیەنێت**

**کاتێک پۆپۆلیزم بە ئاڕاستەی وروژاندنی ترسدا کار دەکات، ئەوا دەکرێت مەترسی لەسەر دیموکراسی دروست بکات**

مێژوونووسان کەسانێکی باش نین بۆ پێشبینی کردنی ئاینده. بەڵام وەك هاووڵاتییەکی ئاسایی هیوادارام کە ئەمە روونەدات. هەروەها پێموایە کەلتووری سیاسیی ئەمەریکا تا رادده‌یەکی گەورە مرونەتی هەیە، چونکە راستە دۆناڵد ترەمپ دیاردەیەکی جیاوازە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە درێژکراوەی ٥٠ساڵی سیاسەتێکی رەگەزپەرستییە. لەلایەکی دیکەوە و بەلەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییە دیموگرافییەی لە ئەمەریکادا بەدی هاتووە، ئەوا جێی سەرسوڕمان دەبێت، ئەگەر ئەو جۆرە سیاسەتە لە ئەمەریکا سەرکەوتوو بێت و هیوادارم سەرکەوتوو نەبێت.

*** ئایا هاوڕان لەگەڵ ئەوەدا کە سەرکردە پۆپۆلیستیەکان بەڵێنی ناڕاست بە هاووڵاتیانی خۆیان دەدەن؟**

- بەڵێ پێموایە ئەوان بە بەردەوامی ئەم کارە دەکەن. با بەم شێوەیە گوزارشتی لێبکەم، من پێموایە باشترین سەرکردەکان ئەوانەن کە هۆشیارن بە خواست و ویستی سەرجەم هاووڵاتییەکانیان و هەوڵ دەدەن بیر لەو چارەسەرانە بکەنەوە کە خزمەت بە تێکڕای هاووڵاتیان دەگەیەنێت و لەم رووەوە لێکدانەوە بۆ زیان و قازانجەکان بکەن، نەك تەنیا بیر لە گروپێکی دیاریکراوی هاووڵاتیان بکەنەوە. یەکێك لەو هۆکارانەی کە زۆر سەرسامم بە سەرۆك ئۆباما، ئەوەیە کە ئەو بیروبۆچوونی جیاواز و ناکۆکی هەیە لەگەڵ کۆمارییەکاندا، بەڵام هەوڵنادەن وەك کەسانی شەڕانگێز و گێرەشوێنی ناوزەدیان بکات، بەڵکو هەوڵی تێگەیشتن لەو هاووڵاتیانەش دەدات کە بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە و کاردەکات لەسەر ئەوەی بیانهێنێتە نێو پرۆسەکەوە، تاوەکو کار لەسەر گەڵاڵەکردنی چارەسەرێك بکەنەوە تا بگەنە کۆدەنگییەك. کەواتە پێویستە سەرکردەکان ئەو رێگاچارانە بگرنەبەر کە دەبنەهۆی بەشداری پێکردنی ئەو هاووڵاتیانەش کە بۆچوونی جیاوازیان هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەو پۆپۆلیستانەی هەڵدەستن بە گوزارشتکردن لە تووڕەیی و رق و قین و بە شەڕانگێز پیشاندانی ئەوانی دیکە کاریگەری سلبییان لەسەر کەلتوری نیشتمانی نەتەوەکە دەبێت. لە راستیدا ئێمە هەرگیز ناتوانین بڵێین ئەم هێزانە نەمێنن، بەڵام ئومێدەکە ئەوەیە کاربکرێت لەسەر ئەوەی کە کاریگەرییەکانیان کەم بکەینەوە و کۆنترۆڵیان بکەین.

*** بەهۆی ئەوەی نەتوانراوە کاری پێویست و جددی بکرێت لەسەر تێکەڵکردن و ئاوێتەکردنی ئەو کۆچبەر و پەنابەرانە لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا، ئەمە زەمینەیەکی لەباری بۆ دروستبوونی تیرۆر و توندڕەوی لەو کۆمەڵگەیانەدا دروستکردووە، کەواتە ئایا باوەڕت وایە کە چیتر ئەمەریکا و ئەوروپا توانای رووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی جیهانیان نەماوە؟**

- لە راستیدا من دەتوانم ئەوە بڵێم کە ئەو کەسانەی لە ئەمەریکا و ئەوروپا دەبنە تیرۆریست رێژەیەکی کەمن، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان کاری باشتر بکەن لەسەر باشتر ئاوێتەکردنی ئەو کەسانەی کە خەلفیەتی ئایینی و ئیتنیی جیاوازیان هەیە. بە دڵنیاییەوە بوونی کاندیدێکی وەك دۆناڵد ترەمپیش هاوکار و یارمەتیدەر نییە، کە زۆرێك لە کۆچبەرانی ئەمەریکا هەست دەکەن کەسانی پێشوازی لێنەکراون – کاتێك گوێبیستی ترەمپ دەبن-، هەرچەندە پێموایە ئەوەی ترەمپ دەیڵێت گوزارشت نییە لە بۆچوونی زۆرینەی هاووڵاتیانی ئەمەریکا. منیش وەك هاووڵاتییەك ئومێد دەکەم دۆخەکە باشتر بێت و پتر بەرەوپێش بچێت.

*** ئێوە ئومێدی ئەوەتان کرد کە دیموکراسی پتر بەرەوپێش بچێت، بەڵام ئایا لە ئێستادا ناڕازیبوون هەیە لە ئەدای دیموکراسی لە وڵاتانی رۆژئاوادا؟**

- لە راستیدا هەمیشە ناڕازیبوون هەبووە لە ئەدای دیموکراسی و هەمیشە ئەمە حاڵەتەکە دەبێت، لەبەر ئەوەی هیچ سیستمێکی سیاسی میسالی و بێ کەم و کوڕی لە ئارادانیە، هەروەها لە نێو دیموکراسیەکانیشدا مۆدێلی جیاواز هەیە، ئەوەی لە سویدا هەیە جیاوازە لە مۆدێلی ئەمەریکا، سیستمی ئەمەریکاش جیاوازە لەو سیستمە – دیموکراتیەی- لە فەرەنسادا هەیە، هەروەها مۆدێلی فەرەنساش جیاوازە لەبەریتانیا. کەواتە وڵاتە جیاوازەکان میکانیزمی جیاواز دەگرنەبەر بۆ حوکمڕانی. ئەوەی پەیوەندی بە ئەمەریکاشەوە هەبێت، ئەوا سەرەڕای گۆڕانکارییە گەورەکان، ئەوا هەندێ جار سیستمی سیاسی لە ئەمەریکا بە باشی کاری کردووە و هەندێ جاریش ئەدایەکی باشی نەبووە. ئومێدی منیش ئەوەیە کە سیستمی سیاسی لە ئەمەریکا ئەوەندە مرونەتی هەبێت کە بتوانێت خۆی بگونجێنێت.

**هیوادارین ئەو رەوتە پۆپۆلیستیەی کار لەسەر پەراوێزخستن دەکات، وەک کەمینەیەکی بچووک بمێنێتەوە و نەتوانێت کۆنترۆڵی دەوڵەت بکات و دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ خزمەتکردن بە ئامانجەکانی خۆی بەکار بهێنێت**

**لە کۆمەڵگەیەکدا بانگەشەی دیموکراسی بوون دەکات، کەسانێک هەن و بواری ئەوەیان بۆ نەڕەخسێندراوە کە ببنە بەشێک لە پرۆسە سیاسییەکە و کاتێک ژمارەیەکی بەرچاوی کۆمەڵگەکە هەست دەکەن راوبۆچونیان لەبەرچاو ناگیرێت و نیگەرانیەکانیان رەچاو ناکرێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا سەرکردەگەلێکی دیاریکراو سەرهەڵدەدەن کە هەڵدەستن بە گوزراشتکردن لەم نائومێدی و تووڕەییە لە فۆرمێکی پۆپۆلیستیدا**



دکتۆر عەبدوڵا نەقراش مامۆستای زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی ئەردەن، ئەندامی بۆردی سەنتەری دیراساتی ستراتیژییە لە هەمان زانکۆ، ئەندامی چەند کۆمەڵەیەکە، وەك کۆمەڵەی عەرەبی بۆ زانستە سیاسییەکان، کۆمەڵەی عەرەبی مافەکانی مرۆڤ، کۆمەڵەی کاروبارە نێودەوڵەتییەکان کە بارەگاکەی لە عەممانە. بۆ شیکردنەوەی ئەو قۆناخەی ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا تێدەپەڕێت و بۆ باسکردن لەبارەی ئەگەرەکانی گۆڕانکاری لەم ناوچەیەداو تاوتوێکردنی ئەگەرەکانی گەیشتن بە چارەسەر بۆ ئاڵۆزییەکانی ئەم ناوچەیە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا سازکردو ئەویش بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی خستەڕوو.

## عەبدوڵا نەقراش، پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان بۆ گوڵان:

# کورد شایستەی ئەوەیە جۆرێک لە کیانی سیاسیی تایبەت بە خۆی هەبێت

*** هەروەك ئاشکرایە لە ئێستادا چەندین قەیران و شەڕ بەرۆکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان گرتووەو ناوچەکەیان بەرەو لێواری هەڵدێر بردووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێوە چۆن وەسفی بارودۆخی ئێستای ئەم ناوچەیە دەکەن؟**

- لەم ساتەوەختەدا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە حاڵەتێکی لاسەنگبووندا تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی دووبارە رێکبخرێتەوە، واتە بە مانای دروستبوونی هێزی ئیقلیمی و کۆمەڵایەتی لە شوێنە جیاوازەکاندا بۆ ئەوەی ناوچەکە بە شێوەیەکی جیاوازتر لە رابردوو رێکبخرێتەوە، ئەمەش بۆی هەیە چەند ساڵێك بخایەنێت و قەوارەگەلێکی دیکە دروست بن کە رەنگە جیاواز بن لەوانەی کە لەئێستادا لەئارادان، لەم ساتەوەختەشدا پێموایە ناکرێت گرەو لەسەر هێزە نێودەوڵەتییەکان بکرێت بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی گروپێکی دیاریکراو، چونکە لە کۆتاییدا هێزە نێودەوڵەتییەکان بڕیار لەو شتە دەدەن کە هاوسەنگی لە نێوانیاندا دروست

**ڕووسیا بۆتە هەڕەشە لەسەر سیستمی نێودەوڵەتی، بەڵام هێشتا لە قۆناغی نمایشکردنی هێزدایە و باش دەزانێت ناتوانێت لە زۆر ناوچەی دیکەی جیهاندا بڕیاری خۆی بسەپێنێت**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دووچاری قەیرانێکی ئەخلاقی بۆتەوە و دووچاری قەیرانی تێنەگەیشتن لە بارودۆخی ناوخۆیی ناوچە جیاوازەکانی جیهان بۆتەوە**

**چارەسەرەکە بریتییە لە دووبارە دارشتنەوەی سیستمی دەوڵەت لە ڕێی جەماوەرەوە، چونکە بە هیچ شێوەیەک نوخبە سیاسییەکانی ئێستا لەبارییاندا نییە دەوڵەت دروست بکەن**

دەکات و ئەوەی لە مەودای دووردا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان دەکات.

*** ئایا ئەم شرۆڤەکردنە جۆرێك لە گەشبینی پێوە دیارنییە، ئەگەر وایە هۆکاری ئەم گەشبینییە چییە؟**

- نا من بەو شێوەیە گەشبین نیم کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، بەڵکو من دەڵێم ناوچەکە دووبارە دادەڕێژدرێتەوە بەپێی پێدراوەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەو شێوەیەی کە خزمەت بە بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکات. لەبەر ئەوە زەحمەتە ئەوە قبووڵ بکرێت کە دۆخەکە وەك ئێستا بەردەوام بێت، هەروەها قورسە دۆخەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ باری ڕابردووی.

*** هۆکاری ئەو پشێوییەی بەسەر ناوچەکەدا باڵادەست بووە، بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا هۆکارەکە شکستی سیستمی دەوڵەتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یان هۆکاری دیکە هەن؟**

- ڕاستە هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ شکستی سیستمی دەوڵەت، بە مانای ئەوەی دەوڵەت وەك دامەزراوەیەکی سیاسی و یاسایی نە لە هزری ڕژێمەکان و نە لە هزری هاووڵاتیاندا جێگیر نەبووە. بەو پێیە بارودۆخەکە وەك خۆی، وەك بونیادە سەرەتاییەکە، ماوەتەوە. واتە ناسنامە لاوەکییەکان بە زەبری هێز و ناچارکردنی خرانەژێر گوشارەوە، لەگەڵ خاوبوونەوەی جڵەوی دەوڵەتیشدا ناسنامە لاوەکییەکان گوزارشیان لە خۆیان کردو داڕووخانی دەوڵەتی بە دوای خۆیدا هێنا. لەبەر ئەوەی دەوڵەتی هاوچەرخ دامەزراوەیەکی سیاسی و یاساییەو لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون دادەمەزرێت و هاووڵاتیبوونیش خۆی لە خۆیدا دامەزراوەیە، بەمانای ئەوەی هەر تاکەکەسێك بۆ خۆی دامەزراوەیەکەو ماف و ئەرکی هەیەو یەکەی بونیادی دەوڵەتی هاوچەرخە. دەوڵەتی هاوچەرخیش، دەوڵەتی عەشیرەتێك، یان خێڵێك نیە، یان نەتەوەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو دەوڵەتی هاووڵاتیانە، کەواتە سیستمی دەوڵەتی شکستی هێنا، بەو پێیە شکستی هێنا لە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم دەرهاویشتەکانی حاڵەتە کۆنەکەدا.

*** واتە پێتانوایە دەوڵەتەکانی ئەم ناوچەیە نەیانتوانی ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و لە ئاست بەرپرسیارێتییەکانیاندا بن؟**

- بەڵێ ئەمە ڕاستە، بگرە هەر نەیانتوانی خۆیان وەك دەوڵەت ڕێکبخەن.

*** ئایا پێتوایە چارەسەرەکە سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئەم سیستمانەیە، یاخود بە بۆچوونی ئێوە چارەسەرەکە لە چیدا چڕ دەبێتەوە؟**

- چارەسەرەکە بریتییە لە دووبارە دارشتنەوەی سیستمی دەوڵەت لە ڕێی جەماوەرەوە، چونکە بە هیچ شێوەیەك نوخبە سیاسییەکانی ئێستا لەبارییاندا نییە دەوڵەت دروست بکەن، لەبەر ئەوەی ئەم نوخبانە دیدگایەکی پڕ کەموکورتییان هەیە بۆ دەوڵەت و بە زۆر لە ڕوانگەی تێڕوانین و بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە ڕاڤەی دەوڵەت دەکەن. لەبەر ئەوە دەبێت بزاوتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جەماوەری هەبێت و سەرلەنوێ و لە بنکەوە تا لوتکە پرۆسە سیاسییەکە دابڕێژێتەوە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە لەبەریەکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە کرد، ئایا چارەسەرەکە گۆڕانکاری لە سنوورەکانی نێوان ئەم دەوڵەتانە و دروستبوونی دەوڵەتی نوێ لەخۆدەگرێت؟**

- من پشتیوانی ئەم چارەسەرە ناکەم، ئەگەرچی ئەمە ئەگەرێکە و لەئارادایە.

*** ئەگەر بێینەسەر باسکردنی بارودۆخی سووریا، کە ئێستا بە ڕەوتێکی خێرا پەرەسەندنەکان بەرەو هەڵکشان دەچن، بەتایبەتی کە گفتوگۆکانی نێوان ڕووسیا و ئەمەریکا هەڵپەسێردراون و ئاگربەستەکە شکستی هێناوە، ئایا دەکرێت بڵێین بارودۆخەکە بە چەشنێکە کە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگێکی جیهانی دیکە لەئارادایە؟**

- مەرج نییە جەنگێکی جیهانی بە مانا تەقلیدییەکەی بێت، ڕاستە چەند حاڵەتێك هەیە کە ڕەنگدانەوەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانە، بەڵام جەنگێکی جیهانی نییە بە مانای پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەی دوو بەرە یان دوو هاوپەیمانێتی.

*** ئایا دەکرێت بڵێین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دووچاری تەنگژەیەکی ئەخلاقی بۆتەوە، لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە بە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی خۆی هەڵبستێت بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ناوچەکە بەگشتی و سووریا بەتایبەتی، کە ئێستا دەرهاویشتەکانی لە جیهاندا هەستی پێدەکرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە وایە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دووچاری قەیرانێکی ئەخلاقی و قەیرانی تێنەگەیشتن لە بارودۆخی ناوخۆیی ناوچە جیاوازەکانی جیهان بۆتەوە، هەروەها ناتوانێت چارەسەری سیاسی بێنێتەئاراوە لەبەر ئەوەی تێڕوانینێکی تاکلایەنەی هەیەو بگرە

بەپێچەوانەوە تێڕوانینێکی زۆر سەرەتایی هەیە لەبارەی پێوەندییەکانی پەیوەست بە ناکۆکییەکانەوە لە جیهاندا.

*** بەم دواییە تورکیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستێوەردانی لە بارودۆخی سووریادا کرد، ئایا هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم هەنگاوەی تورکیا چییە؟**

- سەرەتا من لەو باوەڕەدا نیم کە تورکیا ئامانجێکی دوژمنکارانەو فراوانخوازی هەبێت. پێشتر تورکیا هەوڵی دەدا لە ڕێگەی هێزی نەرمەوە دەستڕۆیشتوویی خۆی پەرەپێبدات، بەڵام کاتێك بارودۆخەکە بەرەو قەیران چوو لە سووریادا، ئەوا تورکیا لە ناوخۆدا هەڕەشەی لەسەر دروست بوو. لەبەر ئەوە بەشداریکردنی عەمەلی تورکیا جۆرێکە لە بەرگری پێشوەختە بۆ پاراستنی بارودۆخی ناوخۆیی وڵاتەکەی. کەواتە وانییە تورکیا خوازیاری بەرفراوانکردن، یان بەردەوامیدان بێت بە دەستێوەردانەکەی. لەبەر ئەوە هەروەك وتم ئەمە جۆرێکە لە بەرگری پێشوەختە بۆ پاراستنی بارودۆخی ناوخۆیی وڵاتەکەی، بەتایبەتی کە ئەو وڵاتە دووچاری قەیرانی سیاسیی ناوخۆیی بووەو ڕووبەڕووی کودەتا بۆوە. کەواتە بە دیدی من تورکیا نیازی دوژمنکارانەی نییە لە ئاست دراوسێکانیدا هێندەی ئەوەی دەیەوێت بەرگری لەخۆی بکات، هەرچەندە ئەوە ڕاستە کە تورکیا خوازیاری ئەوە نییە سەربەخۆیی بە کورد بدرێت، یان پاداشتی ئەو کەسانە بکرێت کە مومارەسەی تیرۆر دەکەن لە ناوچەکەدا.

*** ئایا بۆچوونتان چییە لەسەر ئەو یاسایەی بەم دواییە لە کۆنگرێسی ئەمەریکا دەرچوو کە بە یاسای جاستا ناسراوەو پێتانوایە چ دەرئەجامێك بە دوای خۆیدا دەهێنێت؟**

- بە باوەڕی من ئەم یاسایە ڕاوکردنە لە ئاوی لێڵداو لە دەرئەنجامدا دەبێتەهۆی ئاڵۆزکردنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها ئەمە بەڵگەی هەستکردن بە دادپەروەری نییە لەلایەن کۆنگرێسی ئەمەریکاوە. بە هەمان شێوە ڕەنگە لە زۆر حاڵەتەدا سیحرەکە بەسەر خاوەن سیحرەکەشدا بشکێتەوە. خۆ ئەگەر گریمانەی ئەوە بکرێت کە لایەنگەلێك هەن پشتیوانی تیرۆر دەکەن و مەبەستەکەش سعودیە، یان هەر لایەنێکی دیکە بێت، ئەوا توانای ئەوە هەیە هەمان تۆمەت ئاراستەی خودی ئەمەریکا خۆی بکرێت، بەوەی پشتیوانی تیرۆری کردووە لە زۆر ناوچەی جیهاندا. لەبەر ئەوە پێموانییە دەرکردنی ئەم یاسایە ئاماژە بێت بە ژیرییەکی سیاسی.

*** لە ئێستادا کوردستان بە ئەمری واقیع دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، بەڵام ئایا ئەگەری ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی فەرمی دانی پێدابنرێت لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کوردستان بووە هێزێکی کاریگەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان؟**

- کورد متمانەی زۆری بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نییە لە پێوەندی بە دروستکردنی قەوارەیەکی کوردیی سەربەخۆوە، کە وەك دەوڵەتێك دابمەزرێت. لەبەر ئەوە بە مەزەندەی من باشترین شتێك کە کورد بتوانێت بەدەستی بهێنێت، بریتییە لە هێشتنەوەی بارودۆخی ئێستا، واتە وەك هەرێمێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بمێنێتەوە بە بێ ئەوەی تێوەبگلێن لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا. بە تێڕوانینی من کورد شایستەی ئەوەیە جۆرە قەوارەیەکی هەبێت، بەڵام ئەگەر هەوڵ بدەن قەوارەیەکی بەرفراوانتریان هەبێت، ئەوا مانای وایە خۆیان دووچاری تەنگژەیەك دەکەن کە هیچ پێویست ناکات خۆیانی تووش بکەن. چونکە کۆمەڵگەی نێوەدەوڵەتی جێی متمانە نییە بۆ ئەوەی هەمیشە بڕیار بدات لەبارەی ئەوەی کە چ شتێك لە بەرژەوەندی گەلاندایە.

*** ئایا پێتوایە لە ئێستادا ڕووسیا بۆتە هەڕەشەیەك لەسەر سیستمی نێودەوڵەتی بەتایبەتی کە ڕووسیا هەرێمی کریمیای داگیرکردو لە ئێستاشدا دەستێوەردانێکی زیاتر لە سووریادا دەکات؟**

- بەڵێ من پێموایە ڕووسیا بۆتە هەڕەشە لەسەر سیستمی نێودەوڵەتی، بەڵام هێشتا لە قۆناغی نمایشکردنی هێزدایە و باش دەزانێت ناتوانێت لە زۆر ناوچەی دیکەی جیهاندا بڕیاری خۆی بسەپێنێت، تەنانەت ئەگەر بتوانێت ئیرادەی خۆی لە سووریاشدا بسەپێنێت. کەواتە ڕاستە ڕۆڵی ڕووسیا گرنگە، بەڵام دەرهاویشتەکانی بینینی ڕۆڵێکی نێودەوڵەتی بەرفراوان زۆرن و لەو باوەڕەدا نیم ڕووسیا لە ئاست ئەم ئەرکەدا بێت، هەروەها ئەمە ناگونجێت لەگەڵ مامەڵەی سەرسەختانەی حکومەتی ڕووسیا، واتە حکومەتی ڕووسیا مرونەتی پێویستی نییە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو مامەڵە لەگەڵ پرسە جیاوازەکانی جیهاندا بکات.

**ناوچەکە دووبارە دادەڕێژدرێتەوە بەپێی پێدراوەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەو شێوەیەی کە خزمەت بە بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکات**

**دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و یاسایی نە لە هزری ڕژێمەکان و نە لە هزری هاووڵاتیاندا جێگیر نەبووە**




موسا ئەحمەد

جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ گوڵان:

# ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی بۆ گەیاندنی یارمەتی بە لێقەوماوان هێڵی سووری نییە

بوونی پترلە یەك ملیۆن و ٥٠٠ هەزار ئاوارەو پەناهەندە بارگرانییەکی زۆری لەسەر کوردستان دروست کردووە، بەڕادەیەك چی دیکە هەرێمی کوردستان توانای پێشوازیکردنی ئاوارەی دیکەی نەماوە، ئەمە لەکاتێکدا هەموو پێشبینی و ئەگەرەکان لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵدا باس لەهاتنی نزیکەی یەك ملیۆن ئاوارەی دیکە دەکەن. موسا ئەحمەد جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری گوڵاندا باس لە ڕەوشی ئاوارەو پەناهەندەو خۆئامادەکردنەکان دەکات، لێرەدا دەقی چاوپێکەوتنەکە بڵاودەکەینەوە.

*** گەورەترین بارقورسی کە لەسەر شانی هەرێمی کوردستان دروستبووە، بوونی ئەو هەموو ئاوارەیە کە روویانکردۆتە کوردستان، ئێوە وەك دەزگایەکی خێرخوازی کە لەسەرەتاوە کارتان هاوکاریی ئاوارەکان بووە، تەنانەت هاوکاریتان گەیاندۆتە دەرەوەی سنووری باشووری کوردستان و بردووتانە شاری وان و کۆبانێ، ئایا دەکرێت بزانین قورسایی ئاوارەکان لەسەر هەرێمی کوردستان چەندەو تا چ رادەیەك توانیوتانە هاوکاریی ئاوارەکان بکەن؟**

- دۆسێی ئاوارەو پەناهەندە بارگرانییەکی قورسی لەسەر شانی خەڵك و حکومەت و رێکخراوە مرۆییەکانیش دروستکردووە، بەتایبەتی لەهەرێمێکدا کە رێژەی لە ٣٠٪ی ئاوارە و پەناهەندە بێت، بەرادەیەك لەهەندێك شوێنی پارێزگای دهۆك ژمارەی ئاوارەکان زیاترە لە ژمارەی دانیشتووانەکەی، ئەمە لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان بەدۆخێکی سەختی قەیرانی داراییدا تێپەڕ دەبێت و پێشمەرگە لەشەڕێکی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆریستانن. لەگەڵ ئەمەشدا دۆخی ئاوارەو پەناهەندە بەراورد بە وڵاتانی تورکیاو لوبنان و ئوردن زۆر باشترە؛ ئەمە قسەی بەرپرسانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. بەمەش گەلی کورد لەبواری مرۆڤدۆستی و خێرخوازی ناوبانگی دەرکردووە، هەروەکو چۆن شانازی بەئازایەتی و گیانفیدایی پێشمەرگەوە دەکرێت، هەرواش شانازی بەمرۆڤدۆستی هەرێمێکەوە دەکرێت کە پێگەیەکە بۆ ئاشتی و پێکەوەژیانی هەموو نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان، هەر ئەمەشە وایکردووە لەهەموو ناوچەکەوە لێقەوماوان روو لەهەرێمی کوردستان بکەن. ئێمەش وەکو دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە٢٠١٢ـەوە پێشوازی لەئاوارەو پەناهەندەو لێقەوماوان دەکەین هەر لە ئاوارەکانی هاونیشتمانییانی کوردی رۆژهەڵات و باکوورو رۆژئاوا تاوەکو ئاوارەکانی کوردی ئێزیدی و ئاوارەکانی ناوخۆ، لەپێش ٢٠١٢ شەوە کاتێك هاونیشتمانییانی کوردی رۆژئاوا بەهۆی رێپێوانەکەی قامشلۆ ئاوارەبوون لەکەمپەکانی دۆمیزو باتێل پێشوازیمان لێکردن، دواتر ئاوارە بوونی ٤٠٠ هەزار کوردی رۆژئاوا دۆخەکەی زۆر ئاڵۆز و قورس کرد کە تا ئێستا ٢٦٠ هەزاریان لەکەمپەکانی دۆمیز لە دهۆك و باسرمەو قوشتەپەو دارەشەکران و کەورگۆسك لە هەولێرو عەربەت لە سلێمانی نیشتەجێن، لەگەڵ هاتنی داعش بۆ عێراق مەسەلەی ئاوارە بوون بووە دیاردەو وەکو کارەساتێك خۆی نیشاندا، خۆشبەختانە وەکو دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەهەوڵ و هیممەتی خەڵکی کوردستان و خێرخوازان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان توانیمان بەفریای ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەو پەناهەندە بکەوین و رێگە بگرین لەوەی کارەساتێکی مرۆیی رووبدات، گەرچی بوونی لە ٦٥٪ی ئاوارەکان لەدەرەوەی کەمپەکان کارەکانی ئێمەو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی قورس کردووە، چونکە زۆر لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان مامەڵە لەگەڵ ئاوارەو پەناهەندەی دەرەوەی کەمپەکان ناکەن.

*** دەزگای خێرخوازیی بارزانی چالاکییەکانی زۆر فراوان بووە، ئایا سەرچاوەی ئەم هاوکارییانە چۆن دابین دەکەن و لەسەر ئاستی رێکخراوە خێرخوازییەکانی جیهان تا چەند پێوەندی و هەماهەنگیتان هەیە؟**

- دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەناو جەرگەی رووداو و کارەساتەکاندا دروست بووە، لەو ماوە کەمەدا توانیومانە ببینە پردێکی پێوەندی بەهێز لەنێوان خێرخوازان و ئەو ئاوارەو پەناهەندانەی پێویستیان بەهاوکاری هەیە، بەمەش بووینەتە خاوەن ئەزموونێکی سەرکەوتوو لەناو رێکخراوە جیهانیەکاندا، ئەمڕۆ لەزۆربەی ئەو کۆنگرەو کۆنفرانسانەی لەدنیای دەرەوە سازدەکرێت، دەزگاکەمان بانگێشت دەکرێت و متمانەمان پێکراوەو پرس و ڕامان پێ دەکرێت. ئەمەشە وایکردووە رێکخراوە بیانییەکان پرۆتۆکۆل و رێککەوتنمان لەگەڵ واژوو بکەن. بۆ نموونە لەگەڵ رێکخراوی مانگی سووری ئیماراتی کە لە ٢١ وڵات کاری زۆر گەورە دەکەن، تەنانەت دەزگاکەمان بەباشترین دەزگا هەژمار کراوە لەناو ئەو دەزگاو رێکخراوانەی لەو وڵاتانەدا کاریان لەگەڵ دەکەن، لەرووی وڵاتانیشەوە نووسراوی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی کوێت هەیە کە داوا لە رێکخراوو دەزگاکانی وڵاتەکەیان دەکەن کار لەگەڵ دەزگای خێرخوازیی بارزانی بکەن کە توانیوێتی بیسەلمێنێت بەبێ جیاوازی بەباشترین شێوە کار بکات، لەئاستی رێکخراوەکانی یوئێنیشدا بووینە ئەندام لە ئیکۆسۆ کە ئەنجومەنێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی un، کە بەهۆی ئەم بوون بەئەندامە دەتوانین لە (ژنێف و نیویۆرك و ڤیەننا) ئۆفیسی تایبەتیمان هەبێت و کار لەسەر کەیسەکانی رابردووی کارەسات و رووداوەکانی کوردستان بکەین، ئەمەش وایکردووە

**ئێستا نەک تەنیا حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق چاویان لە رۆڵی دەزگای خێرخوازیی بارزانییە، بەڵکو ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی هاوپەیمانیش بۆ پلانی مرۆیی و فریاکەوتنی خەڵکی سڤیل چاویان لە رۆڵی دەزگاکەمانە**

**پێشبینی دەکرێت نزیکەی یەک ملیۆن ئاوارەی دیکە روو لەهەرێمی کوردستان بکەن کە بەپێی وتەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەمە کارەساتێکی مرۆیی گەورەیە و لەمێژووی رێکخراوەکەدا نەبووە لەماوەیەکی کەمدا ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک ئاوارە بێت**

**کەمپێکی دیکەمان وەکو ترانزێت بۆ پێشوازیکردنی ئاوارەکان دروست کردووە کە ئێستاکە رۆژانە پێشوازی لە ٧٠٠٠ کەس دەکات و فریاکەوتن و خزمەتگوزاری خێرایان پێشکەش دەکرێت**

**لەمەریوان و مەهابادو سەردەشت و نەغەدەو خانێ و شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی وەکو گروپ هاتوون و پێوەندییان بەئێمەوە کردووە بۆ بەشداریکرن لەگەیاندنی کۆمەک و هاوکارییەکان، تەنانەت لەوڵاتەکانی یەکێتی سۆڤیێتی پێشوو بەتایبەتی کوردەکانی ئەرمینیاو جورجیا کۆمەک و یارمەتییان هێناوە**

**ئومێدەوارین چی دیکە کوردستان پێویستی بە پرۆژەو هاوکاری ئێمە نەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین وەکو دەزگایەکی خێرخوازی جیهانی لەهەموو ئەو وڵاتانەی مرۆڤایەتی پێویستی بەهاوکاری هەیە، بچین یارمەتییان بدەین و پەیامە مرۆڤایەتییەکەی دەزگاکەمان بگەیەنین، ئەو پەیامەی کە لەسەر فکری بارزانی بونیادنراوە**

**پرۆژەی ئازیزان تەنیا بۆ منداڵانی بێ دایک و باوکەو خانەوادەی هەژارەکانیش هاوکارییان دەکەین، بەڵام لەدەرەوەی ئەم پرۆژەیە، ئێستا ژمارەی منداڵە ئازیزەکان ١٢ هەزار منداڵە**

کونسوڵخانەکانی کوردستان ڕێککەوتنی هاوبەشمان لەگەڵیاندا هەبێت و پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئەمەریکاو ئەوروپا و وڵاتانی دیکەی جیهانمان هەبێت، ئەم پێوەندییانەش ئەرکی ئاوارەکانی سووك کردووەو لەناو کەمپ و دەرەوەی کەمپەکان سەدان کاری خێرخوازی و مرۆیی ئەنجام بدەین.

*** ئێوە زۆر هاوکاربوون لەکاتی کارەساتی برایانی کوردی ئێزیدی، هەروەها هاوکاری ئەو گوندە عەرەبانەش بوون کە لەسەر دەستی پێشمەرگە لەدەستی تیرۆریستانی داعش ئازاد کرانەوە، ئایا دەکرێت بۆمانی باس بکەی تاچەند توانیوتانە هاوکاری ئێزیدییەکان بکەن لەچ ڕوانگەیەکیشەوە هاوکاری گوندە عەرەبنشینەکان بوون؟**

- دەزگای خێرخوازیی بارزانی وەکو ئەرکێك دەڕوانێتە شنگال و کارەساتی برا کوردە ئێزیدییەکانمان، نەك وەکو هاوکاری تەنانەت لەکاتی کەوتنەوەی کارەساتەکەشدا یەکەمین لایەن بووین بەهانای ئەوانەوە چووین لەسەر چیای شنگال بە هاوکاری هاوپەیمانەکان بە فڕۆکە هاوکاری و یارمەتیەکانمان گەیاندە خێزانەکانی سەر چیاکەو دوو کاروانی هاوکاریشمان لەڕێگەی کوردستانی ڕۆژئاواو گەیاندە ئەو خانەوادانە، لەم چالاکی و هاوکارییە فراوانەش بەردەوام دەبین تا ئەوکاتەی ئەو ئازیزانە پێویستیان پێمان بێت، هەروەکو چۆن پێش کارەساتەکەش هەر لەساڵی ٢٠٠٣وە لەکاتی ئازادکردنی شنگال و عێراق لەدەستی ڕژێمی بەعس دەزگای خێرخوازی بارزانی هاوکارییەکانی خۆی لەو ناوچانەدا پێشکەش بە برا ئێزیدییەکان کردووە، تەنانەت دروستکردنی یەکەمین بنکەی تەندروستی لەشنگال لەڕێگەی دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە بوو، قرتاسیەمان بۆ ٢٥ هەزار قوتابی قوتابخانە کوردییەکان دابین کردووە و رووماڵی هەموو پێداویستییەکانی ترمان کردوون. هاوکات لە چوارچێوەی گەورەترین پرۆژەی ئازیزان لە شنگال مانگانە هاوکاریمان دابەش کردووە بەسەر ٥٠٠ منداڵی ئازیزان ئەوانەی دایك و باوکیان لەدەستداوە، کاتێکیش کارەساتی شنگال دروست بوو، ڕاستەوخۆ لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆك بارزانی و بە چاودێری جەنابی کاك مسرور بارزانی هەموو توانایەکی خۆمان خستەکار بۆ هاوکاریکردنی برا ئێزیدییەکانمان. هەر لەم ڕۆژانەدا ٨ پرۆژەی ترمان کردەوە، تەنانەت پرۆژەی (ژیان)مان بۆ ٢٥٥٠ خانەوادەی سەر چیای شنگال هەیە کە هەریەکەو سێ ئەمپێری کارەبامان لەسەر خەرجی دەزگای خێرخوازی بارزانی دابین کردووە. سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەشتان کە تایبەتە بەهاوکاری ئاوارە عەرەبەکانی ئەو گوندانەی پێشمەرگە ئازادی کردوون، ئەوا بەتەئکید ئەوەی ڕێکخراوەکەی ئێمە لە زۆربەی ڕێکخراوە خێرخوازەکانی دیکە جیاواز دەکاتەوە، ئەوەیە هێڵی سوورمان نییە لە پێشکەشکردنی هاوکاری و یارمەتییەکان بۆ هەموو نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان، ئەوەتا زۆربەی ئەو عەرەبانەی ئاوارە بوون، ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کردووە ئێمە هاوکاری و یارمەتیەکانیان بەبێ جیاوازی بۆ دابین دەکەین. خاڵێکی دیکە گرنگی ڕێکخراوەکەمان خێرا بەهاناچوونی لێقەوماوەکان بووە، بۆ نموونە لە ٢٠١٤ لەکەمتر لە ٢٠ کاتژمێر خواردنی گەرممان دروستکرد لە ٤٥ ڕۆژدا ٩ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار وەجبەی خواردنمان بەسەر پەنابەرەکاندا دابەشکرد کە بووە جێگای سەرسوڕمانی یونامی عێراقی و WFP و ئاژانسە جیهانییەکان و بەژمارەیەکی پێوانەیی دانرا، چونکە پێشتر ئەزموونی پێشکەشکردنی خواردنی گەرم بۆ ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەر لەو ماوە کەمەدا بەهیچ شێوەیەك تاقی نەکرابووەوە.

*** باسی پڕۆژەی ئازیزانت کرد کە سەرپەرشتی و هاوکاری کۆمەڵێك منداڵی بێ دایك و باوك و تەنانەت خێزانیش دەکەن، ئایا ژمارەی ئەو منداڵ و خێزانانە چەندە و شێوازی یارمەتیدانتان چۆنە؟**

- پڕۆژەی ئازیزان تەنیا بۆ منداڵانی بێ دایك و باوکەو خانەوادەی هەژارەکانیش هاوکارییان دەکەین، بەڵام لەدەرەوەی ئەم پڕۆژەیە، ئێستا ژمارەی منداڵە ئازیزەکان ١٢ هەزار منداڵە، تەنانەت پلان و بەرنامەی تایبەتمان داناوە بۆ ئەوەی تا کۆتایی ئەمساڵ ئەم ژمارەیە بگەیەنینە ١٦ هەزار منداڵ کە لەڕێگەی دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە سوودمەند دەبن، لە ساڵی ٢٠١١ و لە کاتی کردنەوەی پرۆژەکەدا جەنابی مسرور بارزانی ئامادەی بوو لەوێدا داوای لەدەوڵەمەندو سەرمایەدارانی کوردستان کرد پاڵپشتی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بکەن بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەکە، ئەمەش وایکرد تا ئێستاش بەردەوام بین، وێڕای ئەو قەیرانە داراییەی دووچاری هەرێمی کوردستان بووە .

*** وەکو ئاگادارین کاروچالاکیی ئێوە هەندێك ناوچەی عێراقیشی لەناوەڕاست و باشوور گرتۆتەوە،**

**ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە دەزگاکەتان بێ سنوورەو هاوکاری بۆ هەموو ناوچەو شوێنێك دەگەیەنێت؟**

- ئومێدەوارین چی دیکە کوردستان پێویستی بە پرۆژەو هاوکاری ئێمە نەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین وەکو دەزگایەکی خێرخوازی جیهانی لەهەموو ئەو وڵاتانەی مرۆڤایەتی پێویستی بەهاوکاری هەیە، بچین یارمەتییان بدەین و پەیامە مرۆڤایەتییەکەی دەزگاکەمان بگەیەنین، ئەو پەیامەی کە لەسەر فکری بارزانی بونیادنراوە، هەروەکو چۆن بارزانی فەرموویەتی: «بۆ مرۆڤ شانازییە خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت.» دەمانەوێت وەکو چۆن بارزانی وەکو قارەمانێکی نەتەوایەتی و سمبولی ئازادی ناوبانگی دەرکردووە هاوکات لەهەموو جیهانی ئازادی و پێکەوەژیان مرۆڤایەتی شانازی بەدەزگاکەی و میللەتەکەی بکات، گەیاندنی ئەم پەیامە بە پشتگیری و هاوکاری ئەو خەڵکانەی یارمەتیمان دەدات بەردەوام دەبین و سنوورەکان زیاتر تێدەپەڕێنین، کاتێکیش کوردەکانی رۆژئاوا چوونە وڵاتی تورکیا یەکەمین داواکارییان پێش ئەوەی پەنا بۆ رێکخراوی یوئێن بەرن، ئەوە بوو داوای هاوکاری و یارمەتی دەزگای خێرخوازیی بارزانییان کرد، کاتێکیش بوومەلەرزەکەی شاری وان روویدا، خەڵکی ئەو شارە چەند هاوکارییەکانی کوردەکانی باشوورییان پێ خۆش بوو، کاتێك دەزگای خێرخوازی بارزانی گەیشتە ئەو شارەو یارمەتی و هاوکاری کردن و کەسێك هەیە بەزمانی ئەوان و ناخی ئەوان دەدوێت، ئەم دیمەنە لەکۆبانێش دووبارە بۆوە، بەرپرسانی وڵاتی تورکیا ئاماژەیان بەوە کرد یەکەمین رێکخراو لەئاستی ناوخۆیی و جیهانی دەزگای بارزانی بوو سنوورەکانی تورکیاو سووریای تێپەڕاندوو گەیشتە ناو خەڵکی کۆبانێ، لەمەریوان و مەهابادو سەردەشت و نەغەدەو خانێ و شارەکانی تری رۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی وەکو گروپ هاتوون پێوەندییان بەئێمەوە کردووە بۆ بەشداریکرن لەگەیاندنی کۆمەك و هاوکارییەکان، تەنانەت لەوڵاتەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو بەتایبەتی کوردەکانی ئەرمینیاو جورجیا هاتوون کۆمەك و یارمەتییان هێناوە وەکو نموونەی زەلیم خان کەسایەتی دیاری ڕوسیایەو کوردی جورجیایە هاوکاری هێناوەو لەرێگەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەشداری لە کاری خێرخوازی کردووە.

*** لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی شاری موسڵ ژمارەی ئاوارەکان کە روو لەهەرێمی کوردستان دەکات، دەستی پێکردووە، تەنانەت باس لەوە دەکرێت ئەگەری هاتنی شاڵاوێکی گەورەی ئاوارەی عەرەبی سوننە دەکرێت، ئایا خۆئامادەکارییەکانی دەزگاکەتان چۆنە؟**

- لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی شاری موسڵ هەوڵەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و عێراق و نێودەوڵەتیمان چڕتر کردۆتەوە، لەناوخۆدا پێوەندیمان لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم باشەو لەعێراقیش کۆبوونەوەمان لەگەڵ رێکخراوی مانگی سووری عێراقی بەتایبەتی لەگەڵ بەرپرسی ئۆفیسەکەیان لەهەولێر ئەنجام داوە، تەنانەت لەگەڵ ئاژانسەکانی UNHCR -WFP و ژمارەیەکی تری رێکخراوەکان هەیە و پلانی تایبەت بەخۆمان و پلانی هاوبەشیشمان هەیە، ئەوەتا کەمپی دیبەگە لەرێگەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەهاوکاری پارێزگای هەولێر سەرپەرشتی دەکرێت، تەنانەت کەمپێکی دیکەمان وەکو ترانزێت بۆ پێشوازیکردنی ئاوارەکان دروست کردووە کە ئێستاکە رۆژانە پێشوازی لە ٧٠٠٠ کەس دەکات و فریاکەوتن و خزمەتگوزاری خێرایان پێشکەش دەکرێت. بۆ ئاوارەکانی شاری موسڵیش دوای ئازادکردنی گەیارەو شەرگات گۆڕانکاری بەسەر پلانی خۆئامادەکردن لەپێشوازی ئاوارەکان هاتووە، کە لە مەخموور- بەردەڕەش، زەممار، رێگای شنگال – حەسەکەی سووریا، شێخان، حەسەن شام) پێشبینی دەکرێت نزیکەی یەك ملیۆن ئاوارەی دیکە روو لەهەرێمی کوردستان بکەن کە بەپێی وتەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەمە کارەساتێکی مرۆیی گەورەیە و لەمێژووی رێکخراوەکەدا نەبووە لەماوەیەکی کەمدا ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك ئاوارە بێت، ئەم پێشبینیانەش رادەوەستێتە سەر شێوازی پلانەکەو چۆنیەتی بەڕێوەچوونی شەڕەکە ئەگەر خێرا بێت لە ماوەیەکی کەمدا ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك ئاوارە دەبێت، ئەگەر پلانی شەڕەکە لەسەرخۆ بێت، ئەو رێژەیە کەم کەم روو لەهەرێمی کوردستان دەکەن و باشتر دەتوانرێت پێشوازی لەو ژمارە زۆرەی ئاوارە بکرێت، ئێستا نەك تەنیا حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق چاویان لە رۆڵی دەزگای خێرخوازیی بارزانییە، بەڵکو ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی هاوپەیمانیش بۆ پلانی مرۆیی و فریاکەوتنی خەڵکی سڤیل چاویان لە ڕۆڵی دەزگاکەمانە.

**خاڵێکی دیکە گرنگی رێکخراوەکەمان خێرا بەهاناچوونی لێقەوماوەکان بووە، بۆ نموونە لە ٢٠١٤ لەکەمتر لە ٢٠ کاتژمێر خواردنی گەرممان دروستکرد لە ٤٥ رۆژدا ٩ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار وەجبەی خواردنمان بەسەر پەنابەرەکاندا دابەشکرد کە بووە جێگای سەرسوڕمانی یونامی عێراقی و WFP و ئاژانسە جیهانییەکان و بەژمارەیەکی پێوانەیی دانرا**

**دەزگای خێرخوازیی بارزانی وەکو ئەرکێک دەڕوانێتە شنگال و کارەساتی برا کوردە ئێزیدییەکانمان، نەک وەکو هاوکاری تەنانەت لەکاتی کەوتنەوەی کارەساتەکەشدا یەکەمین لایەن بووین بەهانای ئەوانەوە چووین**

**گەلی کورد لەبواری مرۆڤدۆستی و خێرخوازی ناوبانگی دەرکردووە، هەروەکو چۆن شانازی بەئازایەتی و گیانفیدایی پێشمەرگەوە دەکرێت، هەرواش شانازی بەمرۆڤدۆستی هەرێمێکەوە دەکرێت کە پێگەیەکە بۆ ئاشتی و پێکەوەژیانی هەموو نەتەووە ئایین و ئایینزاکان**



# کانزای خاوی ئاسن لە هەرێمی کوردستان



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گولان ئامادەی کردووە

ئاسن لە سرووشتدا لە شێوەی خاوو لە چەند جۆرێکدا هەیە، دیارترینیان (کانزای میگناتیت، هیماتیت، جیوسایت، لیمونایت، سیدرایت، بایرایت) کانزای خاوی ئاسن کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ئەم رێژە ئاسنانەیان بە ریزبەندیی تێدایە( ٧٢٪،٦٩٪،٦٢٪،٦٢٪، ٤٨٪ و ٤٦٪).

**• جیۆلۆجیی بوونی کانزای خاوی ئاسن لە جیهان و هەرێمی کوردستاندا:**

کانزای خاوی ئاسن بە شێوەیەکی زۆر لە بەردە نیشتەنییەکاندا بەر لە چاخی پێش کامبری هەبووە، ئەم کانزا خاوانە هەر لەو بەردە نیشتەنییانەشدا هەن کە لە چاخی (بالیۆزۆی و میزۆزۆی) نیشتوونە، وێڕای هەندێکیان بە بەردەئاگرینەکانەوە نووساون کە زۆرجار لە ناوچەکانی گۆڕانکاریی میتامۆرفزمیدا نزیکن لە بەردە میتامۆرفزم — بەردە گۆڕاوەکان).

**• کانزای خاوی ئاسن لە هەرێمی کوردستاندا:**

کانزای خاوی ئاسن بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا لە (بەردە نیشتەنییەکان، ناوچەکانی گۆڕانکاریی میتامۆرفزمیداو بەردە گۆڕاوەکان و ناوچە مکاماتییەکان- ئاگریندا) هەیە کە بە ناوچەکانی چالاکیی تەکتۆنیی جیۆلۆجی و ناوچە کشاوەکان ناسراون. کانزای خاوی ئاسن لە هەرێمی کوردستاندا لە ناوچەی کشاو- ناوچەی لێژدا هەیە کە بەردەئاگر و بەردە گۆڕاوەکانی تێدایە یان لە ناوچەی تێکەڵبوونی ناوچەی کشاوو ناوچەی پێچی بەرز لە باکوور. زۆربەی کانزای خاو لەنێو پێکهاتەو چینەکاندا هەن کە شوێنەواری هەندێکیان لەسەر زەوی دەردەکەوێت، بەتایبەتیش لە چینەکانی سەرەوەی پێکهاتە چەماوەکانی جیۆلۆجی (زنجیرە چیا بەرزەکان)، توێژینەوەکان دەریدەخەن کە کانزای

ئاسن لە پارێزگاکانی هەولێرو دهۆك و سلێمانیدا هەیە. کانزای خاوی ئاسن لە پارێزگای دهۆك: گوندی بناڤیێ.

گوندی بناڤیێ بە ٢٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری شارۆچکەی ئامێدی-یەوە و بە ٦ کیلۆمەتریش لە شارەدێی کانی ماسی-یەوە دوورە، کانزای خاوی ئاسن لە سنووری پێچی چیاکاندا هەیە کە رووبەڕووی چینەکانی چاخی میزۆزۆی لەسەر زەوی دەبێتەوە، کانزای خاوی ئاسن لە چینەکانی چاخی جۆراسی و چاخی تەباشیری هەیە و لە بەردە ئاگرییە زەردو سەوزەکاندا دەردەکەوێت کە جۆرەکانی (هیماتیت و لیمونایت و جیوسایت)یان تێدایە. رێژەی کانزای خاوی هیماتایت بە (١٧-٢٦٪)ی قەبارەی چینەکانی بەرد مەزندە دەکرێت، درێژیی پێکهاتەکانی کە کانزای خاوی ئاسنی تێدایە بە ٢,٢ کیلۆمەتر مەزندە دەکرێت، لەبەر رۆشنایی ئەو رووبەرەی کە ئەو کانزا خاوەی ئاسنی تێدایە قەبارەی یەدەگی ئاسن لە گوندی بناڤیێ بە نزیکەی (١٥-٢٠ ملیۆن تەن)مەزندە دەکرێت کە بەهای ئابووری لە ئێستادا بە (٠,٢٥٠- ٧٠٠)ملیار دۆلار دەخەملێنرێت.

وا چاوەڕوان دەکرێت کە قەبارەی یەدەگی کانزای خاوی ئاسن لە گوندی بناڤیێ زیاد بکات دوای ئەنجامدانی دیراسەیەکی جیۆلۆجی و جیۆ فیزیایی و جیۆکیمیایی کە بە هۆیەوە رووبەری پێکهاتەی چینەکانی درێژبووەوەی ژێر زەوی دیاردەکرێت، لەبەر رۆشنایی ئەمەشدا رێژەی کانزای خاوی ئاسن لەو چینە پێکهاتانەدا دەستنیشان دەکرێت و چاکترین شوێنیش دیاردەکرێت تاکو ببێتە کوڵخانی ئاسن و دواتر لە ئابووریدا سوودی لێوەربگیرێت.

● **کانزای خاوی ئاسن لەسەرگوێزی**

کانزا لەسەرگوێزی لە پێکهاتەی کوراسیندا هەیە کە لە چاخی ترباسی پەیدا بووە، ئەم پێکهاتەیە کانزای باراتی لەگەڵ زەنك وقوڕقوشم لەخۆدەگرێت، کانزای بایرایت لەسەر زەوی بەئاسن بووە و بۆتە کانزای جیوسایت و لیمونادیت، کانزای خاوی ئاسن لە شێوەی گرێی نیشتووو لە پێکهاتەی کوراشیندا دەردەکەوێت، بۆیە ئەو گرێیانە بە قووڵایی زەویدا درێژدەبنەوەو کانزای ئاسنی بە رێژەی ٣٠-٥٠٪ی قەبارەی گرێیەکانی کانزای خاوی ئاسنی تێدایە، هەر لەبەر ئەوە قەبارەی کانزای خاوی ئاسن بە نزیکەی (٣-٤ ملیۆن تەن) ئاسن مەزندە دەکرێت، بەها ئابوورییەکەی لەئێستادا بە (١-١,٤) ملیار دۆلار دەخەملێنرێت.

شایانی باسە کانزای خاوی ئاسن لە پێکهاتە و چینەکانی دیکەدا تا ئێستا توێژینەوەیان بۆ نەکراوە بە مەبەستی دۆزینەوەی سوودی ئابووری ئەو کانزایانە بە ناوی پێکهاتەکانی (میرکا میر شرانش، کولوش، ئەلبیلاسبی) بوونی هەیە.

● **کانزای خاوی ئاسن لە پارێزگای هەولێر:**

کانزای خاوی ئاسن لە ناوچەی دەربەند: ناوچەی دەربەند بە دووری ١٠ کم دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای شارەدێی گەڵاڵەوە لەو ناوچەیەی کە بەردەئاگرین و گۆڕدراوو نیشتەنی لەخۆدەگرێت، بەردە ئاگرینەکان لە ئەنجامی دەرچوونیان لەسەر بەردە کاربۆنییەکان و کۆنکلۆمیراتی چاخی جیۆلۆجیی ئەیۆسین پەیدابوونە، کانزای خاوی ئاسن لە شێوەی (بلۆکی پەرشوبڵاودا لە سنووری پێکهاتە جیۆلۆجییەکان دەردەکەون کە بە کاریگەریی چالاکیی گڕکان و هێزی ئاگرەوە هاتوونەتە ئاراوە، کانزای خاوی ئاسن لە ناوچەی دەربەند بە شێوەی خاوی مکماتیت- هیماتیت) هەیە کە ئەم رێژە ئاسنەی تێدایە٣٩,٧٪ کە ٢٩٪ی ئاسنە، هەروەها کانزای خاوی( سلیکات هیماتیت نزیکەی ٢٦٪ کە ٤١٪ی ئاسنە.

زۆر زەحمەتە قەبارەی یەدەگی کانزای خاوی ئاسن لە ناوچەی دەربەند دیاری بکرێت، چونکە ئەو پێکهاتانەی ئاسنیان تێدایە پەرشوبڵاون و قووڵاییەکی زۆریشیان لە زەویدا هەیە، لەبەر بوونی بەردە ئاگرینی سربنتین کە زۆر بە خێرایی لە قووڵاییەوە دەردەپەڕن بە درێژایی کەلێن و درزەکانی ناوچە کشاوەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەو بارودۆخە جیۆلۆجییە ژینگەگەلی گونجاو لە پێکهێنانی کانزای گرانبەها درووست دەکەن وەك (زێرو ئەڵماس).

● **کانزای خاوی ئاسن لە پارێزگای سلێمانی:**

کانزای خاوی ئاسن لە ناوچەی ئاسناوە: کانزای خاوی ئاسن لە پێکهاتە جیۆلۆجییەکانی درووستبووی چاخی تەباشیریی باڵاو چاخی بالیۆجیندا هەیە کە کەوتۆتە نێوان ناوچەی

**کانزای خاوی ئاسن بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا لە (بەردە نیشتەنییەکان، ناوچەکانی گۆڕانکاریی میتامۆرفزمیداو بەردە گۆڕاوەکان و ناوچە مکماتییەکان- ئاگریندا هەیە**

**قەبارەی یەدەگیی ئاسن لە هەرێمی کوردستان بە ٢٢-٢٨ ملیۆن تەن و بەهای کانزای خاوی ئاسنیش بە ٧,٦٥٠- ٩,٨ ملیار دۆلار مەزەندەدەکرێت**

کشاوو کاریگەر لە دەرپەڕینی بەردە ئاگرینەکان لە بۆشاییدا لە جۆری بەردەئاگرینی دایورایت کە بۆتە هۆی هێنانەکایەی هەلومەرجێکی جیۆلۆجی و ژینگەیەکی گونجاو کە بە درێژایی ٤٠٠-٥٠٠ مەتر لە بەردە ئاگرینەکانی جۆری دایۆریتی قەبارە نارێکدا دەکشێت. ناوچەکانی بوونی کانزای خاوی ئاسن بەسەر دوو پشتێنەدا دابەش دەبن( باکوور و باشوور)، درێژیی پشتێنەی باشووری کانزای خاوی ئاسن ٤٠٠ مەترەو ئەستوورییەکەشی ١٣ مەترە، لاریی چینەکان کە ئاسنیان تێدایە نزیکەی ٥٠-٧٠ پلەیە، کانزای خاوی ئاسن لە پشتێنەی باشوور لە شێوەی خاوی مکناتیت هەیە لەگەڵ کانزاکانی (بایرایت، بایرۆهیتایت، جالکۆبایرایت،ئەرسنۆباریرایت) رێژەی ئاسنی بە نزیکەی ٤٠٪ی تێدا مەزەندە دەکرێت.

کانزای خاوی ئاسن لە پشتێنەی باکووردا بەشێوەی مکناتیت هەیە، ئەستووریی چینەکانی هەڵگری کانزای ئاسن نزیکەی ٢٧٠مەتر درێژییەتی و بە ئەستووریی ١١ مەترو قووڵایی ٢٠٠ مەترکە ٤٠ تەن ئاسنی تێدایە، لەبەر ئەوە قەبارەی یەدەگی چاوەڕوانکراوی کانزای ئاسن بە ٤ ملیۆن تەن مەزەندە دەکرێت و بەها ئابوورییەکەی نزیکەی ١,٤ملیار دۆلارە.

**● کانزای ئاسن لە ناوچەی میشاو:**

ناوچەی میشاو بە ٣٨ کم دەکەوێتە دووریی باکووری رۆژهەڵاتی ناوچەی ئاسناوا. کانزای خاوی ئاسن لە پێکهاتەکانیدایە کە لە چاخی بالیوجین (بەردە گڕکانییەکان و چینەکانی بەردە نیشتەنییەکان کە بە کۆمەڵەی واڵش ناسراوە) پەیدا بووە، کانزاکە لە نۆ پشتێنەدا هەیە لە کانزای خاوی( مکناتیت- هیماتیت) کە بە بەردە ئاگرینەکانەوە بەستراوەتەوە لە جۆری بەردی ئەندیزایت، قەبارەی شەش پشتێنەی ئاسن بە نزیکەی ٢٠-٥٠ مەتر درێژیی و ئەستووریی ٤-٥ مەتر مەزەندە دەکرێت، هەروەها قەبارەی هەر سێ پشتێنە گەورەکەی کانزای ئاسن لەنێوان ١٠٠-٣٠٠ مەترو ئەستووریی٢-١٨ مەتر مەزەندە دەکرێت، رێژەی ئاسن لەم پشتێنانەدا دیاری نەکراوەو قەبارەی یەدەگی ئاسنیش نەزانراوە و رێژەی ئاسن و سوودی ئابوورییشی دیاری نەکراوە.

**● کانزای خاوی ئاسن لە پێنجوێن:**

کانزای خاوی ئاسن لە شێوەی بارستەی پەرش و بڵاوو شێوەنارێك لە پێکهاتەکانی بەردە ماکماتیزکمییەکاندا هەیە (لە بەردی سربنتین لە جۆری بەردە ئاگرینەکان) ئەم کانزایە لەگەڵ کانزای خاوی کرۆمیتدا هەیە، تا ئێستا قەبارەی پێکهاتەی کانزا خاوەکەی ئاسن و رێژەکەی دیاری نەکراوە.

**● کانزای خاوی ئاسن لە ناوچەی ماریاستا:**

کانزای خاوی ئاسن لە شێوەی بارستەی گەورەدایە (بارستەی بەردە ئاگرینە مکماتیزمییەکان) بە دووری ٢٥ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی قەڵادزێ لە سنووری (پێکهاتەی کۆمەڵەی شلێر) کە زەنك وقورقوشمی تێدایە، تا ئێستا توێژینەوەی تەواو دەربارەی تایبەتمەندییەکانی جیۆلۆجی و تەکتۆنی و رێژەی ئاسن و سوودی ئابووریی لەو ناوچەیە ئەنجام نەدراوە.

**● ئەو تەحەدییانەی رووبەڕووی پەرەپێدانی سامانەکانی کانزا دەبنەوە:**

شارەزایی جیهانی لە پەرەپێدانی سامانەکانی کانزا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نەخشەی سیاسەتی چالاکیی کانزاکردن لە هەر وڵاتێکی جیهاندا پێویستی بە زانیاریی زانستیی سامان سرووشتییەکان هەیە تاکو نەخشەکە لەگەڵیدا رێك بکەوێت و راستییە بابەتییەکانی تێدا بێت دوور لە گریمانەکان، بۆیە پێویستە لە کاتی نەخشەدانانی چالاکیی کانزاکردن ئەمانە رەچاو بکرێت:

١. پرۆژەکانی کانزاکردن کە سەرەڕۆیی دارایی لەگەڵدا دەبێت، هەر لە تێچووی توێژینەوەکانی جیۆلۆجی تا دەگاتە تێچووی دەرهێنانی کانزا خاوەکان و ناردنیان بۆ بازاڕ یان بۆ قۆناغەکانی درووستکردن.

٢. پێویستیی پرۆژەکانی کانزاکردن بە وەبەرهێنان کە لە پێویستیی هەر پرۆژەگەلێکی دیکە زیاترە، بەتایبەتیش لەو حاڵەتانەی کە بنکەو بنچینە بنەڕەتییەکانی پێگەی جوگرافی و کەشوهەواو ژینگە و ئەمنیی ناوچەکە سەقامگیر نەبێت کە ئەو سامانە سرووشتییانەی تێدایە بەتایبەتیش ئاسن.

٣. کانزاکردن یەکێکە لەو پیشەسازییانەی کە ناکرێ هەموو شارەزاییەکی بگوازرێتەوە لە هەر

**شارەزایی جیهانی لە پەرەپێدانی سامانەکانی کانزا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نەخشەی سیاسەتی چالاکیی کانزاکردن لە هەر وڵاتێکی جیهاندا پێویستی بە زانیاریی زانستیی سامان سرووشتییەکان هەیە**

سەرچاوەیەکی زانستییەوە بێت، چونکە یەك هەلومەرجی پێکهاتە و سیمای سرووشتی و کیمیایی و ژینگەیی بوونی نییە، هەر کوڵخانێك دۆخێکی تایبەتی هەیە، ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە پێویستە پەرەپێدانی شارەزایی ناوخۆیی هەبێت لەگەڵ سوودوەرگرتن لە پەرەپێدانی زانستی و تەکنەلۆجی.

٤. یەدەگی کانزا خاوەکانی جیهان کەمە، بۆیە پێویستە بڕی لەدەستچوو لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و دەرهێنانی کانزاکان کەم بکرێتەوە، ئەویش بە دانانی پلان و سیستەمێك بۆ ئەوەی سامانە کانزاییەکان بە تەواوی سوودیان لێ وەربگیرێت.

**● چارەسەر و پێشنیار**

١. سوود وەرگرتن لە شارەزایی جیهانی لە بواری پیشەسازیی ئاسن کە بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت، هەر قۆناغێك بە جۆرێك کەرەستەو بنەمای تەکنەلۆجییەوە پەیوەستە کە لە بەرهەمهێنان و پێداویستیی بازاڕ بەکاردەهێنرێت.

٢. قۆناغی یەکەم لە پیشەسازیی ئاسن بریتییە لە پشتبەستن بە ئەو وردوخاشەی لە شوێنەواری شەڕدەستدەکەوێت ئەویش بە بەکارهێنانی فرنی کراوە و فرنی کەوانەی کارەبایی لە ئامێری بەرهەمهێنانی شیشی کۆنکریتی، بەرهەمهێنانی پیشەسازیی ئاسن لە هەرێمی کوردستان بەم قۆناغەدا تێدەپەڕێت، بەڵام قەبارەی وردە دیارو مسۆگەر نییە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. بۆیە پێویستە ئامادەسازیی بکرێت و قۆناغی دووەم پەیڕەوبکرێت کە بریتییە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئاسن و پۆلا و دواتر بکرێتە کۆمەڵگەیەکی قەبەیی پیشەسازییە قورسەکان.

٣. بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای جیاکردنەوەی راستەوخۆ فرنە کارەباییەکان لە رێگەی بەکارهێنانی غازی سرووشتی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە لە بواری پیشەسازییە جۆراوجۆرەکان لەوانەش پیشەسازیی ئاسن، ئەمەش قەبارەی بەرهەم زیاددەکات و پێداویستیی بازاڕی ناوخۆ پڕدەکاتەوە.

٤. لەپێناو بەردەوامدان و پەرەپێدانی بەرهەمی ئاسن لە هەرێم کە لەئێستادا پشت بە قۆناغی یەکەم دەبەستێت، پێویستە پەلەبکرێ لە توێژینەوەی کانزای خاوی ئاسن لە هەرێم، چونکە هەڵسەنگاندنی جیۆلۆجی تێروانینێکی زانستی دێنێتە ئاراوەو یەدەگی کانزای خاوی ئاسن لە هەرێم دەست نیشان دەکات. ئەم مەترسییە زۆر گرنگە و ئەنجامدانیشی لەمانەدا بەرجەستە دەبێت:

(١- دەرکردنی یاسای کانزاکردن و کوڵخانەکانی کانزا. ٢- تەرکیزکردنی توێژینەوە زانستییەکان لەسەر کانزاکان لە هەرێمدا. چاکتریش وایە پەیمانگایەکی سامانە سرووشتییەکان دابمەزرێت بۆ دیراسەکردن و هەڵسەنگاندنی قەبارەی یەدەگی سامانە سرووشتییەکان و سوودی ئابووری و وەبەرهێنانیان لە هەرێمی کوردستان).

٥. کاراکردنی رۆڵی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی رووپێوی جیۆلۆجی و بەیاساکردن و رێکخستنیان وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ بەناوی (دەزگای گشتیی رووپێوی جیۆلۆجی).

٦. نابێت یاسادانان و پلاندانان لە بواری پەرەپێدانی سامانی کانزایی لە هەرێمی کوردستاندا ئەو تەحەددییانە پشتگوێ بخەن کە رووبەڕووی پیشەسسازیی کانزاکردن دەبێتەوە. هەروەها پێویستە پشت ببەستێت بە پێویستیی بەڕێوەبردنێکی هۆشیارانەی سامانە سرووشتییەکان و دیاریکردنی رۆڵی دەوڵەت (هەرێم) لەم بوارەدا، هاوکات سوودو خزمەتگوزارییەکان مسۆگەربکات کە مەفای ئابووریی تێدایە، هاوکات ئاشتیی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بەدی دێنێت.

٧. بەدیهێنانی ناوەڕۆکی ئەو بڕگانەی سەرەوە دەبێتە هۆی پەرەپێدان و بنیاتنانی ژێرخانی هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە سامانە ناوخۆییەکان، هەروەها لە جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی ئابووریی نەتەوەیی و نیشتمانیی هەرێم و دواتر پاراستنی ئاسایشی ئابووری و نەتەوەیی بۆ گەل و وڵاتمان دابین دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ فراوانبوونی رووبەری سەربەخۆبوون لە گرتنەبەری هەر بڕیارێك بە ئاراستەی ئامانجە رەواکانی گەلی کوردستان. دوای هەموو ئەو خاڵانەی خرانەڕوو دەتوانین بڵێین کە قەبارەی یەدەگیی ئاسن لە هەرێمی کوردستان بە ٢٢-٢٨ ملیۆن تەن و بەهای کانزای خاوی ئاسنیش بە ٧,٦٥٠- ٩,٨ ملیار دۆلار مەزندەدەکرێت.

**زۆر زەحمەتە قەبارەی یەدەگی کانزای خاوی ئاسن لە ناوچەی دەربەند دیاری بکرێت، چونکە ئەو پێکهاتانەی ئاسنیان تێدایە پەرشوبڵاون و قووڵاییەکی زۆریشیان لە زەویدا هەیە**

**پێویستە بڕی لەدەستچوو لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و دەرهێنانی کانزاکان کەم بکرێتەوە، ئەویش بە دانانی پلان و سیستەمێک بۆ ئەوەی سامانە کانزاییەکان بە تەواوی سوودیان لێ وەربگیرێت**

* راوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان